# رەخنە

**فازیل شەوڕۆ**

## دوو لێکۆڵینەوەی رەخنەی ئەدەبی

- **نامۆیی مۆتیڤێکی شاراوەی داهێنانە (شێرکۆ بێکەس و پابلۆنیرودا) وەك دوو نموونە**
- **(نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت)ی (ئارامساڵح)**

٢٠١٣

**ناوی کتێب:   دوو  لێکۆڵینەوەی  ئەدەبی.**

**بابەت : ڕەخنە.**

**نووسینی:  فازیل شەوڕۆ.**

***وەرگێرانی شیعرەکانی (پابلۆ نیرودا) لە زمانی ئینگلیزییەوە:* نووسەر.**

**دیزاین:  نووسەر.**

**تیراژ:  (٥٠٠)**

# ئاوێتە کردنی ڕەخنەیەک لەگەڵ

## دوو ڕەخنەی ئەدەبیی تردا

د.کەمال غەمبار

دوو ڕەخنەی ئەدەبی، یان بڵێین دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کە مامۆستا (فازیل شەوڕۆ) نووسیویەتی، یەکەمیان بە ناوی نامۆیی مۆتێڤیکی شاراوەی داهێنان (شێرکۆ بێکەس و پابلۆ نیرۆدا) کە بەراوردی نێوان هەردوو شاعیر دەکات .

دووەمیان (نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت)ی (ئارام ساڵح)ە

کە من لەم نووسینەمدا ڕەخنەکەی خۆم تێکەڵ بە دوو رەخنەکەی (فازیل شەوڕۆ) دەکەم، مەبەستم دەوڵەمەندکردنی بۆچوونەکانی ئەوە، تێکەڵکردنی نووسینێک بە نووسینێکی تر یان زیاتر کارێکی دروست و ڕەوایە کە هەردوو نووسین یەک دەگرنەوە و ئاوێتەی یەکتر دەبن، کە ڕەخنەی لەم شێوەی دەقئامێز ئەنجامێکی ئەرێنی دەبەخشێ، (شیلی) لەم ڕووەوە جوانی بۆچووە کە دوو شتی تەباو لەگەڵ یەک گونجاودا ئەنجامێکی باش دەبەخشن بۆیە دەڵێ:

که جۆگه تێکەڵی چەم بێ

چەمیش تێکەڵ بە دەریا بێ

شەماڵیش پڕ لە هەستی بێ

نییە شت تاکو تەنیا بێ

بە قانوونی خووا ئەشیا ئەبێ تێکەل بە یەکتر بێ

ئیتر بۆچی من و تۆ تێکەڵی یەکتر ببین نابێ؟

ئەگەر بە چەمکێکی فەلسەفی ئەم بۆچوونەی شاعیر بە (عیرفان) بزانین، هەست دەکەم بۆچوونەکانی خۆم هەندێ جار هەمان بۆچوونی ڕەخنەگر بێ و، جارو باریش لە پەنا حەجەکەوە کارێکی دروست و بەجێ بکەم، مشتێک گەنم بخەمە سەر خەرمانی ڕەخنەگر، کە بە موڵکی ئەوی دەزانم، نەک هی خۆم .

سەرەتا ڕەخنەگر بە بابەتی نامۆیی مۆتیڤێکی شاراوەی داهێنانە (شێرکۆ بێکەس و پابلۆ نیرۆدا، وەک دوو نموونە : دەکاتە ناونیشان، ئەم بابەتە بابەتێکی بەراورد کارییەو، کارێکی هێندە بێ ئەرک و سانا نییە، هەموو کەسێ بتوانێ خۆی لێ بدا و سەرکەوتن وەدیبهێنێ، چونکە بەراوردی نێوان دوو شاعیر و دوو زمانە، هەریەک لەم دوو شاعیرە بەرزو

ناسراون و دەنگو زایەڵەی خۆیان هەیە، ئەم لێکۆڵینەوە وەک باوە لە مەسەلەی ویکچوونی ئەدەبیی گەلانی دونیا زیاتر دەورووژێنی، وەک شیعری سوارچاکی لە ئەلیادەو دیوانی عەنتەرە و وەسفکردنی گیانلەبەر، ئاخۆ دەکرێ ئەم جۆرە بابەتەنانە بە شیعری بەراوردکاری لە قەڵەم بدەین، مەرجە هەر بەراوردەکە تەنا وێکچوون بێ، یان دەکرێ پێچەوانە بێ ؟

قوتابخانەی فەرەنسی ئەم جۆرە بابەتە لە خانەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری دانانێ، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی سوود لەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبینێ.

خانەی رەخنە، خانەی مێژووی ئەدەب، دەمێکە لەناو بەرهەمی نەتەوەییە ڕەنگە لە کارێک لە ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی یاخود لە ئەدەبێکی بیانی بکۆڵێنەوە و لەم ئاستە بوەستێ و لەوانەشە لەسەر بنچینەی ئەو بەراوردکاریەی کە بەند نییە بەکارتێکردن و کارتێکران لەگەڵ کاری تردا بەراورد بکات، هەروەها مێژوو نووسینی شەخسیەتێکی ئەدەبی زیاتر لە نەتەویەک و ڕەخنگرێکی زیاتر لە ئەدیبێک، ئەم پسپۆرییە بەر فراوانە بایەخ دانە بە دوو ئەدەب و لەیەک کاتدا خاسیەتی لێکۆڵەری بەراوردکارە (١) .

هەر لەسەرەتاوە ڕەخنەگر (نامۆیی) بە داهێنان لە قەڵەم، دەدا، من دەڵێم مەرجە نامۆیی مۆتیڤی شاراوەی داهێنان بێ ؟ کە شاعیری چیلی پابلۆنیرۆدا (نامۆیی) بە پرۆسەی داهێنان شی دەکاتەوە.

بە لای منەوە شاعیری خاوەن بەهرەو کارامە، لەو ژیانەی تێیدا دەژی نامۆبێ، یان ئاسوودەبێ، ئەگەر وزەی داهێنانی تێدا بێ، دەتوانێ، بە مەرجێ شاعیرێکی کارامە و لێهاتووبێ، بەر لە نانکردن بزانێ چۆن گەنمەکە دەکاتە ئاردێکی ڕاستەقینە وەک پابلۆنیرۆدا خۆی دەڵی (٢) (( ئاردی ڕاستی و ڕەوانبێژی نانی شیعر دروست دەکات)) ڕەخنەگر لە ڕێگەی فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) ەوە مانای نامۆیی شی دەکاتەوە، کە غەریبە ، غەوارە بێگانەیی دەگەیەنێ و مامۆستا (هێمن) یش مانای غەریب بەکاردێنێ، لە ڕاستیشدا نامۆیی ماناکەی بەعەرەبی (اغتراب)ە کە لە (غربة) ەوە هاتووە بە واتای ئاوارەیی غەریب واتە : ئاوارە.

مەرجیش نییە یەکێک لە وڵاتێکی تردا کە بە چەمکی گشتی ئاوارەیە، لە واقیعدا خۆی بە ئاوارە لە قەڵەم بدات و تووشی نامۆیی ببێ، مادامەکی ئاسوودەیە وە بە چاکی گوزەرانی دەسوورێ و زمانی ئەو خەڵکەش دەزانێ کە لەگەڵیاندا دەژی چونکە وەک شاعیر دەڵێ:

**ليس الغريب غريب مصر و الشام**

**بل الغريب غريب اللغة و الكلام**

**كە ڕەخنەگر دەڵێ لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الغربة) و (الاغتراب) بە مانای نامۆیی، نامۆ بوون، بەکاردێ، کە لە کاری (فرمانی) (غروب) واتا حەرەکە و جوولە وەرگیراوە، لە معجم (اللسان) کە ڕەخنەگر وەک سەرچاوەیەک پشتی پێ بەستووە : غربة و غربة بە واتای (دووری) هاتووە هەروەها دوور، غريب دوورە وڵات ، اغتراب الرجل واتە لە بیانی ژنی هێنا، اغتراب لەسەر دارشتنی (افتعال)، کە لە (غربة) دارێژراوە بە واتای حرکە و جوولانەوە نایەت (٣) .**

**(( کە مرۆڤ نەتوانێ لە ئاستێکدا تێپەڕێنێت و نەتوانێ کۆیلەتی خۆی لە نامۆبووندا رزگار بکات)) وەک هەموو فەیلەسووفەکان دەڵێن ، کەواتە دەبێ مرۆڤ ئەگەر لە ئەنجامی بارودۆخێکی نالەباری ستەمدەیی کرابێتە کۆیلە، هەر بە کۆیلەیی سەر بنێتەوە، کەچی خودی لینین دەڵێ : مرۆڤ گوناهی نیە کە بە کۆیلەیی لە دایک دەبێ، بەڵام ئەو کۆیلەی هەوڵ نادات ئازادیی خۆی بپچڕێنی، کۆیلەیەکی شیاوی بە سووک و چرووکی تەماشا کردنە) ئەم بۆچوونەی مارکس لە بارەی نامۆییەوە زۆر ڕاستە کە مرۆڤ**

ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژووییە، کە بەسەری سەپاوە و خۆملکەچکردن بۆ دەسەڵات بێ هێزی مرۆڤ دەگەیەنێ ( ئەو دەستەی نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم) کە ئەمەش ئەو پەڕی بێ دەسەڵاتی مرۆڤ نیشان دەدات . مادامەکی دیلکردن و بە کۆیلە کردنی مرۆڤ کاری مۆرڤ دەسەڵاتدار بێ، مرۆڤی هۆشیاری ئازادیخواز دەبێ ئەو دەسەڵاتە سەرەو ژێر بکات .

کە فەلسەفەکان دەبنە بنەما و بنەتۆی نامۆبوون، کەواتە نامۆیی دیاردەیەکی گەردونیە تایبەت نییە بەکەس فەلسەفە بنیاتی سەرخانە، فەیلەسوفەکان کە دەبنە پاشکۆی دەسەڵات، ئەو حەلە نامۆیی بەردەوام دەبێ، سەرهەڵدانی سوفیگەریی جۆرە ڕووبەربوونەوەیەکی لاشەڕانەی دژی دەسەڵات بوو، کە لەو توانایاندا نەبوو، ڕاستەوخۆ بە زەبری چەک عەدالەتی خوا لەسەر ڕووی زەویدا بیچەسپێنن، واتە گواستنەوەی قۆناغی شۆرشگیری بۆ قۆناغی تازەبروزەنگ و توند تیژی .

مەسەلەی نامۆ بوون لە خودی خۆ لەو گۆڕانکرایانەوە هاتووە کە وا لە مرۆڤ دەکەن کە وەک شتومەک یان وەک چەند بابەتێک، وەک خەڵکی نا ئازاد سەیری خۆیان بکەن، کە چی مارکس بە پێچەوانەی سارتەرەوە بایەخدانی بەندە بە گۆڕانیکارییە ئابوورییەکان کە دەبنە هەمان بەرهەم،

هەردووک بایەخ بە لە دەستدانی ئازادیی مرۆڤ دەدەن بەڵام مارکس سەیری کەسانی نا ئازاد دەکات بەو پێیەی قوربانین، کەچی سارتەر لە قۆناغێکی یەکەمیدا سوور بوو لەسەر ئەوەی ئێمە قوربانی خۆمانین و لە ڕاستیدا سەربەستین و ئێمە هەڵە دەکەین لە مافی خۆمان درک بەوە ناکەین )) (٤)
.

(( لە بارەی سروشتیەوە (کانت) وەک سوقرات بایەخی بە دەرچوونی لە شارەکەی نەداو گەڕان لە لادێ دا بکات، لەسروشتدا نامۆ بوو، وەک ئەفلاتوون بە شتێکی ڕاستەقینەی لە قەڵەم نەداو، لەو باوەڕە دابوو لە کۆتاییدا دوو جیهان هەنە لە هەردووکیاندا نەمری و ئازادی و خواوەند پەنهانن ئەگەر بەرەهایی خواوەندێک هەبێ)) (٥) .

تەنیا نامۆ بوون لە خودی خۆدا نا ، تەنانەت لە بەرهەم و خەڵکیشدا بۆ نموونە هەرچەندە (جیمس جویس) ئەوەی کە نووسیی بڵاوی کردەوە، بەڵام تا ڕادەیەک نامۆ بوو، دەکرا بڵاویان نەکاتەوە چونکە بە دیدی ئەو تا ئەو کاتەی هەناسەی تێدا بوو جمهوری خوێنەر نەبوو. (٦)

کە ئاماژەیان بۆ نامۆیی لە سروشتدا کرد چ لەڕووی ئابورییەوە و چ لە ڕووی دەروونیەوە، با نموونەی بۆ

بهێنینەوە، لەو بارەیەوە (دڵزار) لەو سەردەمەی ئێستاش کە ئەو شیعرەی گوتووە نیشانەی چاکی پێکاوە کە دەڵێ :

به من چی خاکی کوردستان بەهەشتە

هەمووی گوڵزار و باغ و کێو دەشتە

چریکەی بولبولی سەرچڵ چ دێنێ

ئەگەر دڵ دەردی بێ نانی هەڵێنێ

کەژی قەندیل و هەوارامان و هەڵگورد

کە بەرزن ئاخۆ بەرزە حاڵەتی کورد

وەکو کوێستانەکان بێ توزوو گەردن

دڵی دانیشتوان بێ ئیش و دەردن

چ سوودێکی هەیە خێرات و خەرمان

ئەگەر رۆژێ هەزار بمرن لە برسان (٧)

دڵزار تەنیا بەم وەسفە ناوەستێ ، بەڵکو چارەسەریش بۆ ئەو جۆرە نامۆییەی بەرامبەر سروشت دەدۆزێتەوە کە هەرگیز سروشت دڵی ناسرەوێ لەو ڕەوشتە نا لەبارەی تێیدا دەژی، زۆر چاک دەزانێ نامۆیەکە لە ئەنجامی دوژمنی

داگیرکەرەوە سەری هەلداوە ، نامۆیی مرۆڤیش لە دەوربەری خۆی بۆتە دیاردەیەک، هەر جۆرەی سەرچاوەی خۆی هەیە، بۆ نموونە (نزار قەببانی) یش واقیعی گەلی ستەم دیدەی فەڵەستین هەروەک (دڵزار) سەیر دەکات، کە لە سامان و خێر و بیری خۆی بێ بەشە و دەڵێ :

یا فلسطین لا تزالین عطشی

و علی الزیت نامت الصحراء

فایەق بێ کەس لەدەرونێکی تەنگ و تارەوە سەیری بەهار دەکات و بێزاری نامۆیی خۆی دەردەبڕی و دەڵێ:

بەهار نامەوێ جوانیت ببینم

ئەمرۆ من بە دڵ پەست و غەمگینم

دوژمنی لالەو و گوڵ و ئەسرینم

دوورم لە خۆشی خەریکی شینم

بەهار نامەوێ جوانیت ببینم (٨)

بەڵام نامۆیی گۆران بەرامبەر سروشت مۆرکێکی تر بەخۆ دەگرێ، کە بێ بزەی ناسکی ئازیز ، تاریکە و جوانی تێدا

هەست پێناکرێ ، هەر شتییێکش دوور بێ لە ڕووناکی تاریکەو جوانی و نازداری لێ ترازاوە، بۆیە دەڵێ :

بەڵام تەبیعەت

هەرگیزاو هەرگیز

بێ ڕووناکیە

بێ بزەی ئازیز (٩)

شاعیرێکی تری عەرەب زیاتر بە ناو نامۆییدا شۆر دەبێتەوە، کە ئەو پەری نامۆیی دەگەیەنێ، کەشتێک مرۆڤ تامەزروو دەکات کە پێی بگات، بەڵام بە داخەوە ئەو دەسەڵاتە و توانایەی نییە، لێرەدا نامۆیی زۆر بە زەقی سەر هەڵدەدا.

شاعیر دەڵێ :

وأمر مالاقيت من النوى

قرب الحبيب و ما اليه وصول

كالعيس يقتلها في البيداء الظمأ

و الماء فوق ظورها محمول

واتە :

تاڵترین شت لە دووریدا تووشی بووم

نزیکی ئازیزەو پێیناگەم

وەک حوشتران تینوویەتی لە بیاباندا دەیان کوژێ

ئاویشیان لەسەر پشت بارکراوە

کە گۆران لە هۆنراوەی (ئافەرت و جوانی) دا باسی سروشت و جوانی دەکا کە ڕووناکە کەرەوەی ڕێگەی ژیانن و (جوانیی سروشت مرۆڤ بە ئاگا دێنی هەست بە جوانی ئافەرەت بکات ، جوانییەکانی بێنێتە بەردەم و لە نێوان ئەو خۆیدا بە شێوەیەک و شێوەیەکی تر جوانیەکانی بێنیتە بەرچاو، هەر لە کۆنەوە دانتی وتوویەتی (خۆشەویتی ، خۆر و ئەستێرەکان دەجوولێنی) (١٠) .

جوانی ئافەرەت و شۆخ شەنگی سروشت کە لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە دەبن دەبن گیرۆدەی خۆشەویستی بەتایبەت لای شاعیرێ کە بەهرەیەکی باڵاو خەیاڵێکی باڵگرتوو و بیرێکی تیژو زمانێکی پاراوی هەبێ.

دەردەکەوێ کە گۆران لە ناخەوە هەستی کردووە کە سروشت لەنگەری تێکچووە ، نەبوونی ڕووناکی لە دیمەنی سروشتیدا ، وا دەکات کە تاریک بێ ، بۆیە شاعیر هەست بە

تەنیایی و بۆشایی بێ کۆتایی دەکات، کە سەیری ئەو سروشتە دەکات لێی نامۆیە (( پرۆسەی داهێنان کە داهێنەر رایپەڕێنی دوای سازادنی کارەکەی کە داهێنەر رایدەپەرێنی دوای سازادنی کارەکەی هەولێکە و بنیاتنانی خودی خۆمانە )) (١١)

خۆ ئەگەر بە وردی لەو بوارانە بکۆڵێنەوە کە زاراوەی نامۆیان بەکارهێناوە ، چوار بەکارهێنانی بنەڕەتی یان چوار شێوەی نامۆیی هەیە نامۆیی کەسی، نامۆیی لەکار، نامۆیی ئابووریی کۆمەڵایەتی، نامۆیی کۆمەڵایەتی رۆشنبیری، ئەم چوار بەشە چەند دیاردەی جیا جیا و سەربەخۆ دەگرنە باوەش (١٢) .

هەڵبەت تا مرۆڤ رۆشنبیری پتر بێ و ، زۆرتر تێ بگات ئەوا زیاتر هەست بە نامۆیی دەکات .

لە بابەت داهێنانەوە کە واتای (کەوی کردن) دی لە ڕاستیدا بەو شێوە یە نییە هەرچەندە لە هەنبانە بۆرینە داهاتووە، داهێنان، بە مانای ڕامکردن، کەوی کردن، بەرهەم بڕینەوەی دار، شانەکردن، خوارکردنەوەی لک ، زۆر جار مانای فەرهەنگی وشەیەک کە لە بنەڕەتدا چ واتایەکی هەبووە، بە پێی تێپەربوونی رۆژانی ژیان لە نەژادی خۆیدا

دوور دەکەویتەوە و واتایەکی تر وەردەگریٚ، کە لە واتای خۆی دوور دەکەویتەوە بۆ نموونە (داهێنان) بەشتێک دەوتریٚ کە نوێیە و پێشتر نەبووە، بۆ نموونە دەوتریٚ ئەم شتە تازە داهاتووە، داهێنراوە، (داهێنان) بە واتای (اختراع) یش بەکار دیٚ، فەرموودەیەک هەیە دەڵیٚ : (من احدث ليس منا) واتە ئەوەی شتی نوێی داهێنا لە ئێمە نییە، دروستکردنی ئامێرێکی نویٚ بە داهێنان (اختراع) لە قەڵەم دەدریٚ.

داهێنان ، واتە دروستکردنی شتێک، یان نووسینی بابەتێک، یان ڕاپەراندنی کارێک کە تێیدا باڵایی و هونەرکاری و جوانکاری بنوێنی ، کەواتە داهێنان نواندنی هونەرکارییە لەو شتەی کە نوێیە، لە شێوەی پێشوودا جیایە، لە ژێر سێبەری هەر ئاینێکدا بیٚ کەشێکی نویٚ سەرهەڵدەدات، بەلادان لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ریبازی ئایینی دەدرێتە قەڵەم، دەتوانین سوڕانەوەی زەوی لە دەوری خۆردا ، ئەو لادان و داهێنانە بکەین بەنموونەی داهێنان، کە دەرچوونە لەو شتانەی نەگۆڕن و گۆڕینیان کفرە.

کە رەخنەگر دێتە سەر پراکتیزەکردنی (نامۆیی) لە داهێناندا لە (شێرکۆ) وە دەست پێدەکات، لە (١٩٦٣)ەوە تا دەگاتە (٢٠٠٦) لە شیعری لە گوڵەوە هەتا سوتوو دوایی تا

(٢٠١٢) پابلۆ نیرۆداش لە (١٩٩٤) ەوە ، تا (٢٠٠٣) کە سەرجەمی شیعرەکانی چاپکراون .

بە بەراوردکردنی ئەو دوو شاعیرە، لەو ماوە دوور و درێژەدا کارێکی هێندە سانا و ئەرک سووک نییە، بەڵکو پشوو نەفەسێکی درێژی گەرەکە، جگە لە ئامادەباشی و شارەزایەکی تەواو، چونکە ((ئەدەبی بەراوردکاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوەییە لە پەیوەندییە مێژوویەکانی بە ئەدەبیاتی تری دەرەوە لە چوار چێوەی زمانی نەتەوەیی کە پێی نووسراوە. (١٣)

بەراوردکردنی دوو شاعیر تەنیا ئەو شێوە نییە کە هەردوو شاعیر کە لەیەک بابەتدا یەکتر دەگرنەوە، بەڵکو چەند لایەنێکی ترکەوتنە ژێر کارتێکردنی نووسەرانە لە ئەدەبی نەتەوەیی دا بە ئەدەبیاتی جیهانەوە، لایەنەکانی ئەم کارتێکردنە چەند زۆر و زەبەندەو، ماناکەی لای گەورە نووسەران لەهەر دەوڵەتێکدا و ناشکرێ و راستیش نییە تەنیا نیشانی چەند دەقێک، یان چەند ڕاستیەک کە پەیوەندیان بە ئەدەب و رەخنەوە هەیە هەر لەبەر وێکچوونیان، یان لێک نزیکبوونیان، بۆ ئەوەی پەیوەندییەک هەبێ ئەنجامەکەی زاوو زێ و کارلێک بێ لە هەر جۆرێک بووبێ (( ئەم جۆرە

بەراوردكاريانە بەهای مێژوييان نييە كە لە دەروازەی ئەدەبی بەراوركار لە قەڵەم بدرێ. (١٤)

ڕەخنەگر گەر بێتوو خۆی لە مەسەلەی وێكچوون وەرگرتن و گۆڕين بدات، هەر هەنگاوێك هەڵێنی تووشی سەر ئێشە دەبێ، چونكە ئەدەبی بەراوردكاری تەنيا نێوانی دوو شاعير نييە كە بابەتەكەيان يەك جۆرە، بەلكو دەوروبەر نزيكی و وێكچوون و وەرگتنە، تا دەگاتە ئاستی خەياڵ دزينی بەرهەمی يەكتر، شيعری شاعيرانی ئێمەش دوور نين لە خەياڵی داهێنەرانەی شاعيرانی جيهانی.

شێركۆ لە كۆپلە شيعرێكيدا (٥)جار ماڵەكەمان دووپات دەكاتەوە :

ماڵەكەمان

ماڵەكەمان چ ماڵێكی مرو مۆچ و

پەستمان هەيە ماڵەكەمان

دارە مەيتی ماڵەكەمان

ماڵەكەمان و چەند جار دووپاتكردنەوەی ئەو كەشە غەمناكە دەردەبڕی كە شێركۆ وێنەی كێشاوە، خەم و پەژارەی شاعير ڕەنگدانەوەی لە دڵ و دەروونی وەرگريشدا هەست

پێدەکرێ ، ئەم دووپاتکردنەوەیە ، چەند جارێک شتێکی لە خۆوە نییە بەقەد ئەوەی تەعبیر لە بیرۆکە دەردەخات کە بەسەر شاعیردا زاڵە لەبەر ئەوە (( پێوستە لەسەرمان بۆ ئەوەی بچینە ناوگیانی ئەدیب لەو وشانە بگەرێین کە لە کارەکانیدا زۆریان بەکار دێنی وەک بۆ دلیر گوتی ... )) (١٥)

ماڵەوەی پابلۆنیرۆدا شوێنێکی جاویدانییەو لە هەمان کاتدا دڵی لێ دەسرەوێ، ئەمرۆی پێ شاد ترە لە دوێنێ، بە پێچەوانەی شیرکۆوە هەموو کەرەستەکانی ناوی لا پیرۆزە، نامۆیی لێ تەکاوە و شاعیر هەست بە دروستبوونی پەیوەندییەکی رۆحی و ویژدانی لە نێوان خۆی و کەلوپەلی ناو ماڵەکە و دار و بەرد گوڵ و مانگ ئەستێرەدا دەکات، کە لە دێر زەمانەوە هەن و نەگۆراوە بە دیدێکی هەستکردن بە جوانناسیی شوێن دەروانێتە ماڵەکەی وەک شاعیر دەڵێ :

کم منزل فی الارض یألفه الفتی

و حنینه أبدا لأول منزل

لە شیعری (ئازیزان) دا شیرکۆ بە هەستی دەروونێکی هەڵقرچاو شیوەن بۆبرادەرێکی ئازیزێکی دەکات کە مەرگە ناوەختەکە هەتا سەر ئێسقان کاری تێکردووە، بە ڕادەبێ قەدەر بە کوێر و چەمووش دەداتە قەڵەم کە ئەوی

هەڵبژاردبووە و ئازیزانی هەڵنەبژاردووە ، خۆ ئەگەر بەدەست شێرکۆ بوایە مەرگی دەکوشت ڕێگەی پێ نەدەدا کە هەڤاڵێکی ئازیز و بە سانایی بپێچێتەوە ، بەڵام گەر ئەو کارەشی لە دەست نەهاتبێ خۆتوانیویەتی نەمری پێ ببەخشێ و بە شیعر بە زیندوویی بیهێڵێتەوە، وەک دیارە مرۆڤ هەر لەو کاتەی لە دایک دەبێ و تێدەگا، هەست بە مەترسی مەرگ دەکات، مەرگی ئازیزانی وەک فؤاد رفقە ناوی دەنێ : دەرکێشانی حەقیقەتی مرۆڤایەتیشە لە ڕەگوریشەدا (١٦) دەرکێشانی هەستکردنی شاعیر بە بوونی مرۆڤێکی ئازیز لە ژیاندا لەوەوە سەرهەڵدەدا کە مەرگ چڕنوکی لێ گیر دەکات، ڕووبەر بوونەوەی مەرگ بە ڕێگەیەکی بنەرەتی تر وشەی شیعرییە. (١٧)

(داهێنان) ی شیعر لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێ نووسینە، بەڵام زمان هۆکارێکە ، شیعر زادەی سۆز و هزرو ئەندێشە و خەیاڵ و وێنەیە. زمان لای هەموو کەسێ هەیە، بەڵام چۆنییەتی بەکارهێنان و دارشتنی گرنگە، لەم ڕووەوە ولیەم ساکیری دەڵێ : (( چەقۆ دەتوانێ هەموو شتێ بکات بەڵام مرۆڤ ناکات بە نووسەر)) رەخنەگر جوانی بۆ چووە کە پێچەوانەی شێرکۆ بێکەسی بۆ چووە، کە تەنیا زمان هەموو شتێ نییە ئەگەر ئەوەی بەکاری دەهێنێ چ تواناو وزەو

خەیاڵێکی بە پیت و بەرفراوانی هەیە، زمان کە کۆمەڵێک وشەی ڕێزکراوی لێکبەستراوی داڕێژراوە، پێوستی بە بیری قووڵ و خەیاڵی باڵا و وەستایی و کارامەیی و بەهرە و ئاستی هونەری هەیە.

شێرکۆ وەک شاعیرێکی یاخی دێتە مەیدان، هەموو شتە کۆنەکان ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێ :

تابلۆیەکەم لە سنوری چوارچێوەکەم دەرباز دەبم

ڕەنگەکانم ناگرمە خۆ

شووشەی ڕووپۆشم ئەشکێنم

من سەر لە نوێ

ڕەنگەکانم ئەگرمەوە

(( شاعیر نەلەرزی کاتێ پێیان گوت تۆ یاخی، شاعیر یاخیبوونە، کە بەهەڵگەڕاوە بانگیان کرد هەستی بە سووکایەتی نەکرد ژیان بنیات و دارشتنەکان ، لە پڕ ڕێبازی نوێی ژیان سەرهەڵدەدەن، تۆیەکە لە هەموو لایەکەوە دەر دەپەرێ هەموو بیرباوەڕەکان سەیرن، ئێمە هەموو رۆژێ چاوەڕوانی گۆرانی بێ شومار دەکەین، لە گەرمو گوڕی گۆڕانی سیستەمی مرۆییدا دەژین، بەهار شۆرشگێرە)) (١٨)

لە مەسەلەی خۆشەویستی نیشتمان و بەستنەوەی نێرۆدا لەو خاکەی لێ ی ژیاوە، جیاوازی لەگەڵ شێرکۆ دا هەیە، ئەو خاکەکەی خۆی لا نامۆ نییە، بۆیە هەمیشە لە شیعرەکانیدا وشەی (ڕەگ) زۆر دوپات دەکاتەوە، کە ئیلیا ئیهیر نبۆرگ پێی دەڵێ ، لەبەر چی توو لە شیعرەکانت ئەم هەموو ڕەگە هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێ :

((من ناتوانم بژیم لە زەوییەکی خۆمدا نەبێ، من بێ ئەوەی پێ و دەست گوێم بخەمە سەر خاکی نیشتمانم ناتوانم بژیم، من ناتوانم هەناسە بدەم کە هەست بە سووڕانەوەی ئاوەکانی و سێبەرەکانی نەکەم، من ناتوانم نەشونما بکەم کە هەست بەڕەگەکانم نەکەم کە لە ناو قوڕی ڕەشدا لە خودی دایک، گەوهەری نەژاد دەگەڕێ (١٩)

ئەوەتا دەڵێ :

گەر بای لە بن نەهاتووش

هەموو باڵندەکان بکوژێ

گەر تەنیا ئاسمان ..

من هەر گەرەکمە گەزێ لە کەنارت .

بگرم و بمرم

من دەمەوێ هەر تەماشایەکی هەناوی ئەم بەردانە بکەم نهێنیەکانیان پڕبوون لە شەپۆلی کەنار و کەفی سپی (٢٠)

ئاوێتە بوونی رۆحیانەی نێرۆدا لەگەڵ ژینگەی وڵاتەکەی هەموو رەگەزەکانی گەردوون و جیهانی نیشتمانەکەی ، هەموو پێکهاتەکان بە جۆری سەردەکەن ، وەک عەشقێکی سۆفیانە دێنە بەرچاو ، ئەوەندە خۆی بە خاکەکەی بەستۆتەوە تا ئەو ئاستەی کە دەڵێ :

((من گەرەکمە کاتێ دەمرم لە ناوێکدا بمنێژن، ناوێکی زرینگەداری هەڵبژاردەی چاک، بۆ ئەوەی بڕگەکانی لە ژوور ئێسقانەکانمدا ، نزیک دەریا گۆرانی بڵێن))(٢١)

خۆ ئەگەر بەراوردی نێوان خۆبەستنەوەی نێرۆدا بەو پەری هێزو وزەوە بە خاکی نیشتمانی، لەگەڵ ئەوەی شێرکۆ کە دەڵێ بکەین

من نیشتمانەکەم گێلە

جیاوازییەکی زۆریان هەیە لە هەست و نەستیان دا لە نێوان خۆبەستنەوەو وازهێنان، لە نێوان ئاوێتە بوون و تێکەڵبوونی هەموو پێکهاتەکانی نیشتمان و بێزار بوون و ڕەتکردنەوەیان، بە پێی ئەوەی وەک نیرۆدا دەڵێ : (دەنگی من

، دەنگی شاعیرێکە ، تەنانەت بەردەکانی چیلیش دەیناسن) (٢٢)

## بابەتی لێکۆڵینەوەی دووەم بەناوی

## ڕەخنەی شیکاری بۆ کۆمەڵە شیعری(نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت)ی ئارام ساڵح ە

ئەوەی شیاوی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە کە هەرچەند (ئارام ساڵح) ی شاعیر لەبەر رەوشی نالەباری سیاسی لە پێش راپەرین نەیتوانیوە وەکو پێوست شیعرەکانی بڵاوبکاتەوەو بە قەد قەبارەی خۆی بناسرێ، بەڵام دوای ڕاپەرین دەرفەتێکی باشی بۆ لواوە کە چ لە ڕێگەی رۆژنامەگەری و چ لەو دەرفەتەی بۆ رەخسابوو لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و پێشکەشکردنی دەیان ئەڵقە لە بەرنامەی ئەدەبی و ئەنجام دانی دیدار لەگەڵ کەسانی ناودار و شاعیر و رۆشنبیر ، زیاتر بناسرێ و دوای چاپکردنی کۆمەڵە شیعر

(موژدەی مەرگی گەرەلاوژە) لە ساڵی (١٩٩١) لە کۆمەڵە شیعری دووەمی دا (نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) وەک شاعیرێکی رەسەن دەرکەوت و توانیویەتی لەم بوارەدا شوێنی شیاوی خۆی بکاتەوە و سەرنجی نوسەرو ڕەخنەگران بۆ خۆی رابکێشی و تا ئێستا (٩) نووسین لەسەر شیعرەکانی بڵاوکراونەتەوە، بە تایبەتی دوا کۆمەڵە شیعری کە بەناوی (نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) ە، منیش یەکێکم لەو کەسانەی لەسەرم نووسیوە و ئەو بابەتەی ( فازیل شەورۆ) ش درێژترین لێکۆڵینەوەیە لەسەر کۆمەڵە شیعری ناوبراو کە لە ژمارە (١٨)ی گۆڤاری ئەکادیمی بڵاوکراوەتەوە و لە کاتی خۆی دا هەر خۆم شارەزای پەسندکردنی بووم، لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە من لە دوو لاوە چ وەک لێکۆلەر چ وەک پەسندکار رۆڵی خۆم هەبووە، لە هەڵسەنگاندن و نرخاندن و ڕا لەسەر دانی کۆمەڵە شیعرەکە، بۆیە ڕەنگە شتێکی ئەوتۆم لا نەبێ ، تەنیا ئەوەندە نەبێ، کە ئەم لێکۆڵینەوەی کاک فازیل بەهەند وەربگرم، بەهەنگاوێکی پێشکەوتووانەی بدەمە قەلەم، کە بەپێی میتۆدێکی زانستی بابەتی بابەتەکەی هەڵچنیوە کە بە راستی مایەی دەستخۆشی و نیشانەی قەڵەم بە بڕشتیەتی .

ڕەخنەگر بە پێی میتۆدێکی ئەکادیمی هاتۆتە کار کە ئەگەر یەکێک باکگراوندێکی دەوڵەمەندی مەعریفی باشی نەبێ ، ناتوانێ لەم بوارەدا قەڵەمەکەی بخاتە کارو ، مافی شیاو بەخاوەن دەقەکان بدات ، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە کە ئارامی شاعیر لە چەندین شاعیر جیا دەکاتەوە ئەو مۆرکە شیعریەیە کە لە گوێ و لە دەروونندا ریتم و ترپەی تایبەت بە خۆ دەگرێ، کە دەتوانم بڵێم ، ناو دەنرێ پوستەرە شیعر، شیعری سۆناتە، وەک هەندێ شیعری (لویس ئەراگۆن) ی شاعیری فەرەنسی:

هەرگیز شتێک نییە لە زەردەخەنە جوانتربێ

تەنانەت لەسەر ڕوویێکی شێوێنراویشدا

ئایا حەز ناکەیت جوان بیت؟ (٢٣)

یان دەڵێ

واز لە سکاڵا بێنە مایەی گاڵتە جاری ترنییە

لە مرۆڤی سکاڵا بکات

ئەگەر نەگریابێ (٢٤)

(ئارام)بە دارِشتنی کۆپلە شیعرێک حاڵەتێکمان دەخاتە بەرچاو کە پووچەڵکردنوەی خەونە ، خەڵکێکی زۆریش بروای پێیە کە خەونەکە دێتە دی، ئەو ئەم جۆرە کۆپلە شیعرەکە بینات دەنێ کە مایەی پەسندکردن بێ، دەڵێ :

دانی سەدان

خەونم کەوت

ئێ ی لە مردن

چ درۆزنە !!

ئەم دەنگوسەدایەی لەو کۆپلە شیعرە کورتە بەرزدەبێتەوە شیعرێکی درێژ لەو ئاستە دانابێ، کە وەرگر ، یان خوێنەر ببزوێنی و کاری تێبکات، ئەگەر لێکدانەوەی ددان کەوتن لە خەونا ئاکامەکەی مەرگ بێ، هەرچەندە ئەو جۆرە خەونە بە لێکدانەوە و راڤەکردنی بە تەواوەتی نەبۆتە حەقیقەت ، ئەفسانەیە و پشتی پێ نابەسترێ، بەڵام شێوازی لێکدانەوەی جیایە، سەیر نەبێ پاشاکان کە خەونی ئاوایان دەدی و بانگی مەلایەکیان دەکرد کە بۆیان لێکبداتەوە، شێوازی لێکدانەوەکە کە مایەی خەڵات و هۆی مل پەرێنیش بوو ، بۆ نموونە پاشایەک خەونی بینی کە هەموو ددانەکانی کەوتن، مەلایەکیان هێنا خەونەکە بۆ پاشا لێکبداتەوە وتی : پاشای

گەورە هەموو کەسانی بنەماڵەی پاشا دەمرن ئینجا بەرێزتان ، پاشا فەرمانی بە کوشتنی دا، چونکە لێکدانەوەکەی بە دڵ نەبوو، ئینجا داوای یەکێکی دی کرد ، مژدەی خۆشی دایەو، گوتی پاشای مەزن خەونەکەت زۆر خۆشە، ئێوە لەناو بنەماڵەی پاشایەتیدا تەمەنت لە هەمووان درێژتر دەبێ، پاشا گوتی : ئەمە لێکدانەوەی باشە و خەڵاتی بکەن .

کە شاعیر دەڵێ : ئێ ی لە مردن چ درۆزنە !!

مانای ئەوەیە خەون کە ڕەنگدانەوەی واقیعە ، واقیعەکە بنەمای لەسەر زەویدا بە فیعلی نییە، عەقڵی ناوەوەیە کە کار دەکات، بۆیە بە گژ داهاتنی خەون، پووچەڵکردنەوەیەتی چونکە نەبۆتە شتێکی مەتریالی بەرچاو .

لە کۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێ :

حەزەکانم

لە گوڵە (کەپرۆکە) دەچن

بەیانیان لە دایک دەبن

نیوەرۆیان باڵا دەکەن و هەڵدەچن .

هەر کە دەمەو ئێوارەش هات

گەلای تەمنیان دەوەرێ و

لە ناو دەچن

دەکرێ ئەم کۆپلە شیعرە، دەستنیشانی تەمەنی مرۆڤ بکات، کە بەسێ قۆناغ تێدەپەرێ، تەمەنی مێرد منداڵی و لاوی کە حەزو ئارەزوویەکی خۆشی بە ژیان و ئەو تەمەنە دەکات، قۆناغی دووەم زیاتر نەشونما دەکات و هەڵدەچێ باڵا دەبێ ، قۆناغی سێیەم قۆناغی تەمەنی پیرییەوە و گەڵا وەرینی تەمەن و مردنە، دەکرێ بە جۆرێکی تر بخوێندرێتەوە کە دیوێکی دیکەی لێکدانەوەیەکەتی کە حەزەکانی شاعیر سەرەتا زۆر ناسکن، بەرەبەرە گەشە دەکەن و باڵا دەبن و ، لەکۆتایدا دەپوکێنەوە و لەناودەچن، دەبن، هەلدەچن، لەناو دەچن، رەگەز دۆزی ناتەواون، لە هەمان کاتدا چارەنووسی هەموو بونەورێک دەردەبرێ کە چۆن دێتە دونیا و ، چۆن باڵا دەکات و چونیش سەر دەنێتەوە .

ئارام لە زۆر کۆپلە شیعرییەکانیدا خاسیەتی مرۆڤ بە بوونەوەری بێ گیان دەبەخشێ و لە بۆتەیەکی ڕوونبێژیدا دایدەڕێژێ .

ڕەخنەگر لە شیکردنەوەی کۆپلە شیعرەکاندا، ڕێچکەی بونیاد هەڵوەشاندنەوەی گرۆتە بەر و وێنەکان یەک بە یەک شی دەکاتەوە

کا شاعیر دەڵێ :

لە نێو چیمەنی ڕوحمدا

هەموو گوڵەکان دەوەرن

تەنها گوڵە پاییز نەبێ

ئەم کۆپلەیە، لە هەموو کۆپلەکانی تردا، ڕەنگدانەوەی خەم و پەژارەی شاعیر دەردەخات، کە بەهاری ژیانی لێکردە پاییز، هێمای هەڵوەرینی گوڵی بەهارە، کە شاعیر هەردەم ژیانی بۆتە پایز، پایزێکی خەزان، گەڵا وەرین ئەو گوڵە وەریوانەی پایز، کە لە واقیعدا هەڵوەرین شاعیریان کردۆتە دیوانەکی خەم بە کۆڵ، بەڵام لە ناو دڵی ئەودا هەر ماوە و نەوەریوە، وەک تارمایەکی نەگۆڕ لە دەروونیا چەسپیوەو ، ئەو پاییزە وەیشوومەی دەخاتەوە یاد، کە ڕۆژی لە ڕۆژان، گولێکی پرشنگ و پاراو بوو، بوو بە گوڵێکی پاییزی کە نیشانەی خەزانێکی جاویدانیەو لەناو دلدا شین بووە، کە بەهار ببێتە پاییز، هەڵبەت ئەو گوڵە پایزە کە ناوەرێ نیشانەی جوانی و نازداری گوڵەکە نییە بەقەد هێمای ئەو

شوێنەوارە دڵتەزێنە و جەرگبڕەیە کە ڕەش نابێتەوە و بۆتە خەمێکی ئەستوری سەر دڵی شاعیر، کە هەمیشە بەهاری کردۆتە گوڵە پایزی، لە کاتێکا هەموو گوڵەکان دەوەرن، گوڵە پایزی نەبێ کە بەسەر ناچێ .

لە کۆپلەیەکی تردا ئارام دەڵێ :

لەوەتەی هەی

سێرەت

لە سەراب گرتووە

چ گوناهی !

کە نازانی

فەلسەفەی بوونت چروکە

مرۆڤ کە لە دایک دەبێ و، چاودەکاتەوە تێدەگات، دەبێ بزانێ کە هاتۆتە دونیا بۆ ئەوەی بژی، نەک بمرێ، کە ژیان بیروباوەر و خەباتە لە پێناو پیادەکردنی ئارەزوو و حەزەکانی، نەک بە ناوی خواو بە تەمای خوا، پشت بەخوا، خوا کەریمە دۆش دابنێشێ و بە دوای خەیاڵی فەنتازی و تەڕاویلکە بکەوێ و، نەگاتە ئاوات، یەکێ ئەگەر پێکهاتەکەی

بوونی شەکەت و شەپرێو نەبێ و، باوەڕی بە ئەنجامی کارو تەقەلای بە دڵ وگیان نەبێ، دەبێ خۆی بخاتە بەر شەپۆلی بە تەوژمی ژیانی ڕاستەقینە کە خۆشی نازانێ بەرەو چ لایەک ڕایدەماڵێ، مرۆڤ کە بە ئارەزووی خۆی لە دایک نابێ و بە ئارەزووی خۆشی کۆچ ناکات، بۆیە شاعیر بە گەوج و بەستەزمانی لە قەڵەم دەدا، گە لە فەلسەفەی ژیان نەگات، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و، چۆن بە بیرو باوەڕێکی گەش و ڕووناک هەوڵ دەدات ڕێگەی سەختی ژیان تەخت بکات، بە جیدی کار بکات و بیر بکاتەوە و بە پێی فەلسەفەی بوونی مرۆڤ ژیان بە بیروباوەر و خەبات تێبگات .

ئەم نووسینەی ڕەخنەگر (فازیل شەورۆ) لەسەر (ئارام ساڵح) ی شاعیر بەو هەموو قووڵبوونەوە و لێکدانەوەو شیکردنەوەیە مایەی دڵخۆشی و، نیشانەی ئەو باکگراوندە بە فەڕو بە پێزەیە کە لە مێشکدا کەڵەکە بوون، چاوەڕوانی بەرهەمی لەم جۆرە دەکەن.

ئەوەی کە زیاتر سەرنجی من رادەکێشێ لە کۆ شیعری (نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) ئەو کۆپلە شیعرانەش کە بەشێوەیەکی تۆکمە و پتەو بنیاتنراون، ئەم کورتبڕیەو ئەم جۆرە داڕشتنە بەلای منەوە، زادەی بیری وردو قووڵبوونەی شاعیرە، شاعیرێک کە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر شیعریک

دەخولقێنی، دەتوانم بڵێم، ئەو شیعرە زادەی ئەو ئێش و ئازاریە کە لە ناخەوە دەیهەژێنێت، هیچ شتێکش وەک بیرکردنەوە مایەی ئازار نییە وەک ئەراگۆن دەڵێ:

(( باوەڕم پێ بکە

هیچ شتێ

وەک بیرکردنەوە

مایەی ئازار نییە)) (٢٥)

بۆیە ئەو ڕێچکەیەی کە (ئارام) گرتوویەتیەبەر، کە وەک شاعیرێکی نامۆ خۆی لەو ژیانەدا دێتە بەرچاو، هەست بە ستەمی خەڵک و زەمانە دەکات، ئەو ڕەوشەی تێیدا دەژی ئەم جۆرە شیعرە ڕەسەنانە دەخولقێنێ و چونکە (( هەر چەندە قەسیدە کورت بێ زیاتر دەچێتە دەروونەوە)) (٢٦) .

بۆ زیاتر پێداگرتن لەسەر داهێنانی (ئارام) لەو کورتە شیعرانەی((نێهنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی قووڵ و ئێش و ئازار و ژیانی دژوار و نالەبار نموونەی شیعرێکی گۆران دەهێنمەوە کە بە بۆنەی (لەسەر مەرگی هیوادا) دایناوەو، مەرگ بە کۆتایی مرۆڤ لە قەڵەم دەدا، تەنیا وەک تارماییەک، لە خوددا دەیبینێ، ئەو مەرگە

ناوەختەی هیوای ساواو گوڵی نەپشکتوو ڕووداوێکی تراژیدی دڵتەزێنە، لە ناخەوە (گۆران) ی هەژاندووە، هەروەک مەرگی ناوەختی دەزگیرانەکەی ئارام، لە ڕووداوێکی تراژیدیی جەرگبڕدا، داهێنانی پێ بەخشیوە کە گۆران شیعرەکەی بۆ (بێکەس) خوێندۆتەوە، بێکەس مات و بێ دەنگ بووە، گۆران کە بێکەس بەو شێوە دەبینێ پێی دەڵێ دیارە چاک گوێت لە شیعرەکەم نەبووە، جارێکی تر بۆت دەخوێنمەوە، کە لە خوێندنەوەی بۆتەوە، داوای لێکردووە جارێکی تر بۆی بخوێنێتەوە و دەڵێ: پێم گوت : بۆچی بێ دەنگ بووی، وەک بڵێی بە دڵت نەبوو، بێکەس گوتی: چی بە دڵم نەبوو، بەشەرەفم حەزدەکەم هەرچەندە دایکی گوێی لێمە، کە سێ چوار لە منداڵەکانت بمرن بە مەرجێ شیعرێکی ئاوایان بۆ بڵێی، من، چ لە منداڵەکەت بکەم، من شیعرێکی ئاوام دەوێ )) (٢٧) .

لێرەدا دوایی بەم نووسینەم دەهێنم و پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە شاعیر و لێکۆڵەر مامۆستا فازیل شەوڕۆ دەکەم کە لەم دوو لێکۆڵینەوە بە پێزەدا زیاتر خۆی بە خوێنەر دەناسێنی و لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا پتر دەردەکەوێ لەوەی کە شاعیرە و مرۆڤیش،بە تایبەتی مرۆڤی نووسەر، قەڵەمەکەی زمان حاڵی ئەوە، ئەم جۆرە

نووسینانەش کە خزمەتی ئەدەبی کوردی، بە تایبەتی شیعر دەکەن، لێرەدا لە دایک دەبن و خوێندەواری خۆیان هەیە و، هەر لە کوردستانیش سەرچاوە دەگرن نەک لە هەندەران، هیوادارم هەردەم خەرمانی وشەی کاک فازیل جار بەجار، پەیتا بە پەیتا بە پیت و بە فەڕ تر بێ .

بە ڕاستی ئەو کارەی کاک فازیل مایەی دڵخۆشییە کە نەک تەنیا بەراوردی شیعرەکانی هەردوو شاعیر دەکاو هەڵیان دەسەنگێنی، بەڵکو چەند بیرو باوەری فەلسەفی فەیلەسووفان بۆ چوونی کەسانی زانا و پسپۆر دەخاتە ڕوو کە لەو بوارەدا دەرگایەکی رۆشنکاری و مەعریفی بۆ خوێنەر والا دەکات و دەستی دەگرێ کە سوود لەو زانیارییە بە سوودانە وەربگرێ.

**پەراوێزەکان :**

١- دراسات في الأدب المقارن التطبيقي، د.داود سلوم، ل ١٢–١٤–١٣.

٢– مذكرات بابلونيرودا (اعترف بأننى عشت. ترجمة الدكتور محمد صبح، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ص ٥٤.

٣– لسان العرب، أبن منظور الافريقى المصري دار الهلال – دار البحار– طبعة جديدة محققة/المجلد الحادى عشر ص٢٤و٢٥.

٤– الإغتراب . تأليف: ريتشارد ساخت/ترجمة كامل يوسف حسين/المؤسسة العربية للدراسات و النشر/ص١٧

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ص٢٥.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ص٢٩.

٧- دیوانی دڵزار.

٨- دیوانی بێکەس .

٩- سەرجەمی بەرهەمی گۆران ل (٩).

١٠- ما قالته النخلة للبحر- الشعر المعاصر فى البحرين ص ٤١ .

١١- العملية الابداعية في التصوير، تأليف : د.شاكر عبدالحميد / الكويت العدد (١٠٩) ١٩٨٧ص٢٣١.

١٢- الإغتراب . تأليف: ريتشارد ساخت/ترجمة كامل يوسف حسين/المؤسسة العربية للدراسات و النشر/ص١٨٦

١٣- الادب المقارن / محمد غنيمي هلال / دار العودة و دار الثقافة / بيروت الطبعه الخامسة ص٦ .

١٤-سەرچاوەی پێشوو ،ل (١٠و١١)

١٥- هەمان سەرچاوە ، ل ١٢.

١٦- ثورة الشعر الحديث، الجزء الأول، الهئية العصرية العامة للكتاب ١٩٧٢، ص ٧٥.

١٧-فؤاد رفقة : الشعر و الموت/ ماقالته النخلة للبحر ص ٥١٨.

١٨- هەمان سەرچاوە /غازى القصيبي/ما قالته النخلة ص ٥،٤.

١٩- مذكرات بابلونيرۆدا ، ص(٤و٥) .

٢٠ - مذكرات بابلونيرۆدا ، ص(٢٤٦).

٢١– ڕەخنە ل ٧٦ .

٢٢– مذكرات بابلونيرۆدا ، ص(٣٠٦).

٢٣– مذكرات بابلونيرۆدا ، ص(٢١٤).

٢٤– أراجون/شاعر المقاومة/مالكولم كولي/ بيترک/رودس شظايا/ الأداب الفرنسية فى ١٩شباط ١٩٥٨.

٢٥– هەمان سەرچاوە .

٢٦– هەمان سەرچاوە .

٢٧– هەمان سەرچاوە .

٢٨– کاروانی شیعری نوێی کوردی– کاکەی فەللاح–بەرگی یەکەم –چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد– بەغدا ١٩٧٨– ل١٦٩.

## بــەنـدی یـەکـەم

# " نامۆیی" مۆتیڤێکی شاراوەی "داهێنانە"

## (شێرکۆ بێکەس و پابلۆنیرودا - وەك دوو نموونە)

**" قوڕی کۆیکەم بەسەر خۆما لە غوربەت**

**خـەوم نـایە لـە داخـی مـولك و میللەت "(١)**

**(حاجی قادری کۆیی)**

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (The Title of the Study) :

"نامۆیی" مۆتیڤێکی شاراوەی "داهێنانە"، (شێرکۆ بێکەس و پابلونیرودا - وەك دوو نموونە) ، بابەتێکی رەخنی ئەدبییە لە ڕوانەگەی بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیری کورد (شێرکۆ بێکەس) و شاعیری شیللی (پابلونیرودا) رۆلی "نامۆیی" لە پرۆسەی "داهێنان دا شیدەکاتەوە .

## مەغزای لێکۆڵینەوەکە (The Objective of the Study) :

- پشکنین و دۆزینەوەی گەوهەرە شاراوەکانی چەمکی "نامۆیی" لە رەخنەی ئەدەبی کوردییدا – کە کەمباوە – ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر رەگەزە هەمە جۆرەکانی بنیاتی شیعردا .
- شیکردنەوەی پرۆسەی میکانیزمی "داهێنان" لەمێشکدا ، وەك بابەتێکی زانستی لە تاقیگەیەکی تایبەتدا .
- راڤەکردن و تاوتوکردنی مۆتیڤی نامۆیی ، بە تایبەتی لە پرۆسەی داهێناندا.
- پۆلینکردنی ستانداری داهێنانی شیعری بە هاوتەریبی قۆناغەکانی نامۆیی لە تەمەنی ئەدەبی (شیرکۆ بێکەس و پابلۆنیرودا) دا .
- ئاشناکردنی خوێنەر و پەیامگر بە گەنجینەی داهێنانی پڕ سیحر و جوانی هونەری ئەو دوو شاعیرە.
- بە ئەزموونکردنی رێباز و میتۆدی لێکۆڵینەوەی رەخنەی سەردەمیانە بە پراکتیزکردنیان بە شێوازێکی ئەکادیمی پشت

بەستوو بە سەرچاوەی زیندوو- و ئەپتۆدێت - . دوور لە درێژداری و شکاندنەوە پێدا هەڵگوتن .

- تیشکخستنە سەر لایەنێکی (ئەدەبی بەراودکرا) لە گەشتێك بە ناو شیعرەکانی ( شێرکۆ بێکەس و پابلۆنیرودا) دا.
-

## ***ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە (The Method of the Study) :***

خووردکردنەوەی و بەدواچوونی ئەم بابەتە سێکوچکەیە (نامۆیی / داهێنان / پراکتیزەکردنیان لەسەر شیعری ئەو دوو شاعیرە ) پتر لە ڕێبازێك و میتۆدێك دەخوازێ ، هەوڵەکان خەستکراونەتەوە بە پشتبەستن بە :

- ڕێبازی شیکاری شێوازی (Stylistics Analysis)
- ڕێبازی رەخنەیی (Critical Linguistics)
- ڕێبازی رەخنەیی رۆشنبیری (Cultural Criticism)

لە شیکردنەوەی شیعرەکاندا ، ڕێبازی رەخنەی رۆشنبیری ، پەیرەکراوە چونکە " رەخنەی رۆشنبیری پێوایە دەقی ئەدەبی بەشێکە لە چوارچێوەیەکی مێژوویی لەگەڵ ڕەگەزە پێکهێنەرە رۆشنبیرییەکانی دیکە ، لە کارلێکردندا دەبێت" . (٢)

## ***گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە (The Study Obstruct):***

- بەرهەمە شیعریەکانی ( پابلۆ نیرودا) وەرنەگێردراونتە سەر زمانی کوردی. ناچار خۆم – وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی - لە زمانی ئینگلیزییەوە نموونەی پێویستم وەرگێڕاوەتە کوردی، وەلێ چونکە شاعیر بە زمانی ئیسپانی شیعرەکانی گوتووە ، من

راستەوخۆ لە ئەوم وەرنەگرتووەو واتە شیعرەکانم هی دەستی دووە.

- چونکی لە شاری (دبلن) لە وڵاتی (ئایرلەندا) دەستمکرد بە ئامادەکردنی ئەم بابەتە ، سەرچاوەی کوردیم کەم وەدەستکەتووە.

## پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە *(The Program of The Study)* :

بابەتەکە لە دوو تەورەدا چڕ دەبێتەوە :

- تەوەری یەکەم  نامۆیی و داهێنان .
- بەشی یەکەم : نامۆیی .
- واتای نامۆیی .
- چەمکی زاراوەی "نامۆیی".
- هەماهەنگی نێوان مرۆڤ و نامۆیی .
- رەهەندەکانی نامۆیی .
- بەشی دووەم : داهێنان .
- داهێنان چییە ؟
- سیماکانی داهێنان .
- رەگەزەکانی داهێنان.
- "نامۆیی" مۆتڤێکی شاراوەی "داهێنانە".
- ئاستەکانی داهێنان .
- میکانیزمی پرۆسەی داهێنان لەناو مێشکدا .
- تەوەری دووەم:

- پراکتیزەکردنی رۆڵی نامۆیی لە داهێنان دا ، (شێرۆکۆ بێکەس و بلۆنیرودا - وەك دوو نموونە)
- پرۆفایلی شێرکۆ بێکەس .
- پرۆفایلی پابلۆنیرودا.
- تێکشکاندنی قۆناغەکان.
- جوگرافیای نیشتیمانی شاعیرو نامۆیی
- تارمایی نامۆیی لە گۆڕستانی مەرگدا .
- داهێنانی شیعر لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێ .
- ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە .
- سەرچاوە پەراوێز
- پوختەی بابەتکە بە زمانی عەربی و ئینگلیزی .

## تەوەری یەکەم

## نامۆیی و داهێنان (Alienation and Creativity)

### بەشی یەکەم : نامۆیی (Alienation)

### واتای نامۆیی (The Meaning of Alienation) :

له ( فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە) دا هاتووە : "نامۆیی : بیانی ، غەریبە ، غەوراە ، " نامۆیی : بێگانەیی " (٣). مامۆستا (هێمن) ی شاعیریش بە مانای (غەریب) ی بەکارهێناوە :

*ڕوو لە هەر لایەك دەکەم نامۆیە بۆم*

*نایبینم جێ ژوان و کەونەلانی خۆم* (٤)

لە (فەرهەنگی سایکۆلۆژی) دا " نامۆ بوون " بە (الاغتراب – Alienation) را ڤەکراوە . (٥)

لە ئاخەوتندا ، بەکارهێنانی واتای (نامۆیی) یان (نامۆ) بە مانای (غەریب) زۆرباوە ، تەنانەت لە لای هێندێ کەس (نامۆیی) تەنیا مانای (غەریبی) دەبەخشێ .

هەر لە (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە) دا (غەریب) بەمانای " ئاوزە لە ولات ، بەستە زمان ، گۆرانی خەمبارانە، سەیر ، سەمەرە " هاتووە . (٦)

حاجی قادری کۆیی دەڵێ :

## خەونـایی لـە داخی مـولك و مـیللەت (٧)

کەواتە کورد وشەی (نامۆ ، نامۆیی ، نامۆبوون ، غەریب ، غەریبی ، غەریبایەتی ، غوربەت ) لـە کەوانیەیەکی زۆر بچووکدا کۆدەکاتەوە ، تا رادەیەکی زۆر مانای ( غەریب و غەریبایەتی) دەدات . لەزمانی لاتینیدا وشەی (Alienation) کە لە فەرمانی (Alienate) وەرگیراوە ، لە جیاتی (نامۆیی) بەکاردێت هەرچەند لە بنەڕەتدا ، بە مانای گواستنەوەی خاوەنداریەتی موڵك و ماڵ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دێت (8). ئینگلیزەکانیش بۆ نامۆ بوون هەر ئەم وشەیە بەکاردێنن هەرچەندە لە فەرهەنگی ئینگلیزی کۆندا وشەی (Alienation) بە مانای ( غەریبایەتی ، ڕاوڕوتکردن ، بە زۆر لێساندن ) دێت . لە زمانی ئەڵمانیشد وشەی (Enfrendurg) بەکار دێت . (9)

لە زمانی عارەبیدا وشەی (الغربە) و (الاغتراب) بە واتای (نامۆیی ، نامۆبوون) بەکاردێ ، کە لە کاری (غَرّبّ) – واتا حەرەکەو جوولە – وەرگیراوە (10). بەلاَم وشی (الغربۃ ) کە داتاشراوی ئەم فەرمانەیە ، لە فەرهەنگی ئیسلامیدا ، مانایەکی جیاواز دەبەخشێ : (خواناس ، باوەڕدار ، لە خواترس ) ، پێغەمبەر دەفەرموێ :

*" بدء الاسلام غريبا و سيعود غريبا ، كما بدء ، فگوبى للغرباو " قالوا : " يا رسول لله ومن الغرباو ؟ " قال : " ناس صالحون قليل من ناس کُپر ، من يعصيهم اكبر من يگيعهم . "* (١١)

## چەمکی زا را وەی "نامۆیی" (The Concept of the Term)

چوون " ئێمە لە رۆژگار و سەردەمێکدا دەژین کەتێیدا نامۆ بوون یەگجار خەست و چڕ بۆتەوە، ئا ئەوەتانێ پێشکەوتنی هاوچەرخ بە ئامێرە تازە بابەت و چەگوشە قورس قورسەکانی خۆی لە سەرمان دەدا " (١٢). زاراوەی (نامۆیی) بۆتە باوترین چەمکی سەردەم ، کە قسەو باسی زۆری لەسەر دەکرێ ، چەندین پێناسەی تەمومژاوی لە دەوری خۆیدا کۆکردۆتەوە ، هۆکارەکەشی ئەوەیە ، ئەم بارە ناتەندروستە لەم سەردەمە پڕش کێشمە کێشمەیە بۆتە دیاردە (Phenomenon) . جا گرێکوێری و ئاڵۆزی ئەم زاراوەیە لەوەدا پەنگدەخاوەتەوە کە ڕەگ و ریشەی بۆ ناخی زۆربەی هەرە زۆری بوارەو رەهەندە بایەخدارەکانی ژیانی ئەم سەردەمە شۆڕ بۆتەوە . کە باس و خواس دێتە سەر بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیری و سایکلۆژی و سۆسیۆلۆژی و پەروەردە و فیکرە و فەلسەفە ، زەحمەتە بتواندرێت زاراوەی (نامۆی و نامۆبوون) وەلاوە بندرێت ، بە پێچەوانەوە ، ڕەنگ بێ حزوری ئەو، کێشەکان کاڵتر بکاتەوە ئاسانتر چارەیان بکات .

پێش پێناسەکردنی زاراوەکە وا باشترە ئەو وشەو واتاو زاراوانە دەستنیشان بکەین کە هەڵگڕی ناوەرۆکی ئەم چەمکەن ، لێرە ئەو حەقە بە خۆمان دەدەین کە وشەیەك یان چەند وشەیەك داتاشین یان دارێژینەوە یان

بيسووينەوە بۆ وەدستهێنانی (زاراوەی مەبەست) ، ئەميش كارێكی پەيڕەوكراوە لە زمانەكانی غيری كوريدا ، بۆ نموونە ئينگليزەكان وشەی (Alienation) يان بەرانبەرە (نامۆبوون) داناوە لە كاتێكدا ئەو مانای " ئاوارەی ؛ هەستی ئاوەری ، دەركی ئاوارە بوون ؛ ئاوەكی يان هەتەرەبوون " دەبەخشی (١٣) لێرەدا ئەو (سێ) وشيەيە وەك زاراوە لەم نووسينەد بەكاردێنين : ( نامۆ : وەك ئاوەڵناو بۆ كەسێ يان شتێ سيفەتی نامۆی هەلگرێ . نامۆيی : وك ناوێكی واتايی بۆ دەربڕينی حاڵەتەكە . نامۆ بوون : وەك دەستەواژەيەك بۆ پرۆسەو قوناغ و سيمای دياردەكە . )

لەبەر گشتگيری و پەرش و بلاوی چەمكەكە ، پێناسەی زاراوەی (نامۆ ، نامۆيی ، نامۆ بوون) لە ناميلكەيەكدا تەواو نابێ ، بە كوردی و كرمانجی دەڵێين :" نامۆيی ئەو حاڵەتەيە كە تێيدا ، جەورو زوڵم و جەفا و زۆرداری و دەسەلاَت سالاری و كۆيلەتی ، گەوهەری مرۆڤ زامدار و برينددا دەكات و بەهاو قيمەتە مرۆڤايەتييەكەی دەستدرێژيی دەكەرێتە سەرو دەشێوێندرێت ، گەوهەری مرۆڤ رۆح و ئەقڵە ، جا هەر شتێ بێتە هۆی لەكەداركردن و زامداركردنی – ئەو دوو شادەمارە سەرەكييەی كەسايەتی مرۆڤ – ئەوا مرۆڤەكە تووشی نامۆ بوون دەبێت (١٤). وەسيلەو ئامێر و ئامرازەكانی نامۆيی بوون هەمان وەسيلە و ئامێرو ئامرازی چەوساندنەوە وئەشكەنجە دان و غەدرو زۆر دارييە .

## ***هەماهەنگی نێوان مرۆڤ و نامۆيی***

## ***(The Relation Between Alienation and Human-being)***

زانای ناودار (هایدیگەر) باری چەوتی مرۆڤـ دەکاتە هۆکاری سەرەکی نامۆیی کە دەڵێ : " باری هەبوونی مرۆڤـ لە خۆیدا نامۆییە ، چونکە بوونی مرۆڤـ لە رووی گەوهەرەوە بەو شێوەیە نییە کە پێوستە ، بۆیەش لە هەبوونی خویدا نامۆیە . " (١٥)

نامۆ بوونی مرۆڤـ لە خویدا ، بۆ ئەو ساتە دەگەرێتەوە کە وەختێ بۆ یەکەمین جار ، چاودەکاتەوە و لە بوون و سروست و دەروبەری خۆی رادەمێنێ و تێدەفیکرێ و بیردەکاتەوە ، هەست  بە بوونی پۆشای و کەلێنێك دەکا بەقەد خەرندێ ، لەنێوان (خۆی و جودی خۆی ) و (سروشت و دەوربەوەری خۆی) کاتێ لە چۆنیەتی خەلق بوون و کۆتای هاتن و فەنا بوون تێدەفکرێ شتێکی وای لێ حاڵی نابێ تێنوویەتی بشکێنێ . سەر هەڵدەبڕێ مانگ و ئەستێرە و خۆرو هەورە بروسکە وشینی ئاسمانێکی دوور دوورە ، دەها پرسیار لە مێشکدا دەورژێنێ وەلامێکی بە دلی بۆ وەگیرنایێت جا لێرەدا هەست بە بچووکی خۆی و نەفامی خۆی دەکات بەرانبەر ئەو گەردوونە بێسنوورە ، بە کەڵکە بوونی ئەو پرسیارە تاریك و تنووکانە ، بەرە بەرە تەمی نامۆ بوون بەسەر بیلبیلەی چاوانی دا ڕەشتر دەبێ و لە نێو جیهانێکی نادیاردا پەنگدەخواتەوە .

کەواتە رەوشی نامۆ بوون ئەو کاتە سەر هەڵدەدا کە شتێ هەبێ مرۆڤـ پێی نامۆ بێ ، ئەو شتەش هەڵگرێ رەگەزە و خەسڵەتەکانی نامۆیی بێ ، کەواتە لەوەتەی مرۆڤ هاتۆتە سەر ئەم دنیایە ئەم دوو دیاردەیە وجودیان هەبووە ، هەزاران هەزار شتی نامۆ دەوری داوا و هەمووشیان بنەمای نامۆییان تێدایە .

لێرەدا مرۆڤ نایەوێ تەسلیم بێ و دەستەوەستان دانیشێ ، بۆیە خۆ دەبزوێنێ پەلەدەکوتێ بەو نیازەی دەستی لەسەرە داوێك گیر بێ لوغزەکان بکاتەوە، ئەویش جارێ بە پەرستنی شتەکان و جارێ خوداکان . ئەمە چۆن بووە ؟ هەمیشە ئەو شتانەی پەرستوە کە لێترساوە یان تێینەگیشتوە وەك بروسکە و ئاگر و دەریا یان باران و خۆر و ئەستێرە . لەگەڵ هەراش بوونی مێشك و پەیدا کردنی ئەزموونی تازەتر و چوونە ناو قۆناغە نوێیەکان – لە ئەشکەوتوو دارستانەوە بۆ گوند و شار – مەتەڵ و نهێنی و پرسیارەکان قوڵتر و لۆجیکتر خۆیان نیشاندا ، چوون ئەو خودا دارو بەردانە وەڵامەکانی ئەونیان پێنە بوو ، جا بۆشایی و کەلێنکەی نێوان "بارو گوزەرانی راستەقینەی تاك و جەوهەری سروشتی ئەو دەبێتە هۆکارێك بوو هەسکردن بە نامۆیی خود ، واتا دابڕان لە خودی کەسایەتی مرۆڤەکە . " (١٦) لە گەڵ ئاشنا بوونی مرۆڤ بە شارستانییەتی ، ئاستی نامۆییەکەی پتر هەڵکشا . ئەفسانە کۆنەکانی سۆمەرییەکان بەدەر نین لە ئاماژە پیکردنی ئەو خاڵە ، راستەوخۆیانە یان ناراستەوخۆیانە . خۆ لەگەڵ دروست بوونی یەکەمین سیستەمی حوکومرانی دەوڵەت لەلایەن رۆمانیە کۆنەکاندا ، نامۆی بوون هێندەی تر بە قور داچوو ، دەوڵەت بوو بە باوك و هەموو دەسەڵاتەکانی لە تاك ئاوەرووتکردەوە ، تاك بوو بە کۆیلەی دەستی پاشا و مەلیك و سوڵتانەکان . ئەمیش جۆرە نامۆییەکی تازەی هێنایە کایەوە : نامۆیی دابڕانی فیکرەی لە پراکتیزەکردنی فیکردا . بۆیە دەبینین ، تا مێژوو پیرتر دەبێ توخم و بنەما و سیماکانی نامۆ بوون شێوازی خۆیان ، وەك ڤایرۆسی نەخۆشیەکان ، خۆیان دەگۆرن . دەها جۆرە نامۆیی بوون وەك تەونی جاڵجاڵۆکە ژیان و مێشکی مرۆڤ دەتنێ ، جارێ نامۆی تەسلیم بوون و خۆ خستنە باوەش غەیب و ئەفسانە وەهم و خەون و خەیاڵ ، جارێ

نامۆیی بوون لە مەرگ و فەنابوون ، جارێ نامۆیی زوڵم و زۆرداری تاك و کۆمەڵ وجارێکی تر هی دەسەلاَت و حاکم و داگیرکەرو چەوساندنەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی نەبونی رۆحی دیموکراسی.

لەگەڵ گەشەساندنی فیکری مرۆڤـ و پەیدا بوونی قوتابخانە فەلسەفیەکان ، کێشەکانی نامۆیی بوون ئاڵۆزتر بوون. " دەتوانین بڵێین نامۆی مرۆڤـ ناوەندی دین و فەلسەفەیە هەرچەندە هەردووکیشیان هەوڵی چارەسەرو دەربازبوونیان بۆ داوە. جا ئەو دەرباز بوونەش یا ئەوەتا لە دەسبژێرێك و تاکەکاندا کورت بۆتەوە – وەك ئیفلاَتون ، بوودییەکان و بوونگەراییەکان – یان دەرچوون لە سنووری ژیانی واقیعی ڕوو لە نهێنیی و دوارۆژ و مردن – وەك دیانەتە عارەبییەکان – خۆ ئەفلاَتون رزگار بوون لە نامۆیی لە بیرکاری و مەعریفە و ئەزمونگەرایی دا دەبینێتەوە." (١٧)

لە گەڵ هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان ، چەندان دەروازەی تازە لە رووی نامۆییدا کرایەوە. لە مەتنی فکری مەسیحی و تۆمارکراوەکانی ( ئەفلوتین) دا، نامۆیی لە بیرۆکەی گوناه و خەتیئە و بیرۆکەی (خەلاس) سەرهەڵدەدات. قەشە (ئۆگستین و مارتن لۆپەر) بە ئاشکرا دەڵێن نامۆیی جیهادکردنە بۆ بنبڕکردنی کەم وکوڕیی و خەتیئەکان لە خودی مرۆڤدا، بەشێوەیەك کە مرۆڤـ بگاتە ئەو مەقامەی کە خودای گەورە هەیەتی لە پاکیدا." (١٨) بۆیە دەبینین هەر یەك لەو ئایینانە و بە جۆرێ لە جۆرەکان هۆکاری خولقاندنی جۆرە نامۆییەك بوون. لە لای جولەکەکان بە گوێرەی تەفسیریان بۆ ( تەلمود) " خودا سەرچاوەی سزاو پاداشتە و هەر خۆشی سەرپەرشتیاری هەموو یاساکان و سروشتە. لە لای دیانەکان خودا ئەڤیندارەو خۆشبەری گوناهانە. لە کن موسڵمانانیش ئەقڵ ئازادەو ئیرادە سەربەخۆیە." (١٩)

له سەدەکانی ناوەراستد ، هێندێ گۆڕانی بەرچاو و کاریگەر هاتەکایەوە " لەسەر دەستی کۆمەڵێك بیرمەندی برژوازی ئەوروپایی، هەڵگەڕانەوەیەکی زانستییانە بەرانبەر دیدی مەسیحی و ئیسلامی — کە بەلایانەوە خوداوەند سەرچاوەی هەموو راستییەکانە، روویدا: ئەقڵ وردە وردە پاشەکشێی بە دیدە کۆنەکە کرد. واتا ئەقڵ بوو بە سەرچاوە و چاوگی راستییەکان ( دیکارت) ، دیاری کردنی سەرچاوەی سیستمی گەردوونی هەستپێکراو(کانت)، روونکردنەوەی سەرچاوە سروشتییەکان ( فیختە) ، دوای ( هیگل) یش هات سەرچاوە مێژووییەکەی دارشت." (٢٠)

جا دەبینین چۆن ئەم هەموو بیرۆکە فەلسەفییانە لە گەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی و رۆشنبیری و زانستی، نامۆییان بەدوای خۆیندا هێناو قولتریشیانرکردەوە. بۆیە (Rousseau ) لە کتێبی (ئەمیل) دا دەڵێ:" کۆمەڵگای رێکخراو ، چ بەشێوە تەقلیدییەکەی چ بەشێوە تازەگەراییەکەیەوە ، دەستپێکە بۆ داپلۆساندنی کەسایەتی مرۆڤـ و ماقە سروشتییەکانی. هەرچی شت لەم دنیایە دا هەیە ، خێروبەرەکەتە کە لە دەستی خودا دایە، بەڵام هەر دەستی مرۆڤتی پێکەوت ئەوا تێکدەچێ و گەندەڵ دەبێ."(٢١) واتە مەدەنیەت و شارستانیەت مرۆڤی لە سروشتە پاك و خاوێن و خێرخوازەکە دابڕی و لە بوونی حەقیقیەتی خۆی جیای کردەوە .

ئەمە هەر گوتەی ( جاك جاك رۆسۆ) نییە ، بگرە " هەموو فەلسەفەکان ، جگە لە مارکسییەت ، جەخت لەوە دەکەنەوە کە مرۆڤـ کەماسی هەیە و ناتوانێت لە ئاستێك زیاتر تێپەرێنێت و ناتوانێت کۆیلەیەتی خۆی لەنامۆ بووندا رزگار بکات ." (22) .

(هیگل)یش پێیوایه نامۆ بوون له دەستگردی خودی مرۆڤ خۆیانن چونکه " ئەو جیهانەی مرۆڤ تێیدا دەژیت ، تا ڕادەیەکی زۆر ، له داهێنان و دروستکردنی خۆیەتی ، کەواته هەموو یاسا سیاسیەکان و دابو دەستووری شارستانی و کۆمەلایەتییەکەی مرۆڤن دەرئەنجامی ئەو ڕۆڵەی مرۆڤه ." (٢٣)

بەلام ( کارل مارکس ) نامۆیی " به حاڵەتێکی مێژووی دادەنێت ، که دەتوانرێت تێبپەڕدرێندێت و بەسەریدا سەرکەویت ، ئەمەیش به خەبات و هەوڵه مروییەکان له مێژوودا وەدەست دێت ." (24)

مارکس بەم شێوەیه بۆ چوونه فیکریەکەی خۆی ڕاڤەدەکات " ئەقل و واقیعی ژیانی مرۆڤ هەردووکیان پەیوەندییەکی دیالکتکیان بەیەکەوە هەیه ، له تەواوکردن و دروستکردن و فراژوتنی یەکتر . ئەقل بەرهەمی کاری کۆمەلایەتییه ( پراکتیزه بەرهەمییەکان ) بەهەمان شێوەی ئەقل دەبێته بزوینەرو پەرەسێنەری کاری کۆمەلایەتی ." (25)

ئەمەش ڕەتکردنەوەی بیرۆکه ئایینیەکانه که مرۆڤ به نهێنییه شاراوەکانی خۆی سەرقاڵ دەکات و به نامۆیی دەیهێڵێتەوە .

لەگەڵ دروست بوونی ڕژێمی سەرمایەداری ، دوای شۆرشی پیشەسازی ، نامۆیی مرۆڤ چەندین ڕەهەندی تازەی بەخۆیەوە بینی ، بۆیه (اریش فروم ) ، زانای سۆسیۆلۆژی ئەلمانی دەڵێ : " ڕژێمی سەرمایەداری کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو له بەهێزکردنی هەستی نامۆیی ، کاتێ کۆمەلگەیەکی هێناکایەوە که مشەخۆر و بەرخۆری تاکی مرۆڤی کرد به کۆمەڵه خەڵکێکی ناوشیار و خستیشیه ژێر باڵی خۆی تا کوێرانه به گوێی بکات ، لێرەدا نامۆیی بوو به دیاردەیەکی کۆمەلایەتی ." (26) .

زۆر قسه لەسەر ئەوە کراوە کە شۆرشی پیشەسازی و دەرکەوتە تەکنەلوژیەکانی سەردەم " دۆخێکی کۆمەلآیەتی تازەی بۆ مرۆڤەکان خولقاند ، کە تێیدا هەست بە ئامێربوون و دامالْینی خۆیان ، لە هەموو خەسلْەتێکی ڕۆحی و دەروونی ، بکەن ، ، لە ئەنجامی کارکردن و سەرقالْ بوون ، بە لایەنی ماددی ژیانەوە ، ئیدی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی لاواز و گۆشەگیرو بێ ئیرادە دەردەکەوێت ." (27)

لەم گەشتە خێرایەدا ، بەناو کووچەو کۆلآنەکانی ئایین و فەلسەفە ، هەولْدان و خەبات و کۆشش بۆ یارمەتی دانی مرۆڤ بۆ خۆگونجان و ژیان بەسەربردن لەگەلْ نامۆیی دا هەمیشە لە گەڕدابووە. وەك (David E . Cooper) دەلْێ :"نامۆیی دەرئەنجامی تێکچوون ، لەبەریەکدەرهاتن و شێواندنی هەلْوێستەکانە ، لەنێوان مرۆڤ و جیهانی دەووروبەری . " (28)

بەلآم ، جەخار ، دەبینیین فەلسەفەکان خۆیان دەبنە بنەماو بنەتۆی نامۆ بوون . کەواتە نامۆیی دیاردەیەکی گەردوونیە و تایبەت نییە بە کەسێ یان کۆمەلْێکی یان جوگرافیایەکی تایبەتمەند ، لە قۆناغێکی دیاری کراو – هەرچەندە ( هیگل ) دژی ئەو بۆچوونەیە – وەلێ ، شتێکی حەتمییە کە ( نامۆیی ) هێندێ کەس و هێندێ کۆمەلگاو هێندێ سەردەمی مێژووی – لەبارودۆخی تایبەتی خۆیاندا – ڕێژەو پلەو جۆرو ڕەهەندی خۆیان هەبێ و جیاوازبی لەگەلْ دەووروبەرو سەردەمەکانی تر .

## ***ڕەهەندەکانی نامۆیی ( Alienations Dimensions ) :***

ڕەهەندەکانی هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و نامۆیی لە چوار رایەلْەی تیکهەلْکێشراودا شیدەکرێتەوە :

### یەکەم :" نامۆ بوون لە خودا " (29)

کە خودا دەستکردەکان ( بوت و سەنەمەکان ) ، نەیانتوانی وەڵامی پرسیارە گەورەکانی مرۆڤـ دەربارەی گەردوون و بوون و فەنا بوون بدەنەوە ، نامۆبوون لە خوداکان ڕەگی داکووتا ، خۆ کە ئایینە ئاسمانییەکانیش ( ئادەم و حەوا ) یان لە بەهەشت دەرکردە دەرەوە کردیان بە داردەستی شەیتان (شەیتانەکان ) و بە ئاگرو دۆزەخی سزادان پەنجەیان لە عەبدی کۆیلە ڕاوەشاند ، نامۆ بوونەکە قووڵتر بۆوەو پرسیارەکان ئاڵۆزتربوون . هەموو ئەو تایفگەری و سوفیگەری و تەریقتە و حیزب و حیزبایەتییەی لە ئایینەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە ، یەك ئامانج و مەبەستیان هەبووە ، ئەویش گەیشتن بەو یەقینانەی کە لە شێوەی گومان خۆیان نیشان دەدەن ، هەر بۆ نموونە " سۆفیگەری وەك هەوڵێکی ئەزموونگەری هاتەکایەوە بۆ دەرباز بوون لە نامۆیی لە ڕێگای ئەزموونی خودی خۆیان لەنێوان حەق و خالق دا . چوون ئەو پەیوەندییە ، گرێبەستێکە لە نێوان خودی سۆفییەکان خۆیان وە لە نێوان مەخلوق و مەخلووقەکانی تر ." (30)

### دووەم : " نامۆ بوون لە سروشت و دەوروبەر " (31)

کاتێ ئەقلی مرۆڤـ نەیتوانی لەگەڵ عیلم و حیکمەتی خودا دایەلوگ بکاو بێ دەسەڵات و سنووردار دەرکەوت ، شێوازی پرسیارە گەورەکانی گۆڕا ، تەنانەت خوداش لە هەرسێ کتێبە ئاسمانییەکانیدا ، داوا لە مرۆڤـ دەکا کە لە دەستکردو مەخلووقاتەکانی ئەو تێبفکرن ، گەر گەرەکیانە خودا بناسن ، جا کاتێ کەوتنە گەڕان بەدوای ئەو پرسیارانەی پەیوەندیان بە گەردوون و سروشت و ژینگەوە هەیە ، سەرنجیان دا ، لێرەشدا ئەقلیان پەیی بە هەموو ی نابات و لە جیهانی گومان و نایەقینا دەستەوەستان ، مایەپووچ دۆشدا

دەمینێن . هۆکاری سەرهەڵدانی زۆر لە فەلسەفەکان ، تێنەگەیشتن بووە لە سروشت ، جوانترین نموونەش ( ژینگە گەرایی )یە . (Environmentalism)

### سێیەم :" نامۆ بوون لەیەکتری" : (32)

چەند سعاتێ دوای ئەوەی ( حەوا ) سێوەکەی دەرخواردی ( ئادەم ) دا ، بەم تاوانەش تا هەتایە لە بەهەشت وەدەرەوە نران ، نامۆییەکە نەك هەر هەڵوێست و کاردانەوە بوو بەرانبەر خودا ، بەڵکو بووە ژیلەمۆی نامۆ بوونی مرۆڤەکان لەیەکتر ، ئەوان هیچ ڕێگا چارەیەکیان لەبەردەم نییە غەیری قبوڵ کردنی هەموو ئەو داواکاری و فەرمایش و داخوازییانەی بۆیان نووسراوەتەوە ، وەلێ ، خۆ مرۆڤەکان هەموویان وەك یەك بیرناکەنەوە ، لێرەدا نامۆ بوونی مرۆڤت لە مۆڤـ سەری هەڵداو تا ئیمرۆیش بەردەوامە ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش خەستترو قورستر و ڕەشتر دەبێ . فرۆید دەڵی :" نامۆ بوون بارێکی دەروونی ئاساییە لە مرۆڤدا ، جا بۆیە مرۆڤی نامۆ غەریب و خەمۆکی و ناشاد دێتە بەرچاو ." (33). ئەم سەردەمە تەکنەلوژ – ئامێزە هێندەی دی مرۆڤەکانی لەیەکتر نامۆ کردوە بۆیە ( هربرت مارگیز) دەڵێ : " تەکنەلەلوژیای سەردەم مرۆڤی کردە مرۆڤی تاك رەهەند تەنانەت نامۆیە لەبەرهەمەکانی دەستکردی خۆشی ." (34)

### چوارەم :" نامۆ بوون لە خودی خۆی " : (35)

تا مرۆڤـ ڕۆشنبیرترو روناکبیرتر بێت ، باشتر تێدەگا چەندە نەفام و پاشەگەردان و گۆشەگیرە لە تێگەیشتنی بوون و گەردوون و فەنا بووندا . لێرەدا ، نامۆبوونی ڕۆشنبیر گەشە دەکا . ڕاڤە کردنی (هیگل) بۆ ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە " لەم ڕەوشەدا رۆحی مرۆڤی فەشەل دەهێنێ لەگەڵ خودی خۆی لەجیهانە مەوزوعییەکەی کە تێیدا دەگوزەرێنێ ." (36)

( ئاسۆ بیارەیی ) دەروونناسی کۆمەڵایەتی ـ لە دیاردەی نامۆ بوون و نامۆیی بەم شێوەیە دەدوێ :" کاتێ مرۆڤـ ناتوانێت بەلانسێك لە نێوان جەمسەرەکانی ( من ، خود و کەسی سێیەم ) کەسایەتیدا دروست بکات ، تووشی شپرزەیی هەمەلایەنە دەبێت و کاتی بەدەستەوە نامینێت تاکو بپەرژێتە سەرخۆی ، ئەو ڕۆل گۆڕینە ، وا لە مرۆڤـ دەکات ، کە کۆمەڵێك بوونی هەبێت – هەر کاتێك ڕۆڵێك دەگرێتە خۆ – نەك یەك بوونی هەبێت ، ئەوا دارمانی کەسایەتییە کە لە خۆیدا ، مرۆڤـ دەخاتە گێژاوەی نامۆییەوە ." (37) خۆ (سارتەر)یش هەمان بۆچونی هەیە لە بۆتەیەکی تردا کە دەڵێ:"ئادەمیزاد جگە لە پرۆژەکانی هیچ نییە. وەلێ بێ ئاگا نەبووە کە ئادەمیزاد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە بونی خۆی دوا دەکەوێ، لە راستیدا ئادەمیزاد بە هۆی ئەو پرۆژەی دایرشتون دوور نییە لە خۆی نامۆ بێت."(٣٨)

## تەوەری یەکەم

## بـەشـی دووەم

## دا هـێنان (Creativity)

## دا هێنان چییە ؟ (What's Creativity?)؛

( داهێنان ) وەك وشە لە (هەنبانە بۆرینە) وا ڕاڤە کراوە : " ١- رام کردن ، کەوی کردن ، کەدی کردن . ٢- بەرهەم بڕینەوەی دار ٣- شانە کردنی مو ٤- خوارکردنەوەی لك و دارە . لە نویّ داهێنان " وە (داهێنەر)یش واتای (وەدی هێن ) دەدا. (38)

لە زمانی ئینگلیزیشدا ، بەرانبەرەکەی ( Creativity)یە ، کە ئەم مانایانەی هەیە :" توانای داهێنان هەبوون ، داهێنان ، بەهرەداری ، دانایی ) وە (Creator) واتا ( ١- داهێنەر ، دروستکەر ٢- خودا ، یەزدان ، کردگار ." (39)

( داهێنان ) وەك زاراوە پانتاییەکی یەکجار فراوانی لە زانست و مەعریفە و فەلسەفەدا داگیر کردووە . وەك زاراوەی ( نامۆیی)، لە دێرە زەمانەوە ، پریشکی پەریوەتە ناو زۆربەی هەرە زۆری لقەکانی زانیاری . ئەم پەلهاویشتنەو پەرش و بلاّوی وشەی ( داهێنان ) چەندین پێناسەی جیاوازی

به گوێرەی بابەتەکە بۆ کراوە. کەواتە پێناسەی زاراوەکە لە فەلسەفە جیاوازە لەگەڵ ئەو پێناسەی لە زیندەوەرزانی یان فیزیکا بۆی دارێشتراوە ، ئەوەی کە ئێمە لێرەدا ، بەدوای دا دەگەڕێین ، پێناسەیەکی سادەو مانا بەخش و کورتبڕە ، زاراوەکەیە لە بواری ئەدەبیدا .

( داهێنان ) وەکو چەمك و زاراوە هێندە لە مێژنییە بۆتە خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆ . تا سەردەمی (Renaissance) ( داهێنان ) وشەیەکی بڤەبوو کەس نەیدەوێرا قەرەی خۆی لە قەرەی بدا ، چونکە ( داهێنان) تەنیا لە قودرەت و هیمەتی خودا دەوەشێتەوە ، هەر (ئەو) داهێنەری حەقیقی کەون و کائیناتە . لە شارستانیەتی یۆنانی کۆن و چینی کۆن و هیندی کۆن دا ، وشەی ( داهێنان ) وەك زاراوە ، وجودی نەبووە تەماشاکردنی ئەوان بۆ هونەر لە گۆشەنیگای (لاسایی کردنەوە) دەرنەچووە ، تەنانەت یۆنانییە کۆنەکان کە ووشەی (Create داهێنان ) وە (Creator = داهێنەر ) یان بە مانای (to make = دروستکردن) بەکارهێناوەو ئەویش هەر لە بواری شیعرو شاعیریدا . (ئەفلاتون) باوەری بەوە نەبووە کە هونەر شێوەیەکە لە داهێنان ، کە لە (کوماری)یەکەیدا ، دەپرسێ :" دەکرێ بڵێین نیگارکێش شتێ دروستدەکا ؟" خۆی لە وەڵامدا دەڵێ :" بە دڵنیایەوە نا ، ئەو تەنیا لاسایی دەکاتەوە ." (40)

لە شارستانی ڕۆژئاوادا ، لە ڕێگای ئایینی مەسیحییەوە ، زاراوەی ( داهێنان ) هاتەکایەوە ، وەڵێ هەر بەمانای لاهوتییەکەی کە راستەوخۆ پەیوەست بوو بە کردگارەوە ، کە خۆی خالق و داهێنەرە . مێژوو ناوی زۆر زاناو حەکیمی تۆمارکردووە کە ژەهرخوارد کراون ، یان لەسەریان دراوە ، کاتێ داهێنانێکی زانستییان ئاشکرا کردووە. چوون بەلای کڵێسەوە ئەوە

**کوفرو سووکایەتی کردن بووە بە خالقی داهێنەری گەورە ( خودای پەروەردیگار) .**

**لە سەرەتای سەدەی هەژدەمین دا ، بۆ یەکەمین جار ( داهێنان ) وەك زاراوە بەکارهات ئەویش بە پەیوەستکردنی بە ( خەیاڵ ) تا وای لێ هات بوە توخمێکی سەرەکی هزری مرۆڤـ . (William Duff) یەکەمین کەس بوو ئاماژەی بەو کرد کە بلیمەتی (عەبقەریەتی) (genius) زادەی خەیاڵە ، سنووریشی لە نێوان (بلیمەتی) و ( بەهرە ) کێشا . (41)**

**لە سەدەی نۆزدەمینیشدا ، قوتابخانەی (Darwinism) گڕوتینێکی خۆشتری بە چەمکەکە بەخشی و بووبە زاراوەیەکی فەرهەنگی هەمە لایەنە .**

**(Peter Meusburger) ئاماژە بەوە دەکات کە لە بواری ئەدەب و هونەردا تا ئێستا پتر لە سەد پێناسەی هەمەڕەنگ لەسەر زاراوای (داهێنان) هەیە . (٤٢)**

**(Michael Maumford) دەڵێ : (( لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەو دە ساڵەی دوایی ، گەیشتینە پێناسیەکی یەکگرتوو کە خاڵی هاوبەشی تێدایە : "*داهێنان بریتیە لە هێنانە کایەی بەرهەمێك هەم تازە بێ و هەم سوود بەخش .*" (43)**

**ئەو پنتەی لەم پێناسەدا تیشکی خراوەتە سەرو بەهای سەربەخۆی لە ئەدەبدا هەیە ، بریتین لە (*ڕەسەنایەتی Original*) وە (*بایەخداری Worthwhile*) .**

پێناسەیەکی سایکۆلۆژی بەم شێوەیە زاراوەکە دەخاتە روو :

" داهێنان بەرهەمی زنجیرەیەك چالاكی و هەڵسو و کەوت و کاری ناهۆشیاریە ، واتا زۆربەی توخمەکانی خەیاڵ لە (ناهۆشیاری) دا کۆدەبێتەوە ، ئەقڵی بانتدا وێنەکان ئەمبار دەکات ، دوای لە هەلّ و مەرجی تایبەتییدا یەك لە دوای یەك دەریان دەهاوێژێتە دەرەوە . داهێنانەکەی (نیوتن) بۆ نموونە ، دەرئەنجامی بیرکردنەوە و خەیاڵکرد نەوەیەکی دوورو درێژ و بەردەوام بوو . "(٤٤)

(غیاپ الدین نەقشبەندی)ش لە دەرئەنجامی ئاوێتە کردنی چەند بیرۆکەیەك ئەم پێناسەیە لە کتێبەکەی ( نامۆیی) دا تۆماردەکا :" داهێنان بریتیە لە تێکهەڵکێشراوێکی رێکخراو لە نێوان هۆشیاری و ناهۆشیاری داهێنەر و رەنگدانەوەی هزری ئایویالست و دور هێلی مەتریالی لەسەر داهێنەر." (٤٥)

خوێنەری ئازیز، ئەم پێناسانە لە قالّبی تیۆری و رەخنەگریدا مانا بەخشن، وەلّ شیکردنەوەی زاراوەی داهێنان و خووردکردنەوەی توخم و ئیلێمەنتەکانی بە پراکتیزە کردنیان لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەریەکاندا جوانتر خۆیان دەنوێنن، جا سیماو رەگەز و بنەماکانی (داهێنان ) باشتر شیدەکەینەوە کە دێتە سەر بەرهەمەکانی (شێرکۆ بێکەس وپابلۆ نیرودا) لە تەوەری دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەدا.

## سیماکانی دا هێنان (The Aspects of Creativity):

زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێت : بۆ هێندی کەس داهێنەر ترن لە خەڵکانی تر ؟ توێژەرانی بواری ئەدەب و هونەر لە رەخنەگر و دەروونناس و

کۆمەڵناس و زمانناسانان زۆر خۆیان بەم پرسیارەوە سەرقاڵ کردووە . تازەترین تیۆر ، رۆڵی (چوار) فاکتەری بنەرەتی دەست نیشان دەکات کە سیماو روخساری داهێنانیان تێدایە . فاکتەرەکان بە دەستەواژەی ( *Four Ps* ) ناسراون کە ئەمانەن :

(Process , product , person , place) دەبینین هەر چوار وشەکە بە پێی (P) دەستپێدەکا ، بۆیە ناوز ەدکراوە بە دەستەواژەی (*4Ps*) .

**١-پرۆسە (*Process*) :**

کۆمەڵە رێباز و هەوڵ و هەنگاوێکی هزرە بۆ راڤە کردن و خستنە رووی شێوازی تەکنیك و میکانیزمی بیرکردنەوەی داهێنەر" . (١-٤٤)

دەبینین زۆربەی پێناسەکان لە دەوری خاڵە سەرەکییەکانی داهێنان دەسوڕێنەوە ، بۆیە دکتۆر (هاوژین سلێوە) پێیوایە کە " داهێنان کارێکی عەقڵانی بەرزە لە مرۆڤدا ، بەرەو دۆزینەوەی چارەسەری نوێا دەبات بۆ کێشەکان ، یان دۆزینەوەی بیرۆکەو یاساو پەیوەندی نوێ و چەمك و بۆچوونی عەقڵی نوێ ، وە بەرەو ئەفراندن چوون لە هەر شێوەیەك لە شێوازێکی هونەری جوان دا کە بنەمایەکی نوێخوازی هەبێت و ئەدەبیات بە رەو پێشەوە ببات."(٢- ٤٤)

**٢-بەرهەم (*Product*) :**

دەبێ بەرهەمەکە لەسەر تەرازووی پێوانی داهێناندا پلەی سەرکەوتن وەرگرێ ، پێوەری داهێنان پێیدەگوترێ (*Psychometrics*) ئەمەش

قامتێك رەگەزی تایبەتمەندی خۆی هەیە وەك ئایدیاو یاد و خەیاڵ ورەسەنایەتی .....هتد .

**٣- کەسەکە [*Person* ):**

ئەمە پەیوەندیەکی توند و تۆڵێ بە کەسایەتی داهێنەرەوە هەیە لە ڕووی زیرەکییەوە (Intelligence) ، کراوەیی (Operness]، ئاستی تۆمارکردنی وێنە لە مێشکدا (Ideation) واتا دیاردەی وێنەیی لە ناو مێشکدا ، ئەزموونگەرایی (Experiences) وە هەڵس و کەوتی کەسەکە (Behavior) .

**٤- جێگا و پێگە (*Place*) :**

دیارە ئەمەش شوێن و پێگە و ژینگە و بارودۆخ و گوزەرانکردنی داهێنەر لە خۆدەگرێ ، بە لەچاوگرتنی پلەی سەربەخۆیی داهێنەرەکە و سەرچاوەکانی زانیاری و ئەزمونەکان و ڕەوشی دەورووپشتی ئەو شوێنە یان شوێنانەی تێدا ژیاوە (٤٦) .

***<u>ڕەگەزەکانی داهێنان [The Elements of Creatiuvity) :</u>***

حاشا هەڵنەگرە ، کە داهێنەر دەبێ گردەکۆیەك خەسڵەت و توانا و بەهرەی تایبەتمەندی تێدا بێ ، هەرچەند بە ناخی پێکهاتە و پروسەی نهێنییەکانی داهێنان شۆڕدەبێتەوە دەگەیتە ئەو ئەنجامەکە ناکرێ بڵێن داهێنان تەنیا ئیلهامێکی ناوەخت و کت و پڕە ، یان دەرکەوتەی کارێکی هەستەوەری و هۆشیاریە ، یان تەقینەوەی گۆمێکی پەنگخواردوی

ناهۆشیارییە ، یان بە واقیعکردی خەیاڵەو داڕشتنەوەی بەهرەکانی مرۆڤە بە جوانترین و سەرسامترین دیزاینی هزر و هۆش .

هۆکاری بنەڕەتی کە کاریگەرن بەسەر داهێناندا ، دوولایەنی یە :

یەکەم : هۆکاری زاتی .

دووەم : هۆکاری کۆمەڵایەتی .(٤٧)

***<u>یەکەم : هۆکاری زاتی :</u>***

دیارە ئەم هەرێمە هەموو ئەو ڕەگەزانە دەگرێتەوە کە بەشێکن لە جەستەو رۆحی داهێنەر ، وەك (ئەقل و هۆش و دڵ و دەروون و کەسایەتی ) . شیکارکردنی هۆکاری زاتی داهێنەر پێوستی بە پۆلینکردنی رەگەزە پێکهێنەرەکانی (زاتی) داهێنەرە ، کە ئەم بوارانە لە خۆ دەگرێ : (٤٨)

1. ***زیرەکی*** *(Intelligence)*
2. ***مەعریفە*** *(Knowledge)*
3. ***هەزر و هەوەس*** *(Interest)*
4. ***هاندان*** *(Motivation)*
5. ***سروشت*** *(Inspiration)*

لێرە مەبەست لە چەمکی زیرەکی ، زیرەکی داهێنەرانەیە ( Creativity intelligence) کە بنەمایەکی سێ کوچەکی هەیە :

A. ***تێڕوانین (گەڕان)*** *( Exploration)*
B. ***بیر داهێنانی خۆشڕەوان*** *(Fluent Ideation)*
C. ***هەڵشتیلانی تازەباوی*** *(Novel Combination)*

## A. تێڕوانین (گەڕان) :

هەرشتێ کە مرۆڤـ بە پێنج کۆئەندامەکەی هەستەوەری هەست و دەرکی پێدەکا ، دەکەوێتە ژێر تێڕوانین و سەرنجدان و لێووردبوونەوە ، بە مەبەستی شیکردنەوە و تێگەیشتن لە سیما دیارو نادیارییەکانی . تێروانین ، لە گۆشەنیگای جیاوازە و بە قەستی دۆزینەوەی پتر لە یەك دید و دیمەن لەهەر وێنەیەك ، کە دەکەوێتە سەر ڕووی ئاوێنەی مێشك ، بۆ نموونە ، (Twyla Tharp) کە کچە هونەرمەندێکی سەما-داهێنەرە ( Choreographer ) دەڵێ :

"هەرشتێ لەبەرچاوما بجولێتەوە دەیخەمە ژێر دید و سەرنجم و جوان جوان لێ ورد دەبمەوە و هەوڵدەدەم ، لە هونەری سەماکردن ، دووبارەی بکەمەوە ، لە جولەی کەوچکێ نێو کوپە چایەکەوە بیگرە تا دەگاتە جوولەی مەلەوانێك یان گەردەلولێك )) .(٤٩)

## B . بیری داهێنانی خۆشرەوان :

وەك زاراوە واتایی  مانایەکەی ئەوەیە : شتێکی دیاردە کە وێنەی بیری ناو مێشك بێ (٥٠)

هەبوونی  توانای دروستکردن و کۆکردنەو و تەوزیفکردنی بیروکەیەك – یان کۆمەڵە بیرۆکەیەك ئاسایی بێ یان نائاسایی -  لە رێگەی بەکارهێنانی

دەستەیەك شێواز و دەربڕین بۆ یەك تاكە وێنە یان تاكە بابەت یان تاكە هەلۆێست .(٥١)

## C . هەڵشێلانی تازەباوی :

کۆکردنەوەی ژمارەیەك بیرۆکەی پچر پچر لێرەو لەوێ و دارشتنەویان و هەڵشێلانیان بە مەبەستی خولقاندنی  و هێنانەکایەی بەرهەمێکی ڕەسەن ، بەمەرجێ سیمای داهێنەری هەڵگرتبێ و تازەبا خۆی نیشان بدات . (٥٢)

## دووەم : هۆکاری کۆمەڵایەتی :

(رییو) دەڵێ : " هەرچەندە داهێنان کارێکی تاکەسییە ، هۆکاری کۆمەڵایەتی ،  بایخۆی ، بەشداری لە پڕۆسەکەدا هەیە ." (٥٣). ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە داهێنان زادەی یان دیاردەیەکی یان بەرهەمێکی کاری کۆمەڵایەتییە . (رییو ) پەنجەی بۆ ئەمەش درێژکردووە کە "هەموو داهێنانێك لەناو رەحمی هەڵچووندا لە دایك دەبێ و هەموو ئەو شتانە دەبنە باعیزی ئەو هەڵچوونانە ، پشکیان لە پرۆسەی داهێناندا هەیە " . (٥٤)

لە پاڵ ئەم بۆچوونانە ، زۆر لە توێژەرانی تریش هەن کە کاریگەری هێندێ رەگەز و توخمی دەستنیشانکراویان بەلاوە گرینگە لە پرۆسەی داهێناندا . ( تەها ئەحمەد رەسول) دەڵی : " ئێمە چاوگەکانی نووسین دابەش بکەینەوە بەسەر دوو هەرێمدا ، واتە فاکتەرو هۆکارەکانی داهێنانی و بەخشین لە دوو سەرچاوە دەستگیر بکەین ، ئەوانیش هەرێمی : بەهرەو ئیلهامن )) (٥٥). ئەوا لە کاتێکدا (Ellis Paul Torrance) پەیوەندی زیرەکی و بەهرە بەم شێوەیە بەیەکەوە دەبەستێتەوە :" هۆشیاریەکی زیرەکی لە رادەبەدەر پێوستە بۆ خولقاندنی داهێنان ، بەلاَم زیرەکی بەتەنیا

ناتوانێ داهێنان دروست بکات ، بەهرە لە پاڵ زیرەکییدا ، ڕۆڵی مەزنی هەیە ، لە پتر لە خالێکی هاوتاش دا بەیەکەوە کۆ دەبنەوە )) . (٥٦)

لە بڕگەکانی داهاتووی ئەم بابەتە، تێدەگەین کە هەر ئەو کەرستە ئاماژەپێکراوانە کافی نین بۆ گەیشتن بە مەقام و پلەی داهێنان، بەلکو خودی پێکهاتەی میشکی داهێنەرەکە فاکتەرێکی بایەخدارە.

## ئاستەکانی داهێنان [*Levels of Creativity*]:

ئایا داهێنانەکان هەموویان یەك ئاستیان هەیە یان لە ڕووی تازەباوی و رەسەنایەتی و بەهاو کاریگەریی جیاوازن؟ یان ئەوانیش بە گوێرەی سەنگ و بایەخ وچەندایەتی و چۆنیەتییەوە، پلەو مەرتەبیان هەیە ؟

(James C. Kaufrran) وە (Beghtto) چوار ئاست یان قۆناغ بۆ داهێنان دیاری دەکەن ، چونکە هەر چوار ئاستەکە بە پیتی ( C > Creativity) دەستپێدەکەن نازناوی (*4Cs*) – چوار [C] یان - وەرگرتووە . ئەمەش چوار ئاستەکەیە: (٥٧)

### ١- *داهێنان چووکەڵە [Mini - C]*

پێشی دەگوترێت : فێربوونی گۆرانەکەر [Transformative learning]. کاتێ کەسێ سەرکەوتووانە بتوانێ ئەزموونە کەڵەکە بووەکانی خۆی بە شێوازێکی مانا بەخش و ماقووڵ شیبکاتەوە و لێکبداتەوە ، بە مەبەستی خەملاندنی روئیەیەکی تازە لەو ئەزموونانە ئەوا لە قۆناغی داهێنانی (چووکەڵەیە).

### ٢- *داهێنانی بچووک [Little - C]*

ئەمیش دوو حالەت دەگرێتەوە :

بوونی توانای چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانی رۆژانەو هەروەها بوونی توانای دروستکردن و دارشتن و وەبەرهێنانی دەربڕینی تازە - دەربڕینی داهێنەرانە [Creative Expression) .

***٣- بەرلە داهێنان [Pro-C] :***

کەسێك لە بوارێکدا ، لەو پەڕی پرۆفیشنالیەوە بەرهەمێکی داهێنەرانە پێشکەش دەکات ، مەرج نییە ئەو کەسە ناسراو ناوداربێت و شهورەتی دەرکرتبێ .

***٤- گەورە داهێنان [Big – C) :***

ئەو داهێنانە کە لە بوارێکدا دەگاتە لوتکە و بەرهەمەکەی بەرز دەنرخێندرێت وەك شاکارێك .(٥٨) .

زۆربەی شاکارەکانی ( شێکۆ بێکەس و پابلۆ نیرودا ) دەچ*نە خانەی بەندی چوارەمی ئەم پۆلینەی سەرەوە.*

***<u>میکانیزمی پرۆسەی داهێنان لە مێشکدا</u>***

***<u>[The Mechanism of Creativity Process within Our Brain]</u>***

(داهێنان) وەك بابەتێکی زانستی و ئەکادیمی ، لە زانکۆ و مەڵبەندە رۆشنبیرەکاند بایەخی زۆری پێدراوە ، ساڵ بە ساڵ تیۆری تازەتر لەمەر

چۆنیەتی دروست بوونی داهێنان لەناو مێشکی مرۆڤدا لە گۆڤار و بلاّوکراوە زانستییەکاندا پەخش دەکرێن .

خۆشبەختانە تەکەنەلۆژیای سەردەم زۆر ئاسانکاری بۆ توێژەر و پسپۆرانی ئەم رشتەیە کردووە . ئەو وێنە و هێلکاری و نەخشانەی ، بە سایە کامێراو کۆمپیوتەر و ئامرازە تازەکانەوە وەدەست دێن ، دەتوانن دیوی ناوەوەی مێشك و میکانیزمی کاری خانەو شانەو دمارو پێکهاتەکان بخەنە سەر رووی کاغەز و سکرینی کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن ، بە مەبەستی شیکردنەوە و لێکدانەوەی تیۆرەکان بە شێوازێکی پراکتیکی لە تاقیگەکاندا .

لەم برگەیەدا ، خوێنەر ، بە یەکێك لە تازەترین و نوێترین تیۆرەکانی داهێنان ئاشنا دەکەین لە رێگەی نیشاندانی میکانیزمی پرۆسەکە لەناو مێشکی مرۆڤـدا.

لە سالّی (٢٠٠٥) خاتوو (Alice Flaherty) لە راپۆرتێکی زانیستیدا ، لە ژێر ناونیشانی (تازەکردنەوەی داهێنەرانە) ( Creative Innovation) بلاّوکردەوە، ئەو یەکەمین کەسەکە زاراوای (Neurobiology of Creativity) بەکارهێناوە .

خاتوو ( Alice Flaherty) (تازە کردنەوەی داهێنەرانە) بە میکانیزمی گونجاوی مێشك ناو دەبات دەلّێ : " ئەو پرۆسەیە بریتییە لە کاردانەوەی کۆکاردن و بەیەکەوە بەستنەوەی کۆمەلێك جەمسەر و هەرێم و دەمار لە ناو مێشکی مرۆڤدا ، کە لە شێوەی ئاسایی کارکردنی خۆیان دا نا چالاك و سست و خاون ، کەسی داهێنەر خاوەن هێز و توانا و قودرەتێکی نائاسییە ، بەدەر لە خەلّکی ئاسایی ، لەکەش و هەوای تایبەتدا ، ئەو توانا و

قودرەتی بەگەرخستن و جۆشدان و ئیشپێکردنی ئەو جەمسەر و هەرێم و دەمارانەی هەیە ، بەمەش داهێنەر  لە خەڵکی ئاسایی جیادەکرێتەوە ، چونکە ئەوکەسانەی ئەو قوترەتەیان نییە ناتوانن ببنە داهێنەر."

ئەنجامی توێژینەوەکە ، سێ خەسڵەتەی (داهێنەر) دەستنیشان دەکات ، کە لە مرۆڤی ئاسایی دا بەدی ناکرێن :

**یەکەم** : داهێنەر خاوەن ئاستێکی پسپۆری یەکجار بەرزە لە بابەتێکی مەعریفی یان هونەری یان زانستی دیاری کراودا .

**دووەم** : قودرەتێکی تایبەتی خەلاقی هەیە ، لە گۆرینی رێرەوو رێبازی ئەو بیروکانەی کە لەناو خانەکانی مێشك  دا لە بەشی پێشەوەی نێو چەوندا هەیە (Frontal lobe) .

سێیەم : قودرەتی ناردن و رێکخستنی ئەو شەپۆلانەی هەیە کە لە گەێنەرە هەستە دەمارەکانەوە دەر دەچن  ( Neurotransmitter) وەك شەپۆلی (Norepinephrine) کە لە خانەکانی مێشك لە پشتەوەی نێو چەواندا هەڵدەقوڵێن (Frontal lobe) .

لەو وێنە و هێلکاریانەی  بە کۆمپیوتەرو ئامێرە تازەکان، لە تاقیگاکاندا وە دەستی هێناوە ، بەدیار دەکەوێ کە بەیەکەوە کارکردن و کارلێکردنی سێ هەرێم لە ناو سیستمی دەزوولە ریشۆڵەکانی مێشکدا (Limbic System) لە یەك ئان و ساتدا لە پرۆسەی داهێناندا بەگەڕ دەکەون.

**ئەمانەش ئەو سێ هەرێمەن :**

١- هەرێمی پێشەوەی نیو چەوان (Front lobe) ، کە بەرپرسە لە دروستکردنی بیرۆکەکە .
٢- هەرێمی لاچانگ (Temporal lobe) ، کە بەرپرسە لە تۆمارکردنی بیرۆکەکە .
٣- (Dopamine) کەشلەیەکی کیمیاوییە ، بەرپرسە لە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بیرۆکەکە .

شێواندن و زامدرابوون پەککەوتنی هەر یەکێك لەو سێ هەرێمە ، پرۆسەی داهێنان ئیفلینج
دەکا. شلەی (Dopamine) ماددەی بنەرەتی پرۆسەکەیە بۆ خەلق بوونی داهێنان لە مێشکدا .

زانای پسپۆڕی ئەم بابەتە (Vandervent) ئەم زانیاریە تازانە دەوڵەمەندتر دەکات ، بە ئیزافە کردنی رۆڵی کاری هزری ( مێشکۆلە Cerebellum) ز ئەو دەڵێ:"دەڵی هەردوو بەش لەناو کەللەسەردا (مێشك و مێشکۆڵە) لە ئاکامی هەزارەها تەزوو شەپۆلی ئەلکتریکی پرۆسەی داهێنان دروست دەکەن . "(٦٠)

بەڕاستی ، ئەم تیۆرە چەندین دەرگای لە ڕووی نەخۆشییەکانی مێشك و سەردا والاّ کرد ، پسپۆڕان سوودی لێ وەردەگرن لە چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونی و جەستەیەکانی مێشك . مێشکۆڵە (Cerebellum) لە سەت بلیۆن هەستە دەمار پێکدێ ، ، کەیەکسانە بە قەبارەی هەر هەموو هەستە دەمارەکانی تری مێشك – کە بەرپرسی جوولەی ئەندامەکانی جەستەن .

ئەو خاڵە گرینگەی (VanderVent) ئاماژەی پێداوە ئەوەیە ، کە ئەم پرۆسەیە لە ئاکامی ڕوودانی کارێکی کاریگەر بەسەر داهێنەردا دەتەقێتەوە ، جا ئەو کارە ، ڕووداوە یان وێنەو دیمەنە یان هەڵوێست و کێشە یە . خاڵی دووەم ، کە زۆر پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە ( نامۆیی و داهێنان) ئەوەیە تا دیمەنەکە، هەڵوێستەکە ، ڕووداوەکە ئاڵۆزتر و قورستر و ناخۆشتر و (یان خۆشتر) بێت پلەو ئاستی داهێنانەکە مەزنتر و شاکارتر دەبێ .

ئەو کارە داهێنەرانەی تاقیکردنەوەکانیان لەسەر ئەنجامداوە بریتی بوون لە بواری هونەر و سپۆرت و مۆزیك و دیزاین بیرکاری و بیرکردنەوە . (٦١)

بینیمان پێناسەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە داهێنان کارێك یان فۆرمێکی تێکهەڵکێشراوی فرە ڕەگەزی ئاڵۆزوپاڵۆزە ، قەت یەك تاکە هۆکار ناتوانێ ببێتە مایەی داهێنان ، واتا لەپشت هەموو ئەو هۆکارو ڕەگەزو توخمانەی لە بڕگەکانی پێشودا ئاماژەمان پێکرد ، مۆتیڤێکی شاراوەی تری لەپشتە ، بەشێوەیەك لە شێوەکان جا یەکێ لەو مۆتیڤە شاراوانە (نامۆیی )یە ،دەبێ دان بەوەشدا بنێین "نامۆیی ئیمرۆ دەرکەوتەی قەیرانی شارستانییەتە کە یاخەی هەمووومان دەگرێ ، نامۆیی شاعیر دەنگدانەوەی ئەو قەیرانە شارستانییەتانەیە ." (٦٢)

کاتێ (رییو) دەڵێ " هەموو داهێنانێك لە رەحمی هەڵچووندا لە دایك دەبێ " باش تێدەگەین کە ئەو (هەڵچوونە) بەبێ هۆکارو سەبەب ڕوونادات . (نامۆیی ) وەك باروتی تۆپە لە پرۆسەی داهێناندا . لە بڕگەکانی تردا بە نموونە ئەمە نیشان دەدەین . شکل و شێوەی نامۆیی ، بە تایبەتی نامۆیی

شاعیر هەمیشە تەم و مژاوی و دوکەڵاوییە " فوتدانی هەست و شاردنەوەی ویستێکی ڕەسەن ئەوە ناگەیەنێ کە هەستەکە نەماوە یان بیرۆکەکە لەناوچووە ، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە شاردراوەتەوە لەبەر چەند بەندێکی ئایدۆلۆجی دەرنابڕدرێ و هێدی هێدی یان مەزن دەبێ یانیش دەبێ بە گرێ و لە شوێنی ترەوە هەڵدەدا ." (٦٣)

چاوخشانێکی سەرپێی بە پرۆفایلی زۆر لە داهێنەرە ناودارەکانی دنیا ، بەئاشکرا نامۆیی و نامۆبوونی ئەوان نیشاندەدا . کەواتە نامۆیی دیارە مۆتیڤێکی چالاکە، ئەگەر نەڵێین فاکتەرێکی بە کا رە، لە پرۆسەی داهێنان دا . هەر بۆ نموونە ئەمە ڕیزبەندێکی ئەو ناودارە نامۆیانەیە : " سلڤادۆر دالی و دیك ئەلجن و ڤانکوخ و رامبرانت و داڤنشی و مۆزارت و باخ و بتهۆڤن و شۆبنهاوەر و دیستویڤسکی و بیکاسۆ و برناردشۆ و .......هتد" (٦٤) . (شیرکۆ بێکەس و پابلۆنیرودا)ش لە تەوەری دووەمی ئەم لێکۆڵینەوە دێنە ناو ئەم ریزبەندەوە.

## تەوەری دووەم

## پراكتیزە كردنی ڕۆڵی ( نامۆیی ) لە داهێناندا

## (شێركۆ بێكەس و پابلونیرو دا) وەك دوو نموونە

" هەرچەندە هیچ مرۆڤێك نییە ، لە كاتێك لە كاتەكان و بە جۆرێك لە جۆرەكان ، ئەگەر بۆ ماوەی چەند چركەیەكیش بێ ، هەست بە نامۆیی نەكا لە ژیانی دا . "(٦٥). ئەو نامۆییەی لێرەدا بە دوایدا وێڵین مشتێ بنەماو ئلیمێنتی خۆی هەیە ، كە دەبنە ڕێخۆشكەری داهێنانی هونەری و ئەدەبی . كەواتە ناكرێ یاخەی هەموو كەسێ بگرین و بیكەین بە ئایدڵ و مۆدلی ئەم لێكۆڵینەوە ڕەخنە ئامێزە .

ئایدڵی (نموونەی) هەڵبژاردە ، لێرە دا دەبێ بەلانی كەمەوە (سێ) سیفەتی گەوهەری تێدا بێتە وجود :

***یەكەم :*** *دەبێ كەسەكە، ئەدیب یان شاعیر یان هونەرمەند بێ .*

***دووەم :*** *داهێنەر بێ .*

***سێیەم :*** *لەژیانی نامۆیی دا قاڵبوو بێتەوە .*

ئەلهەقی ، زۆرن ئەو بەهرەمەندو داهێنەرانەی هەڵگری ئەم سێ خەسڵەتەن ، وەلی لەنێوان (شێرکۆ بێکەس و پابلونیرودا) ژمارەیەکی زۆر لە ئەلقەی هاوبەش و تێکئاڵاو هەیە کە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ، کە سەیری پرۆفایلی هەردووکیان دەکەین هەردەڵێی دوو برای دووانەن ، هەم لە پێکچوونی ژیاننامەیان و هەم لە گەورەیی و بەهرەمەندی ئەدەبیدا .

## ***پرۆفایل و باگگراوندی شێرکۆ بێکەس***

## ***( Sherko Bekas's Background & Profile) :***



- **1940/5/2** لە گەرەکی (گاوران ) لە سلێمانی لە دایکبووە .
- **1947** ڕووخانی کۆماری مهاباد .

⋆ 1948 (فائق بێکەس)ی باوکی کۆچی دوایکرد .

⋆ 1956 شەری کەنالی سویس روویدا .

⋆ 1957 یەکەم شیعری بلاّوکردەوە .

⋆ 1958 شۆرشی ١٤گەلاوێژ و دامەزراندنی کۆماری عیراق.

⋆ 1960 سەرەتای شەڕی ڤێتنام .

⋆ 1961 بەرپابوونی شۆرشی ئەیلول لە کوردستانی باشوور .

⋆ 1963 هاتنی بەعس بۆ سەر حوکم و هێرشی حەرەسی بۆ سەر کوردستانی باشوور .

⋆ 1965 دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە .

⋆ 1967 شەری ( ٦ رۆژەی) عارەب و ئیسرائیل .

⋆ 1968 چاپکردنی یەکەم بەرهەمی شیعری ( تریفەی هەڵبەست) .

⋆ 1969 بەرهەمی ( کەژاوەی گریان) . دابەزینی مرۆڤ لەسەر مانگ.

⋆ 1970 بەیاننامەی ١١ ئازار ، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی باشوور.

⋆ 1971 شانۆنامەی ( کاوەی ئاسنگەر ) .

⋆ 1973 کۆمەڵ شیعری ( من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ).

⋆ 1974 دیسان دەچێتەوە شاخ لەگەڵ هەڵگیرسانەوە شەر.

⋆ 1975 نەفیدەکرێت بۆ ناحیەی ( بەغدادی ) لە بیابانی رۆژئاوی رومادی - عیراق.

⋆ 1976 شانۆنامە(ئاسك ) / سەرهەڵدانەوەی شۆرشی کوردستانی باشوور .

⋆ 1978 ( کازیوە) ی چاپکرد.

⋆ 1979 ڕووخانی شای ئێران / دیکتاتۆر صدام حسین بوو بە سەرککۆماری عیراق.

⋆ 1980 کۆمەڵ شیعری (دوو سروودی کێوی) / هەڵگیرسانی جەنگی عیراق و ئیران .

⋆ 1982 رۆمانی ( پیرەمێرد و زەریا ) وەرگێران.

⋆ 1983 ڕووبار ( شیعر ) . دامەزراندنی پارتی (PPK) لە کوردستانی باکوردا .

⋆ 1984 بۆ جاری سێیەم دەچێتەوە شاخ / کۆمە شیعری مقاوەمەت 2 بەرگ ( کەشکۆلی پێشمەرگە ) .

⋆ 1985 داستانی هەڵوی سوور (شیعر ) .

⋆ 1986 کۆمەڵ شیعری (ئاوێنە بچکۆڵەکان) / دەرچوون بۆ ئیران ، شام ، ئیتالیا ، فەرەنسا.

⋆ 1988 کۆمەڵ شیعری (تەمتوومان) / وەگرتنی خەڵاتی توفولسکی ئەدەبی — سوید.

⋆ **1990** پەناهەندە لە سوید.

⋆ **1991** کۆمەڵ شیعری (دەربەندی پەپوولە) / شەری کەنداوی دوو / رووخانی بلۆکی یەکیەتی سۆڤیەت / ڕاپەرینی کوردستانی باشوور.

⋆ **1992** بوو بە وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان / هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستانی باشوور.

⋆ **1993** ئافات ( شیعر )

⋆ **1994** سەرەتای شەری براکوژی.

⋆ **1996** ( مێرگی زام و مێرگی هەتاو ) شیعر

⋆ **1997** (نلسن ماندیلا) بوو بە سەرککوماری ئەفریقای خوارو .

⋆ **1998** خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیر (شیعر ) / دامەزراندنی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە سلێمانی / ( بۆنەنامە) قەسیدەی درێژ

⋆ **1999** ( چراکانی سەر هەڵەموت ) پەخشان / ( نسێ ) شیعر

⋆ **2000** ( ژنێك و دوو پیاو ) رۆمان – وەرگێراو / ژن و باران – شیعر

⋆ **2001** خەلاتی پیرەمێردی پێبەخشرا / ( ڕەنگدان ) شیعر / (لەچلەی چل چرایەکدا) پەخشانە شیعر

⋆ **2002** ( پیاوی لە دار سێو ) شیعر / (خۆم و ئەو وەختەی باڵندەم ) شیعر

⋆ **2003** (پاییزە میوان ) شیعر / ( کوکوختیە بزیوەکە ) / رووخانی صدام

⋆ 2004 ( گۆرستانی چراکان ) رۆمانە شیعر / ( ئێوە بە خۆشەویستی ئەسپێرم ) شیعر

⋆ **2005** ( سرووودە بەردینەکان ) دەقی والاّ / ( کورسی ) دەقی والاّ / خەلاّتی (عەنقای زێرین ) ی پێبەخشرا.

⋆ **2006** ( لە گوڵەوە هەتا سوتوو) شیعر .

⋆ **2007** (حەفتا پەنجەرەی گەرۆك ) شیعر / (ملوانکە ) دەقی والاّ .

⋆ **2008** ( زێ و زنە ) شیعر.

⋆ **2011** ڕاپەرینی بەهاری عارەبی.

⋆ **2012** (ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە ) شیعر / (ئێستا کچێ نیشتمانمە ) شیعر.

## پرۆفایل و باکگراوندی پابلۆنیرۆدا

## *( Pablo Neruda's Background & Profile)*



★ **1904/7/12** له گوندی (Parral) له شیلی له دایكبوو .

★ **1905** دایكی كۆچی دوایكرد .

★ **1906** دەچێتە شاری (سانتیاگۆ – شیلی).

★ **1914** هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەكەم.

★ **1918** یەكەم پەخشانە شیعری بلاّوكردەوە .

★ **1922** بوو بە كۆنسوڵی شیلی لە (Buenos Aires)

★ **1924** یەكەمین دیوانی شیعری چاپكرد .

★ **1927** كونسوڵی شیلی لە (Rangoon – Burma)

⋆ 1929 کونسوڵی شیلی لە (Colombes –Ceylon)

⋆ 1930 کونسوڵی شیلی لە (Batavia-Java)

⋆ 1933 (لورکا)ی شاعیری لە ئیسپانیا ناسی / بەشی یەکەمی دیوانی (Residencia en la tierra) چاپکرد.

⋆ 1936 بەشی دووەمی دیوانەکەی چاپکرد / بەرپابوونی شەری ناوخۆی ئیسپانیا.

⋆ 1939 فرانکۆی دیکتاتۆر لە ئیسپانیا حوکمی گرتە دەست.

⋆ 1940 هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی دووەم.

⋆ 1941 نەفیکرا بۆ (Mexico) .

⋆ 1945 بوو بە ئەندامی پەرلەمانی شیلی / تۆپباران کردنی ژاپۆن بە بۆمبی ئەتۆم .

⋆ 1949 هەڵاتن بۆ وڵاتی ئەرجەنتین . دەرچوونی ئەمری قەبزی.

⋆ 1950 بوو بە ئەندامی ئاشتیخوازانی جیهان / داستانی مێژووی ئەمریکای لاتینی نووسی.

⋆ 1952 قەسیدەی (Captains' verses)ی نووسی / لە مەنفا گەراوە شیلی.

⋆ 1959 قەسیدەی سەت سۆنێتی بڵاوکردەوە.

⋆ **1966-1965** سەردانی ئەمریکا و ئینگلتەرا .

⋆ **1970** کاندیدی حزبی شیوعی بوو بۆ سەرککۆماری شیلی.

⋆ **1971** سەفیری شیلی لە فەرەنسا /تووش بوون بە نەخۆشی شێرپەنجە/ وەرگرتنی خەلاّتی نۆبل لە ئەدەب.

⋆ **1973/9/12** کوژرانی (سالڤادۆر ئالیندی)ی هاوریّ ی.

⋆ **1973/9/23** لە نەخۆشخانەی (سانتیاگۆ) کۆچی دوایی کرد

لە سالّی **(2003)** هەموو بەرهەمەکانی لە دیوانێك دا بلاّوکرایەوە .

لەم سەر قەلّەمانە تێدەگەین کە سەردەمی تەمەنی ئەو دوو شاعیرە چەندە سەربەگێچەلّ و شەرو ئاژاوە بووە . هەردوو شەرە گەورەکەی جیهانی و شەرەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەند و شەری سارد و خەبات و شۆرشی شیلی و کوردستان و دەها ڕووداوی مێژووی ناوچەکەو جیهان رووبەرێکی فراوانی تەمەنی ئەوانی داگیر کردووە . ئەوان شایەتحالّی تۆمارگەیەکی خوێناوی پڕ مەرگەسات و کۆمەلّکوژی و قەتل و عام و ژێردەستەیی و هەژاری و نەداری و نەزانین بوون . ئەو کارەساتە گەورانە لەسەردەمێکدا روویاندا ، کە هۆیەکانی گەیاندن و میدیاکان پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە دیبوو ، دەنگ و باس و خەبەراتەکان بۆ هەر چوار ئیقلیمی دنیا بلاّودەبۆوە . ئەمە بە زەقی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو دوو شاعیرە ڕەنگی داوەتەوە .

## ***تێکشکاندنی قۆناغەکان***

## *(The Phases Destructions)*

پۆلینکردن و دابەشکردنی تەمەنی ئەدەبی شاعیر و نووسەر ، بەسەر چەند قۆناغ و کاروانسەراو مەنزڵدا لە هێندێ تیۆر و ڕێبازی ڕەخنەییدا باوە . وەلێ ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنە - ئامێزەی ئێمە بە قۆناغێکردنی بەرهەمی ئەدەبی (شێرکۆ بێکەس و پابلۆنیرۆدا) وەلاوە دەنێ ، نەك لەبەر ئەوەی خودی ئەو دوو شاعیر باوەریان بە پێوەری بە قۆناغکردن نییە و نەکەم نە زۆر دەستخۆشیان لێنەکردوە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕێبازە پەیرەوکراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ، لە ڕێبازی ڕەخنەی زمانناس و ڕەخنەی ڕۆشنبیری ، بەرهەمی ئەدەبی بە زادەو حاسلی پرۆسەیەکی زەمەن - خایەن دەزانێ و شاعیر ناتوانێ لە پڕێکا ببێ بە کورێکا و لەسەر عەرشی شیعر دانیشێ . شیعری جوان دەرکەوتەی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە فرە لایەن و فرە رەهەندی ئەقل و هزرو دەروون و هۆش و خەیاڵە ، قامتێ بنەما و ڕەگەز و سیمای هەمەرەنگی هەیە ئەوا جگە لە خۆرسکی و بلیمەتی و ئیلهام و بەهرەو ئەزموون و فاکتەرە زاتی و کۆمەڵایەتیەکان .

غەدری بە قۆناغکردن بەرهەمی ئەدەبی ، لەوە دایە کە داهێنانێکی دیاریکراو ، ، بۆ نموونە ، قەسیدەی (دەربەندی پەپوولەی شێرکۆ بێکەس) یان قەسیدەی (نیشتەجێ لەسەر زەوی-ی پبلۆنیرۆدا ) بە زەمەنێکی دیاریکراو دەبەستێتەوە ئەو ڕۆژگارە بە ڕۆژی لە دایك بوونی ئەوان دەزانێ ، لە کاتێکدا راستییەکەی ئەوەیە ئەم دوو قەسیدەیە زادەی هەموو تەمەنی ئەدەبی ئەوانن ، نەك ئەو رۆژەی کە تێیدا نووسراون ، (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ:" زۆر جار شیعر لە دوای ماوەیەك دەگا."(٦٦)، پرۆسەی داهێنان ، لەکاری ماشێنی کارگەیەکی زەبەلاح دەچێ ، تا هەر هەموو داینەمۆ و

پەروانە و چەرخ و ئیسپرینگ و گێر و باسکەکان بەیەکەوە کارنەکەن ، ئەو کارگەیە ناتوانێ بەرهەم بێنێتە کایەوە .

شاعیری ئینگلیزی ناسراو *(1770 –1850 Wordsworth)* (٦٧) لە قەسیدەی (solitude گۆشەگیری) دا ، داهێنەرانە سۆز و ئەوینی عاشقانەی خۆی بۆ کچۆڵە سەپانێکی جوان و خوێن شیرین دەردەبرێ ، کە پێش بیست ساڵ بینی بووی ، کەواتە حەیفە ئەم شاکارە تەنیا بەو سەردەمە بناسرێتەوە کە تێدا نووسراوە . چونکە بیست ساڵ دڵ و هزرو خەیاڵ و لێکدانەوەی ئەو شاعیرە هەر لە جۆش و خ رۆش دابووە ، تا ئەو ڕۆژەی بەسەر نووکی قەڵەمەکەیدا دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێتە سەر دەفتەری شیعر و ئەدەب .

هەوڵەکەمان لێرەدا چڕدەکەینەوە بۆ پەیڕەوکردنی (بەبڕگەکردن) لەجیاتی (بەقۆناغکردن)ی بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەو دوو شاعیرە . داهێنان وەك لە دایك بوونی منداڵە ، پرۆسەیەیەکی وەقت خایەن ، کە سات و وەعدی خۆی هات ، سووك و ئاسان دێتە دنیاو چاو دەکاتەوە .

## جوگرافیای نیشتمانی شاعیر و نامۆیی

## (The Geographical Area of the Poet's Countries & Alienation):

نیشتمان گەر بە سادەترین پێناسە ، ئەو پارچە زەوییە بێ کۆمەڵە خەڵکێکی لەسەر دەژی کە لە دەسکەنە خەسڵەتێکی دیاری کراودا هاوبەشن وەك نەتەوەو زمان و مێژوو و ئایین و بەرژەوەندیی ، جا ئەو

پارچە زەوییە خاوەن ئالأی خۆی بێ یان هێشتا بەو رۆژە نەگەیشتبێ . وەلێ وشەی نیشتمان چ وەك چەمك و چ وەك مەدلولێکی فەرهەنگی یەکجار دەوڵەمەند و فرە رەهەندە ، لە دنیای ئەدەب و هونەردا . جا خۆ ئەگەر شاعیر و هونەرمەندەکە لە پلەی داهێنەر دابێ ، ئەوا واتای نیشتمان چەند بار بەرگی ئەو فەرهەنگە ئەستوورترو فراوانتر دەکات و دەروازەی زۆرو والأ بۆ تەوەر هۆبەو بەندی تازە دەخاتە سەرپشت . کە بە تیی چاوێك سەرنج لە پرۆفایلی (شێرکۆبێکەس و پابلۆنیرودا) دەدەین تێدەگەین کە ئەوان چەندە بە نیشتمانەوە گرفتارو ئاڵودە بوون و نیشتمانیش چەندە بەوانەوە گرفتار بووە ، وتەکەی (Wait Whitman)مان دێتەوە یاد کە دەڵێ "شاعیر لەوەڕا دیارە کە چەند بە عیشق و فیداکاریەوە نیشتمانەکەی لەناوخۆیدا دەتوێنێتەوەو نیشتمامنیش چەند بە حەزو سۆزەوە ئەو لە باوەش دەگرێ و لایلایەی بۆ دەکا ."(68)

نیشتمان لە شیعری ئەو دوو شاعیرە - کە تەوەرێکی سەربەخۆ هەڵدەگرێ - نەك تەنیا تێکەڵی ڕۆح و جەستەو خەیاڵ و هزری ئەوان بووە ، بەڵکو هەرشتێ پەیوەستی ئەو نیشتمانە بێ ، لە زەڕە خۆڵێکەوە بیگرە تا خۆر و مانگ ، لە رابردوو و ئێستا و داهاتوودا ، لە واقیع و خەیاڵدا ، لە حەقیقەت و ئەفسانەدا ، بوون بە ناسنامەی شیعرەکانیان و ئاوێنەی وجود ئەوان تەنیا لەبەر تیشکی نیشتمان وێنەکان دەداتەوە . نیشتمان ، لەبەرهەمی ئەو دوو شاعیرە لە گۆشەنیکای (دوو) رەهەندی لێکدانەوە وەردەگرێ :

١- نیشتمان وەك ئەو زاراوە سادەو شیرینەو بچووکەی ، منداڵێك ، پیرەمێردێك ، شوانکارەیەك ، بێوەژنێك ، کۆترێك ، یان بنچەکۆڵێك دەیبینێ وهەستی پێ دەکا .

٢- نیشتمان وەك مەدلول و رەمزو جەفەنگ و کەرستەی خوێنەری بەسەلیقە و رەخنەگری شارەزاو ئەدیبی بەهرەدارو زانایانی بیرمەند ، لێکدانەوەی پڕو وردەکاری بۆ دەکرێ . ئەوان لەنێو دەنگ و رەنگ و سێبەری وشە و بڕگەکان ، دال و مەدلولەکانی نیشتمان دەدۆزنەوە .

هەڵسەنگاندنی رەخنەگەرانەی "نیشتمان " چالاکیەکی ئاڵۆزو پڕ ئەرك و فرە پەل و پۆیە . پریشکی پەریوەتە هەموو کەرستەو رەگەزەکانی شیعرو هونەری شیعر نووسین . لەلایەکی ترەوە هەرچی خۆشەویستی و عیشق و بوغزو رق و قینەی کەڵەکە بووی مێژووی مرۆڤایەتی هەیە ، لە دەوری ئەم وشەیە کۆبۆتەوە - خۆشەویستی ئازیزان و رق و بوغزی ناحەزان .

ئەگەر نەخشەو هێلکارییەکی سادە بکێشین بۆ ئەو ماڵ و کوچەو گەرەك و گوند و شارو وڵات و کیشوەرانەی (شێرکۆبێکەس و پابلۆنیرودا) بەسەری دا رۆیشتوون و گوزەریان پێدا کردووە . دەگەینە ئەو ئەنجامە کە هەردووکیان بەقەد گەریدەیەکی سەدەی ناوەند گەڕان و ئەوسەرو ئەمسەری ئەو دنیا پان و بەرینەیان کردووە ، ئەمە هەر لە رووی جوگرافیەوە ، نەك خەیاڵ و ئەندێشە ،کە ئەوانیش نەخشەو هێلکاری خۆیان هەیە .

(شێرکۆبێکەس) لە کۆڵانێکی هاکەزایی گەڕەکی ( گاوران) ، لەشاری سلێمانی چاوی هەڵهێناوە ، من ناوم ناوە گەڕەکی ( نامۆیی ) ، لەوێڕا

گەشتیی سنوور بەزێن و دنیای ئەو دیوی زەریاکانی دەست پێدەکات، گەڕەك بە گەڕەك ، دێ بە دێ ، شاخ بە شاخ ، ئەو کەژو کوێستانانەی کوردستانی دەکووتێتەوە .

جا بەرەو (بەغداو بەغدادییە) بۆ ناوەراستی عیراق شۆڕ دەبێتەوە . گەردەلوولی بیابانی ڕۆژئاوای عیراق ، وەك زوخمی مانگی ڕێبەندای (ناوزەنگ و سەرگەڵو ) ئاشنای ڕەشینەی چاوانی دەبن ، سێ جاران بەجووتە کەفشێکی لاستێك و لەسەر پشتی گوێ درێژو عارەبانەی ترەکتۆر ، ئەو دیو ئەم دیوی سنووورە دەستکردەکانی کوردستان دەکات . لە دوایدا شەمەندەفەرو فرۆکەی ئاوارەیی ،کوچە کوچەی ئێران و تورکیا و سوریا و ئەورووپای ڕۆژهەلاَت و ئەورووپای ڕۆژئاوای و ئینگلتەرای پێ دەکەن، تا دەگاتە ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، بێگومان هێندی جار بەقاچاغی وبەبێ فیزە ، هێندی جاریش بەداوەت و فیزە —لەدوا مەنزلیشدا ، تەسلیمی کوردستان دەبێتەوەو لەشاری سلێمانی دەکەوێتەوە سووتان و هەڵفرین لەدنیای شیعردا .

دەردەسەرو قەلەندەری (پابلۆنیرودا) لەهی هاوقەڵەمەکەی — شێرکۆبێکەس- کەمتر نەبووە: .لەشارەدێی (parral) لەخواررووی (شیلی) لە کیشوەری ئەمریکای لاتینی چاودەکاتەوە ، دوای ساڵێك لە کۆچکردنی دایکە وەرەمدارەکەی ، دەچێتە شاری (Temuco) دوایش لە زانکۆی (Santiago) دەخوێنێ . هەر بەگەنجی بەحوکمی پیشەی فەرمانبەری کونسولخانەی ولاَتەکەی ، چەندان شارو ولاَتان دەکات ،وەك

(Buenos Aires, Burma, Java, Singapore, Ceylon, Madrid, Paris)

دوای ژیانێکی دوورو درێژ له ئیسپانیا و سەردانی ئەمەریکا و ئینگلتەرا ، دەگەڕێتەوە باوەش دایکی خۆی و هەر له شیلی سەردەنێتەوە .

سەیرەکە لەوە دایە ئەویش وەك (شێرکۆبێکەس) بەبێ فیزەو بە تاریکی شەوو بەدزییەوە سنوورەکانی ئەمریکای لاتینی بەزاندوەو زۆریش لەتاریکی ژێرزەمیناندا خۆی شاردۆتەوەو ئەوە جگە لەنەفیکردنی بۆ (Maxico) و دەرچوونی ئەمری دەستگیرگردن و لەسێدارەدانی .

خوێنەری ئازیز ، بەلاتەوە سەیر نەبێ کە ئەوەندەی ئەو دووشاعیرە هەستیان بە(بێ نیشتمانی ) کردووە نیو هێندە هەستیان بەخاوەنداری ئەو دایکە ئازیزە خۆیان نەکردووە . لەهەمان کاتیشدا بۆ یەك تاکە چرکە یان بۆ یەك چاوتروکاندن نیشتمانیان نە لەبیرچۆتەوەو نە لێشی غافل بوون .

لە هەردوو حاڵەتکەدا : (لەناو نیشتمان و لە دەرەوەی بازنەی نیشتمان) هەمیشە لەناو دڵی نیشتماندا حزوریان بەگەرمی هەبووە . کەواتە یەکێك لە هۆکارە بنەرەتییەکانی (نامۆبوونی) ئەو دوو شاعیرە ئەو دوو حاڵەتە دژبەیەکەیە *(نیشتمانی بێ نیشتمان) وە ( نیشتمانی ناوزیندان)* ، بەلاّم خۆشبەختانە ئەو تەندوورە پڕجۆش و خرۆشە چەندین شاکاری بەرزی پێبەخشیوون .

جا سەیرەکە لەوەدایە ، ئەو دوو شاعیرە نەك هەر بەجەستە عەجوولن ئەوان لەو کەسانەن کە پێیان دەگوترێت (نەسرەوتەکان Hyperactive) - Person ) بۆ نموونە جەستەی (شێرکۆ بێکەس) هەمیشە لە جوڵەو

سەماكردن و حەرەكە دایە بەڵكو ڕۆحیشیان قەت لە شوێنێ ئۆقرەیان نەگرتووەو هەمیشە لە ئاسمانی فڕیندا بوون، بۆیە دەبینین جارێ نیشتمانەكەی ئەوان زەڕڕە خولێكی بەجێ ماوی ناو لۆچی باخەڵی چاكەتێكە، جارێ زریوەزریوی ئەستێرە دوورەكانی ئەو هەسارەیە !

پەیامگری چاوتیژ ، پێش ئەوەی چیمەنە شیعرەكانی ئەو دوو شاعیرە بخوێنێتەوە هەر بە تەماشایەكی سەرپێی لەناونیشانی شیعرەكانیان، تێدەگا كە ئەوان چەندەها نیشتمانیان هەیە و چەندە مسكین و هەژاریشن لەبێ نیشتمانیدا . ئەوان هەمیشە خەریكی جێگۆركێن ، لە نیشتمانەكانی ناو ڕەشێنەی چاوی مندالە كوڵمە سووتاوەكان و لەسەر باڵی نەخشینی پەپولەكان و لەنێو هێلانە پڕ پەڕەمووچەكانی چۆلەكان و لەژێر تووتركی دەم رووباران و لەبەر سێبەری كەپرۆكەی سەپانان و لە بن كەپكە شاخی شێداری تاریك و لە كونجی زیندانی كۆنكریتی بێ ئاسمان و لە باوەشی كێلی سەر گۆری شەهیدی بێ ناسنامەو لە لۆچی كفنی ژنێكی جەستە پڕ لە ساچمە و لە بن باڵی بروسكەی شەوانی ترس و لەنێو سەمای ئەگریجەی كچۆڵەیەكی عازەبی ئاوارەو لەژێر مەمكدانی بەفری كوێستانە چاوبەخەمەكان و لە پروشەپروشی تریفەی مانگ و ئەسرینی ستێرەو تاڤگەی خۆرو وخەرمانەی دەوری سەری شاجوانانی( كوردستان و شیلی) و هەموو دنیا دۆزنەوە!

كەواتە ئەو دوو شاعیرە لەیەك كاتدا خاوەنی (دوو) نیشتمان بوون :

١- نیشتمانی كوردستان و نیشتمانی شیلی .
٢- نیشتمانێكی دەستكرد لە زاتی شاعیردا وجودی هەیە . ئەو نیشتمانە زاتییە هەر خۆیان دەبینن و هەستی پێ دەكەن و لەگەڵیا دەژین .

پشكۆی گەشاوە لێرەدا ئەویە ئەو نیشتمانە زاتییە - ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ - بەستراوەتەوەو پەیوەستە بە زوڵم و زۆرداری و ژێردەستەی و كۆت و زنجیر و مەرگەسات ، برسێتی و هەژاری و نەزانین ، كوێرەوەری و یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە ، مردن و زیندووبوونەوە ، سەركەوتن و كەوتن .....هتد .

جا بۆ گەیشتن بەو نیشتمانە ، هەرچی هونەری بیناسازی شیعرو جوانكاری شیعرو فەلسەفەی شیعر هەیە ، ئەو جووتە شاعیرە لە بەرهەمەكانیاندا، تەوزیفیان كردوە،

(شێركۆ بێكەس)دەڵێ :

*(نیشتمان)*

*بەهەشت و دۆزەخ بۆ من تازەنین*

*هاوكات و هاوجێ*

*ئەویشم دیوە ئەمیشم دیوە ،*

*نیشتمانی من لەوەتەی هەیە*

دەوری تەنیوە .(٦9)

لەم كۆپڵەیەدا ، (شێركۆ بێكەس) وەستایانە، دیمەنی (چوار) نیشتمانی كێشاوە:

1- نیشتمانە ناسراوەكە – كوردستان - .

2- نیشتمانە زاڵمەكە – دۆزەخ - .

3 - نیشتمانە ئایدڵەكە – بەهەشت - .

4 - نیشتمانەكەی زامی شاعیر . {(بەهەشت + دۆزەخ ) هەموو لەناو نیشتمانێكی بێسنوور }

هەرلەم كۆپلەیەدا (چوار) ڕەنگی نامۆیی دەبینرێت :

1- نامۆییە سەرەكیەكە (ژیانێك لە دۆزەخ).

2 - نامۆییە غەریبیەكە (بەهەشتێك لە دۆزەخدا).

3 - نامۆییە بینراوەكە (نیشتمانێك تەنراو بە دۆزەخ) .

4 - *نامۆییە کوشندەکە (تازەنین ، دیومە* 2 - جار دووبارە بۆتەوە ، *لەوەتەی هەم).*

(پابلۆنیرودا) ش لە قەسیدەی (ئەسپەکانی خەون )دا ئەڵێ :

***وێڵ و سەرگەردان دەگەڕێم***

***خەیاڵ دامدەشۆرێ***

***بێ سرەوتن ،***

***بەدەنگێکی ساردو کوشندە***

***ئەو باڵندانە ئەدوێنم***

***هێلانەکانیان چێ دەکەن***

***ئەخوێنن و بە دوای سیحری جوانیدا***

***لە شەقەی باڵیان دەدەن .***

***★★★***

***نیشتمانێک***

***وا لەو پەڕی ئاسمانە***

***مافوری پەلکەزێرینەی ئەفسوناوی و***

***ئێوارەی سەوزپۆشی بۆ ڕاخراوە ،***

***بەرەو ئەوی هەڵدە كێشم***

***شەكەت... شەكەت***

***قوڕولیتەی گۆڕێ دەشێلم***

***وابەدەمی خاكەنازەوەن،***

***لەنێو ئەو سەوزاییە گومان ئامێزەدا***

***خەون دەبینم .*** (٧٠)

شاعیرێكی خاوەن خەلاَتی (نۆبل ) لەئەدەب دا ، سەودا سەر ، بێ نیشتمان بەدوای كونجێ دا دەگەڕێ ، سەرەخەوێكی تێدابشكێنێ ، بە یەك خەیاڵ و دوو نیشتمان بۆ خۆی سازدەكا :

(هێلانەی باڵندەكان – كە حەسوودیان پێدەبا ) وە (نیشتمانێ لەوپەڕی ئاسمان – كە دەستی ناگاتێ) ، هەردوو نیشتمانەكەش لێرەدا دەستكردن تەنیا لەنێو زاتی شاعیردا وجودیان هەیە ، ئەو دڵیشی بەوە خۆشە كە ئێستا ئەو خۆی لەو نیشتمانەدا دەدۆزێتەوە كە خەونی پێوە دەبینێ .

نامۆییەكانی ئەم دوو كۆپلە شیعرە ڕەنگرێژن :

- نامۆیی بێ نیشتمانی ( وێل و سەرگەردان / بەرەو ئەوەی هەڵدەکێشم )
- نامۆیی ڕۆح ( ساردو کوشندە / شەکەت شەکەت )
- نامۆیی ژیان ( قوڕولیتەو خاکەناز – جەفەنگی مەرگە)
- نامۆیی لەناونامۆیی دا ( خەیاڵ / شیعر / ئەفسووناوی / گومانئامێز )
- نامۆیی خەوبینین (ئەسپەکانی خەون /باڵندە دەدوێنم /لەوپەری ئاسمان / خەون دەبینم )

هەرچەندە (پابلۆنیرودا) نزیکەی چل ساڵێك پێش (شێرکۆبێکەس) چاوی هەڵێناوە ، دەڵێ دوو جمکن لە نامۆییدا .

بۆیە نیشتمانەکانیان لەسەر نەخشەی نامۆیی جوگرافیادا بەسەر (سێ) هەرێمدا دابەشکدەکرێت :

***یەکەم : نیشتمانی گچکە (ماڵەوە ) .***

***دووەم : نیشتمانی گەورە (کوردستان / شیلی )***

***سێیەم : نیشتمانی بێسنوور (گەردوون )***

## ***یەکەم : نیشتمانی گچکە (ماڵەوە) (The Little Home ):***

ئەم نیشتمانە بەهەر دوو نهۆمەکەیەوە : نهۆمی سەردەمی منداڵی و نهۆمی هەرزەکاری ، هێندە کاریگەری بەسەر ئەزموون و پرۆسەی داهێنانی ئەو دوو شاعیرەوە هەیە کە زۆر ئەستەمە بتوانن لە شاکارەکانیاندا

خۆی لێ بدزنەوە ، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەم بوون بە كەرستەیەكی بەپێزی ناو ئاخنی شیعرەكانیان و هەم ڕێخۆشكەری داهێنانە گەورەكان بوون ، نهێنیی ئەو سیحرەش لەوەدایە كە ( ماڵ ، كۆلان ، گەڕەك ، دراوسێ ، دێ/یان شار ) سەرچاوەی یەكەمین نامۆبوونی ئەو دوو شاعیرەبوون .

له وەلامی پرسیارێكدا ، كە چ شتێ لە پشت داهێنانەكانی (پابلۆنیرودا)یە ، ئەو دەڵێ :"كە منداڵ بووم لەحەوشەی ماڵەوە بووكۆكەیەكی جوانم بەدەستەوە بوو . یاریم پێدەكرد ، دەستم درێژكردو خستمە نێو كەلێنی دێواری دەرەوە ، پیاوێك لەو دیویڕا ، لێڕفاندم و هەلات لەو ڕۆژەوە من بە دوای ئەو بووكۆكەیەدا دەگەڕێم ." (71)

كە لە (شێركۆبێكەس) یش دەپرسن : پەیوەندی شاعیر بە شوێنەوە چیە ؟ ئەو دەبێژێ :" پەیوەندی شاعیر بە شوێنەوە لە پەیوەندی هەوا ئەچێ بە هەناسەوە ، تۆ ئەگەر شوێنی لە شیعرەكانی من بكەیتەوە ، لە بۆشاییەك زیاتر هیچی تر نابینی . شوێن و ڕێگاوبان ، مەنزڵە جیاجیاكانی شیعرەكە شوێنە خۆشەویستەكانت ون كرد ، زەمانەكانیش كاڵ ئەبنەوە . شوێن هۆگربوونە و لەهەمان كاتیشدا سەرچاوەیەكی غوربەتیشە ، ئەو گەرەكەی منداڵیم تێدا بەسەربردووە ، هەمیشە لەوێم ، تەنانەت ئەو گەڕەكە لە وجودیشا نەمابێت "(72) كەواتە گوتەكەی ( ئەرستۆ) بۆ ئێرە دەگونجێ كە دەڵێ:" فاكنەرەكانی واتای لە سێ شتدا دەو رەدراوە: لیكچواندن، دژیەك ، جووت بوونی كات و شوێن." (٧٣)

گەرەکی (گاوران ) لە سلێمانی و گوندی (parrel) لە شیلی ، جگە لە نامۆیی دەبێ چ شتێکی دڵخۆشکەرو ئاسوودە هێنەریان بۆ (شێرکۆبێکەس و پابلۆنیرودا) پێبووبێ ؟

راستە (فائق بێکەس) مامۆستا و باوکی (شێرکۆ بێکەس) وە ( Reyes Bascalto) ی باوك ( پابلۆنیرودا) کە کرێکاری ئیستگەی شەمەندەفەربوو ، هەر دووکیان لە چینیی چەوساوەکان بوون، وەڵێ لەو رۆژگارە سەختەدا ، کە هەژاری و نەداری و دەردو بەلا دەستی لە قورگی هەموو کەسێکی ئەو گەڕەکانە نابوو ، قەت بواری نەداون شەوێك بە سکتێری و بێ خەم سەربنێنە سەر سەرین .

ئەوا جگە لەو نامۆییەی کە کەلتووری سەقەتی کوردەواری و ئەمریکای لاتینی بەسەریدا فەرزکردبوون ، لە داب و نەریت و رەفتارو پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ئایین و مزگەوت و کلێسە . نامۆیی باری سیاسی و رۆشنبیری و پەروەردەکاری لەلایەکی تر . هەرلەونیشتمانە گچکە (شێرکۆ) هەتیو دەبێ و (پابلۆ)ش دایکی کۆچدەکا و دەکەوێتە بەر دەستی باوەژن.

لێکۆڵینەوەکانی سایکلۆژی منداڵ و سۆسیۆلۆژی سەلماندواینە کە کاردانەوە نەرێیەکانی تەمەنی منداڵی چەندها بار و قورستر و بەهێزتر و ترسنکاترە لە رووداوانەی لە تەمەنی کامل بووندا روودەدەن . کورد دەڵێ ((بیری منداڵی تیژە)) لە سایکۆلۆژی منداڵدا ئەو پەندە وا راڤە کراوە کە پەرچەکردارەکانی سەردەمی منداڵی درێژخایەنن ، بۆیان هەیە تاکو مردن بەرۆکی خاوەنەکەی بەرنەدەن ، تەنانەت لەزانستی سێکیشدا (Sexology)

هێندەی جاری هۆکاری نەزۆکی و پەککەوتەی سێکسی بۆ نشوستییەکانی سەردەمی مندالی دەگەڕێننەوە .

ڕەخنەگری بە توانا ، وەك شوێنەوارناس ، شوێنەواری دێرینی زەمانی مندالی لە بەرهەمی شاعیردا دەدۆزێتەوە و شارەزایانە بە ئەدەب و واقیعی ژیانی دەبەستێتەوە ، ئەو گوتەیە ڕەفز دەکرێتەوە کە دەڵێن ((مندالْ نەفامە!!)) (شێرکۆ بێکەس) لە قەسیدەی (ئێستا کچی نێشتمانمە) دەڵێ :

***من لە ولاْتی بێ ولاْتدا لە دایك بووم***

***لە دوکەلا چاوم پشکوت***

***لە دەستڕێژا کوێچکەکانم کرانەوە***

***بەدەم زرکەو پێم گرت***

***هەرزەکاریم وەك ئاوی ترساو دەرۆیشت و***

***وەك گوڵێکی نا دڵنیا شەوان دەنووست***

***ئەوەی یەکەم جار بەیانیان ئەیوت برسیەتی بوو***

***ئەوەی یەکەم جار شەوانش ئەیوت شەو باشی ترس و دین بوو*** (٧٤)

. لە کۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێ :

***ماڵەکەمان***

***ماڵکەمان چ ماڵێکی مرو مۆچ و***

لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا ، گەر منالێ رووداوی کەوتنی پایسکلێك ببینێ ، یان کە دەگاتە قۆناغی هەرزەکاری ، چەندین دکتۆری پسپۆر لەدەروناسان و رابەرانی خێزان لە گەڵ ئەم منداڵە یان هەرزەکارە خەریك دەبن ، نەکۆ لە دوارۆژدا ئەو رووداوە لە یادی دا خراپ بتەقێتەوە .

بە گوێرەی فاکتەکانی (facts) رێکخراوی تەندروستی جهانی (Who) " وەختی تەمەنی منداڵی کاریگەری بەسەر هەموو گەشەکردنەکانی دا هەیە بە درێژایی ژیانی مرۆڤـ ، مێشك و گەشە بایلۆژیەکانی جەستە لە ژێر کاریگەری ژینگەی منداڵی دان ، کاری ئەزموونەکانی ئەو سەردەمە شەقڵیان لەسەر باری تەندروستی و دەروونی فێربوون و تەنانەت باری ئابوری هەیە ."(٧٦)

لەم دوو کۆپلە شیعرەدا ، نامۆیی رەش و تاریك وەك تەونی جاڵجاڵۆکە هەموو شتە جوانەکانی منداڵی شاعیری واتە نیووە، چرۆی خەون خەیاڵی وشککردوە . یادە جوانەکانی ئەو تەمەنە ، لە دایك بوون / چاوپیشکووتن / کوێچکە کرانەوە / پێ گرتن /گوڵی هەرزەکاری / شەوان / نووستن ) بە چەك و ئەسبابی داپلۆسین و خنکاندن و تۆقاندن ، رەشەکوژی ، ئەنفالکراون بە بەرچاوی دایك و باوك و خزم و کەس کارو گەرەکەوە . ئێستا ئاسەوەوار شوێنەکان پووکاونەتەوە بەلاّم زام و برینیان لە رۆحدا هەر لە هەڵچووندایە . منداڵی شاعیر هەر (بێ ولاّتی و دوکەڵ و دەستە — رێژ و زریکە و ئاوی ترساو گوڵی نا دڵنیا و برسی یەتی و شەوباشی ترس و دین ) بووە ، وەك

هیمۆگلۆبین تێکەڵی خوێنی بووە و ، نامۆیی شاعیر پەر پەر لێوی کۆپلە شیعرەکانی هەموو دیوانەکانی سوور دەکا .

لە کۆپلەی دووەمدا ، کە هەر دە وشەیە ، پێنج جاران وشەی ( ماڵەکەمان) دووبارەبۆتەوە ، ئەوەی ماوتەوە وشەی (مرومۆچ، پەست ، دارەمەیت ) ە ، کە جگە لە دیمەنێکی دلقەبزی خوێن تاڵی بە ترس ، چیتر نایبنی ، چەند پڕسۆیە ئەو ژیانەی ڕۆژەکانی لە نێو دارەمەیت دا یەك لە دوای یەك مرداردەبێتەوە ، ژیانی ناو دارە میت ، مەرگی بێ کۆتاییە !.

پابلۆنیودا ، بە ئاوزێکی تر بۆ نیشتمانە گچکەکەی خۆی دەخوێنێ ، هەرچەند عمرێکە لێ دوور کەوتۆتەوە ، لە قەسیدەی (خانوو) دا دەبێژێ :

*ئەوە ، ڕەنگ بێ ئەو خانووە بێ ،*

*تێیدا ژیام بەر لە بوونی من بوونی زەوی*

*ئەو کاتەی هەرچی هەبوو ،*

*مانگێك یان بەرد یا ، ستێرە ،*

*ئەو تیشکەی ئێستا یان نەبوو ،*

*دوور نیە ئەو بەردە خانووەکەم ، پەنجەرەکانم ،*

*یان چاوەکانم بێ ئەم گوڵە ڕەنگینە ،*

*شتێ وەبیر دەخاتەوە*

*لەمن دا ژیاوە یان لە خۆی !*

***ئەشکەوتێ یان گەردوونێك لە***

***خەونەکانی ناو کەللەسەر***

***پیاڵە یان  قەڵا  ، بەلەم ، یان لە دایك بوون***

***دەست لە گۆری نەبەردی ئەو بەردە دەدەم***

***قەڵایەك لەناو دەریاێکی سوێرا راوەستاوە***

***دەزانم رێژنەی باوبارانی من***

***لە وێندەری ڕا دادەبارێ***

***شتە چرچوو لۆچاویەکانی ناخم***

***بەرەو رۆحم سەرئاو دەخا .***

***من بەردبووم و  بەرررديش دەبم***

***هەر بۆ خاتری منیشە***

***نەمردووە ئەو بەردە***

***ئەو بووم ، ئەویش ئەبم***

***ئاسوودەیی ئەو خەباتێکە***

***لە کەنارما راکشاوە . (٧٧)***

(پابلۆ نیرۆدا) ی شاعیر ، لەسەر سینەی تاکە بەردێك و لەسەر لێوی تاکە گولێکی رەنگینی کۆنە خانووەکی سەد ساڵەدا ، نشتمانێ بۆ خۆی دروستدەکا، بەقەت گەردوون خەیالاوی و پر خەون ، هێندە بە ناخی ئەو بەردەدا دەچێتە خوارەوە تا دەبن بەیەك جەستەو بە یەك رۆح ، بەرد دەبێتە پابلۆ و پابلۆ دەبێتە بەرد ، ئەو بەردەی بۆ خاتری ئەوە کە تا ئێستا ژیاوە و نەمردووە .

## ***دووەم : نیشتمانی گەورە (کوردستان و شیلی) (The Great Home):***

هەرچەند (پابلۆنیرودا) (دڵدارانە) هاتە نێو باخی شیعر و ژیان کردە سەیرانگای ئەڤین ، وەلێ هێندەی پێنەچوو ئەویش ، (شێرکۆ) ئاسا خۆی هەڵدایە سەرپشتی ئەسپە شێتەکەی نیشتمان ، لە رێگای ئەوە و فێری سنعاتی شیعرو هونەری داهێنان بوو .

مێژووی دێرینی نەتەوەی کوردو شیلی ، بە تایبەتی لە سەدەی رابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیەدا لێوان لێوە لە مەرگەسات و کۆشتی گەورە گەور و زوڵمی بە کۆمەلکوژی و ئەنفال و ژەهراویکردن ، مرۆڤایەتی شەرمەزارە لە ئاست ئەو غەدر و غدورەی لەو دوو نەتەوەیە کراوە ، لە کاتێکدا هەموو خەباتی رەوای ئەوان لە پێناو ئازادی و ئاشتی و خۆشەویستی بووە .

ئەوی ئەقلی مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی توانی دایبهێنێ ، لە چەك و تفاق و تەکنەلۆژیای کوشتن و قڕانکردن ، لە دژی ئەو دوو نەتەوەیە بەکارهێنرا ، بە فیتی زاڵمترن دکتاتۆرو پیاو کوژانی دنیاو بە دەستی بێ ئابرۆترین عەسکەر و جەندرمە وجاش و چەتەی رۆژگار .

نامۆیی ئەو جەورو جەفایە هەر فاکتەر نەبوو ، بۆ خروشاندنی شاعیربەتی ئەو دوو جوامێرە ، بەڵکو گەورەی زام و قووڵی برین و سفت و سۆی ژانەکان ، هەرددوکیانی پەلکێش کردە ناو کۆرەی شۆرش و فیداکاری ، (شێرکۆ بێکەس) بە فیعلی سی ˇجار روودەکاتە شاخ و بەرگی شەرەفی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و (پابلۆنیرودا)ش لە خەباتی ژێر زەمیی و مەنفا و ئاوەری تەقسیری بە رۆحی خۆی نەکرددوە ، لە تەورەی یەکەمدا ، لە برگەی (میکانیزمی پرۆسەیداهێنان لەمێشکدا ) کە (Vander vent) ئەنجامی دا، گەیشتینە ئەو ئەنجامە کە (" تا دیمەن و رووداو هەڵوێستەکان ئالۆزتر و قورستر و ناخۆشترین بن پلەی داهێنانەکە مەزنتر و گەورەتر دەبێ ، چوون نامۆییەکە بە قەد رووداوەکان مەزن و کاریگەر بوون ". (شێرکۆ بێکەس) لە شاکارەکانی وەك (دەربەندی پەپوولە و رەنگدان و تەمتوومان گۆرستانی چراکان و ....هتد) دەگاتە لوتکەی داهێنان و ئەفراند ، ئەوا لەپاڵ گەردگۆیەك لە خەسڵەت و کەرستە پێوستیەکانی داهێنان کە لە شاعیر دا وجودیان هەیە ، کێوێك کارەساتی گەورەو مەرگەساتی جەرگبڕ ، رەشینەی چاو ، ناخی دەروونی ئەویان سووتاندوتەوە ، ئەو کارەساتە گەورانەی بەسەر کورد داهات وەك( Vander Vent) ئاماژەی پێدا ، شیعرەکانی (شێرکۆ)یان تەقاندەوە خۆ ئەوەی ئاشنایی شاکارەکای (پابلۆنیرودا) بێت ، دەرك بەوە دەکات کە چ حەسرەت و گرێ و مەراقێك لە ناو دڵی ئەو دا بوو بە کوچکە بەرد . شاکارە مەزنەکەی (گۆرانی گشتی / Canto General) داستانی میژوویی هەموو ئەمریکای لاتینی ، لەسر سینە پڕ سفت و سۆیەکەی خۆی نووسییەوە . ستەمی نەتەوەیەك و زوڵمی کیشوەرێك و جەوری چەندەها سەدەی ، بۆ مێژووی ئەدەبی (شتیلی) و جیهان بە دنیا ناساند و بە ئەرشیفی

کرد ، خۆگەر ئەو زوڵم و زۆرەش ئاوا گەورەو کوشندە نەبوایا ، ئەم شاکارانەش لە دایك نەدەبوون .

---

نامۆیی نیشتمانی گەورەی ئەو دوو شاعیرە لەم چەند سەرە قەڵمە کورتدەکەمەوە :

- نامۆیی غەربیی بوون لە کۆشی نیشتمانی خۆیان .
- نامۆیی زەفتکردنی نیشتمان.
- نامۆی ناشیرین کردنی نیشتمان.
- نامۆیی دەستدرێژکردنە سەر شەرفی نیشتمان .
- نامۆیی کوشتی نیشتماان
- نامۆیی جینۆسایدکردنی هەرچی لەسەر ئەرز و ناو ئاو بە ئاسمانی نیشتمانەکەیانەوە پەیوەستە.
- نامۆیی نادادپەروەر و خیانەت و گەندەڵی لە نیشتمان .
- نامۆیی دزینی فەرهەنگ و کەلتووری نیشتمانەکەیان.هتد...هتد .

---

(( شیعری گەورە ، شیعری سەردەمە ئاڵۆزەکانە وەك سەمفونیایەکە ، پتر لە یەك دەنگ و زیاتر لەیەك رستە ، فرە تر لەیەك دەنگ و زیاتر لەیەك رستە ، فرەتر لە یەك کەڵەلەی تێدایە "(٧٨)

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێ :

*من هاتووم بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە*

*گەورەیەی*

*ئەوینی نشتمان تێم بەربێ*

*من لێرە لەناو ئەم ئەوینە چڕەدا*

*دڵنیام وەك ڕاستی ،*

*من لێرە لەناو ئەم دەربەندەی دوکەڵ و ترسەدا*

*ئاسوودەمە ، وەك سەمای ئازادی (٧٩).*

جۆش و خرۆشی نامۆییە شاراوەکەی ئەم کۆپلەیە هەر لە نامۆیی سۆفێکی ناو خەڵوەتنشین دەچێ ، یەك نیشتمان و یەك ئەوین و دوو عالمی جیاواز : گڕ لە خۆبەردان لە پێناو سەمای ئازادی ، ئاسوودە بوون لە نێو دەربەندی دوکەڵ و ترسدا ، (شێرکۆ بێکەس) بەزاری خۆی دەڵێ :

" ئەو وختەی هەست ئەکەین هەمو ڕێگاکانی لەبەر دەمتا بەستراون ، ناچار ئەبیت ڕێگەیەك ئەگەر لەناو خەیاڵیشەوە بێ بکەیتەوە بۆ ئەوەی نەخنکێت " (٨٠) بۆ شاعیر خۆی لەناو ئەوینێکی چڕو دەربەندێکی سەر بە دوکەڵ و ترسدا مەلاس دەدا ، گەر نیشتمانەکەی لەناو ئاگری دۆزەخ نەبێ و هەڵنەقرچێ . ناکرێ نیشتمان لەناو ئاگری تەندووری ستەم و نادادپەروەری قرچە قرچی بێ و شاعیر ، دەستە وەستان ، بەرانبەری گۆرانی بڵێ ، بە دڵنیاییەوە ، ئاگری تەم و تەندورە دەگاتە نێو تەندوری سینەی شاعیر ، ئەمە

کت و مت لەگەڵ گوتەکەی (Bertrand Russell) یەکدەگرێتەوە کە دەڵێ : " نیشتمان پەروەر هەمیشە باس لە مردن و سووتانی خۆی دەکات لە پێناوی نیشتماندا ، ئەو هەرگیز باسی کوشتنی خەڵك ناکا لە پێناوی ئەوینەکەیدا ." (٨١)

(پابلۆنیرۆدا)ش بە زمانێکی تر ئاگری نیشتمان لە خۆی بەرددەا ، لە قەسیدەی (*باشووری زەریا - ئاسا* ) دەڵێ :

***بەڵام ، من باس لە کەنارێك دەکەم***

***لەوێدا ، دەریا بە شەپۆلە کێویەکانی خۆی***

***پشکۆی ئیسك و پروسکی ئەوی***

***داوەتە بەر قامچیان***

***ئەوە چی یە ؟ سێبەرێك ؟***

***نا ، هەر سێبەر خۆی ، لە کۆمارێکی ناشاد ، کۆمەڵێك قەوزەی دەریا ،***

***باڵ – لێرواو***

***بە دەنووك لە مەمکی ئاسمان دەدەن***

***ئەی کەناری زامداری دەستی شەپۆل !***

***ئەی فەوارەی دەریا !***

***گەر بارانیش شەوانی رازەکانت داپۆشی***

*گەر بای لەبن نەهاتووش*

*هەموو باڵندەکان بکوژێ*

*گەر تەنیا ئاسمان ......*

*من هەر گەرکمە گەزێ لە کەنارت*

*بکرم و بمرم*

*من دەمەوێ هەرتەماشایەکی هەناوی ئەمبەردان بکەم ،*

*نهێنییەکاینان پڕ بوون لە شەپۆلی کەنار وکەفی سپی سپی. (٨٢)*

نامۆیی یەخسیریی و دەستەپاچەی نیشتمان ، بە قەلاًتێك وشەی چەفەنگدارو پڕ لە ڕمز ، ئەو کۆپلە شیعرەی خنکاندوە ، لە دیمەنی گۆشەیەکی کەنار ، شاعیر هەموو ولاًتەکەی دەبینێ و تەمەنا دەکا بیکاتە کولێرە نانێك و گەزێکی لێبداو بمرێ ، کۆپلەکە ئاخێنراوە بە نامۆیی ناخی شاعیر (شەپۆلی کێوی ، پشکۆی ئسك و پروسك ، قامچی ، لەی نا شاد ، قەوزەی دەریا ، کەناری زامدار ، بای لە بن نەهاتوو ، کوشتنی باڵندە ، هەناوی بەرد و نهێنییەکانی ) لێرەدا شاعیر ، مەراقێکی هێندە گەورەی لە دڵە ، نێوە دێرێکی بە کراوەیی بە جێ٘هێشتووە .(گەر تەنیا ئاسمان ....... ) بۆ؟!

نامۆییەکەی هێندە گەورەیە ، وشەیەك نادۆزتەوە ئەو ئاسمانە گەوریەیی سەر دەریای پێ پڕبکاتەوە ، دیەوێ خوێنەر بکاتە شاعیر و لە جێگای خۆی لەسەر ئاگری غوربەتەکە هەڵیقرجێنێ تا وشەیەکی بۆ دێ و

دێڕەکە تەواو دەکا . خاڵی گەشاوە لێرەدا ، ئەوەیە ، (پابلۆنیرودا)ش وەك (شێرکۆ) عەزرەتی مردنە لە باوەش نیشتمان ، هیچ ئاماژەیەك بە دیناکریێ خوازیاری تۆڵەو کوشتن و ئینتقام بێ .

هەر بەیت و کۆپلەیەکی ئەو دوو شاعیرە دەخوێنیتەوە ، راستەوخۆ یان نارەستەوخۆ دەتبەنەوە ناو باوەش خاك و نیشتمان ، هەر چەند ئەو دوو شاعیرە ، بەیەکەوە ، فرمێسك دڕێژن کە دەبینن نیشتمانی ئەوان هەر زوڵمی لێدەکرێ و ئاوەرووت دەکرێتەوە .

(شێرکۆ بێکەس) دەڵێ :

*من نیشتمانەکەم گیلە*

*لە خوێن ساردی و بیرچوونەوە و بێ باکیا*

*لە هیچ نیشتمانێکی تر ناچێ*

*بۆیە منیش بریارمدا*

*وەکو کراسێکی کۆن و*

*چاویلکەی شکاوو*

*نامەیەکی بزرکراو*

*ئەوم لە بیر بچێتەوە. (٨٣)*

(پابلۆنیرودا)ش لە قەسیدەی (*کۆتایەکانی گۆرانی ئاو* )، تاڵاوی ئەو خەمە تفتە دەنۆشێ و دەڵێ :

**ڕۆژێ دەزانی**

**من جارێ لەم هەرێمە دا بەترسەوە پەریمەوە**

**شەو بە دەنگی نهێنی و**

**تارکی چەنگەڵ دەورژا**

**بەلورێك ، خزامە ناو گەردوونێکی نەزانراوی ( ئاسای)ی ڕەش ،**

**دارستانی تاریك ، خۆڵە میشی ترساو**

**گەنجیم وەك باڵی مێشوولە دەلەرزی**

**لەو شوێن بۆ ئەم شوێن  لە مەملەکەتی**

**نا دڵنیایی دا دەردەپەریم**

**لەناکاوڕا  تایەکان هەموو وستان**

**نەناسیاوەکان دابەزین**

**هەر خۆم و خۆم وەك بێگانە**

**لەناو تەنیایی چنگەڵدا مامەوە**

**بەجێیان هێشتم لەناو ئەو لورییە چەقیویدا**

**لە نێو شەودا گیریخواردبوو**

**گەنجێکی بیست ساڵی ، چاورەوانی بوو  ، بخزێنە ناو زمانەوە .(٨٤)**

## سێیەم نیشتمانی بێسنوور (گەردوون) *(The Boundless Country)*

(Benjamin Franklin) دەڵێ : " ئازادی لە کوێی بێ ، ئەوێ نیشتمانی منە " (٨٥) کەوات قەت نە کوردستان نیشتمانی (شێرۆکۆ بێکەس) و نەشیلیش نیشتمانی (پابلۆ نیرودا) بووە ، لەوەتەی ئەو دوو وڵاتە هەیە ژێر دەستەیە ، عارەب و فارس و تورك کوردستانیان لە نێو خۆیاندا بەشکردووە و ئیسپانیا بەزۆرەملێ و بە کەرەگایی چەند سەدەیەك شیلی و دراوسێیەکانی کردە مستەعمەری خۆی ، ستەمی ژێر دەستیی و کۆیلەتی رۆحی ئەو دوو شاعیرەیان لە داردا چونکە ،" بەدرێژایی مێژوو کوشتنی رۆحی ئازادی لە جەستەی مرۆڤدا (بەئەقڵ و دەروون و ویژدانەوە ) مرۆڤی فرێداوەتە ناو بازنەی نامۆیی و سەر شێواندن ." (٨٦)

بەندو زیندانیکردنی شاعیر لە نێو چوار دیواری کۆنکریتی ماڵ و شار و وڵاتدا و محرومکردنی لەهەرچی ماف و دا پێوستی بنەرەتی ژیانی ئاسایی مرۆڤ ، هاندەر بووە ، ئەو بە دوای کونجێکی تردا بگەرێ هەناسەیکی ئازادی تێدا هەڵمژێ ، جا بەخەون و خەیاڵیش بێ ، لە چاوپێکەوتنێکدا (پابلۆنیرودا) دەڵێ : " لەوەتەی هەم ، هەرگیز هەستم

نەكردووە كە (شيلی) نيشتمانی منە ، من هێندە نامۆم بە ولآتەكەی خۆم و دنيا ، ئەسلەن ، من ناچمەوە سەر وەچەی ئادەميزاد من مندالّی مانگم ." . (٨٧)

خۆشبەختانە ، پێشكەوتنی تەكنەلۆژيای گواستنەوە و گەياندن و ميديا ، لە سەردەمی ئەو دوو شاعيرە ، ئاسنككاری زۆری كردوە بۆ لەيەك نزيك بوونەوەی مرۆڤەكان لە هەر كوێ بن ، كەوشتنی كرێكارێك و لە سێدارەدانی شۆرشگێرێك لەو پەڕی دنياوە بە چەند سعاتی بە دەنگ و رەنگ لەهەر چوار ئيقليمكەی دنيا بلآو دەبێتەوە ، ئەوە سەرەڕای ئەو هەموو گەڕان و ئاوەرە بوون و نە فيكردنەی ئەو دوو شاعيرە بەسەر پشتی زەويەوە ، (پابلۆ نيرودا ) دەڵێ : " هەموو گەشت و سەفەرێكم بۆ خاتری گەڕان و خۆشی و خزمەتكردنی شيلی بووە ، وەك شيعرەكانم ، من بۆ ئەوان دەژيم و ئامادەشم پارێزگاريان لێبكەم . ( ٨٨)

هەرچەند ئەو دوو شاعيرە سەر دەفتەری داهێنان و بليمەتی بن ، ناكرێ رۆلی ئەو سەفەر و گەڕانەوە هەرە تبوونەيان لە معادەلەی داهێنانی ئەدەبيدا دەرهاوێژينە دەرەوە ، ئەگەر ئاوارەيی و دەر بەدەری و راودوونان نەبوايە (مەحمود دەروێش و محەمەد مەهدی جەواهيری و محمەد عەبدول وەهاب و ئەدينۆس و عەبدولا پەشێو و .... هتد...هتد ) نەدەگيشتينە ئەو مەقام و شوهرەت وەرگرتنە . كە (پابلۆنيرودا) دەچووە سەر شانۆی شيعر خوێنديەوە حەفتا هەزار تا سەت هەزار بينەر لە ياريگايە گەورەكانی

جیهاندا له دەوری کۆدەبنوونەوە ، (پابلۆنیرودا) دەڵێ :" هاتمە (Rangoon) لە ئاسیا ، نەمزانی تەنیایی هێندە کوشندەیە و دووره وڵات هێندە بیکەست دەکا ، تۆ دەتوانی لە نێو چوار دیوار دا تەنیا توند توند سەری خۆت بە دیوار بکێشیت و هاوار کەیت و کەسیش بە هاناتەوە نەیەت ." (٨٩). بەڵام ئەم نامۆییەی کانیلەی شیعری ئەوی تەقاندەوە و کردی بە (شاعیری جەماوەر) . (دییو) دەڵێ :

(( هەموو شێوەکانی داهێنان جا هۆکارەکەی هەرچی بێ ، هەموو پێکهاتەو ئەسبابەکانی هەڵچوونی کاریگەریان بەسەر داهێنانەوە هەیە )). (٩٠)

سەیر کەن چۆن شێرکۆ بێکەس لە کونجێکی (ستکهۆلم) دا دەنووزێتەوە :

***لێرە***

***لێرە مەنفا لە دوای مەنفا***

***چ کارەساتێکە برا***

***ئێمە بەرەو***

***((گیان رووتانەوە ،، مل ئەنێین .)) (٩٢)***

لە نیشتمانی بێسنوردا ، ئەو دوو شاعیرە ، بێ بێوەرگرتنی فیزەو ئیقامەو پەساپۆرت سنوری دەیان وڵاتیان بەزاندووە و نیشتمانی خۆیان دۆزیوەتەوە . جا جارێ لە تەك کێڵە خەمبارەکەی (لورکا) وجارێ لە

ناو پۆڵێ ریشۆلەی کۆچەری و جارێ لەگەڵ ماسی گێژ خواردووی زەریاکان و جارێ لە ژێر ئەو پارچە مقابایەی مندالی لەسەر شۆستەدا بەخۆی داداوە .یان لە سەر کۆلارەی منالێکی (هایتی )و لەسەر کورسی کەمئەندامێکی (کابول)دا ، لەسەر مانگ و خۆرو ئەستێرە و بن ئەرز و ناو دەریا ، تا خۆت گوزەر بەناو شیعرەکانی ئەو دوو شاعیرە نەکەی ، نازانی چەند هێلانەو بێشەو خان و کاروانسەراو هەواریان دیووە . نیشتمانی بێسنووری ئەو دوو شاعیرە ، گەرەکی (گاوران) و گوندی (parrel) هێندە گەورەکردووە وا دەزانی جیهان دارتووێکەو لەبەر ماڵی ئەواندا ڕواوە .

ئەگەر دوێنێ ئەوان بۆ کۆترەیەکی باڵشکاوی (چناروك و سناتیاگۆ) شیعریان چڕیبێ ، ئەوا ئیمرۆ هەموو کۆترە و باڵندەی دنیا لەسەرشانی ئەوان هەڵنیشتوون و دەخوێنن .

تۆمارکردنی ژان و خەمی ئەم هەموو کۆترو تەیروتوارە ، بە بەیتێك و کۆپلەیەك و بە پەیڤێك ناکرێ ، نامۆییەکە یەکجارگەورە بووە ، لێرەدا گەورەترین شۆرشی نامۆیی ئەوە بوو ئەو دوو شاعیرە (زمانی شیعریان) گۆڕی تا پڕاوپڕ بێت لەگەڵ گەورەی نامۆییەکە – دواتر ئەم پنتە باشتر شیدەکەینەوە .

(شێرکۆ ێکەس) دەڵێ :

***شوێنەون***

***من مێژووێکی کۆچەریم***

***زمانم داوە بە کۆڵماو***

***هۆبە هۆبە***

***لەگەڵ خۆمدا ئەیگەڕێنم .(93)***

ستۆکهۆلم . 1988

( پابلۆنیرۆدا) دەڵێ "لە (Rangoon) ، هێندە تەنیاو بێکەس بووم ، کەسێ نەبوو بە زمانی خۆم بیدوێنم . زۆر دەترسام زمانی زگماکی خۆم لەبیربچێتەوە ، بۆیە داوای فەرهەنگێکی ئیسپانیم کرد." (٩٣) .

شاعیرەکان ، خاوەن هەستی ناسکترو چاوی تیژترو ناخی پرسۆترن ، لە ئێمەمانادا ، جا کە پەرتەوازەی ولاتان بوون ، سنوورەدەستکردەکانیان شکاند ، باشتر حاڵی بوون کە خەمەکان و قەیرانەکان چەندە جەرگبڕن ، چەندە مرۆڤەکان نامۆ کراون و خەسێنراون، لە هەموو بوارەکاندا وەك .

هەژاری و نەداری / نەخۆشی و دەردەداری / نەخوێندەواری و جەهالەت / نادادپەروەری و گەندەڵی / چەوسانەوەو ژێردەستی / پەناهەندەو ئاوارەیی / تەعزیب و ئەشکەنجەدان / ڕووتکردنەوەی ژن لە مرۆڤایەتی /حەقخواردنی پاڵەو کرێکاران / خەفەکردنی ڕۆحی ئازادی و خنکاندنی دەنگە نزمەکان ....هتد......هتد . جا توخوا سەرزەمینێ بە دەست برای مرۆڤـ وا ناشیرین

کرابێ شایستەی ئەویە تێیدا بژیت؟ چەندان جار ئەو دوو شاعیرە سەرزەوییان بەجێهێشتووە و ڕوویان لە وڵاتی (مەجهول و عەدەم) کردووە.

(پابلۆنیرودا) دەڵێ :

لە ڕۆحمەوە شتێ هەڵسا :

نائارامی .....یان شاباڵی لەبیرکراو؟

ڕێگای هەنگاوی خۆم گرت و

شفرەی ڕازی ئەم ئاگرەم شیکردەوە ،

یەکەم دێڕی ناتۆخ و نادیارم نووسی .

ناتۆخییەکی بێ ناوەرۆك ،

لێوان لێو لە هیچ و پووچی....

پڕاوپڕ لە ژیری ی کەسێ

کە قەت هیچ هیچ نەزانێ ،

لەنکاوڕا.....بینیم ئاسمان

لەسەر پشت کراوەتەوە

والآ ...... والآ.. .... (٩٤)

چونکە "داهێنان ڕەنگدانەوەیەکی ئیلهام ئامێزی ناوەخت نییەو دیاردەیەکی لاشعوریش نییە ، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی دەچێتەوە ناو ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە نووسەر تێدا ژیاوە " (٩٥) .

بڕوانن چۆن (شێرکۆ بێکەس) لە کات و شوێنێکی نائاساییدا گڕدەگرێ و ئەم شیعرە دەنووسێ :

*(لە پاریسەوە)*

*دوور و نزیك*

*هەر ئێستە لێرەوە*

*بەرەو ژوور باڵدەگرم*

*ئەم هەورە ڕیش لۆکە ، ماندووە ، ڕائەگرم*

*پێی ئەڵێم : ببورە چاوەکەم ، تۆ نامەی بارانێ*

*یان بەفرێ یان بۆنی ئێوارانی خەمناکی شارەکەی (بێکەس)ت ، پێ نیە ؟*

*بمدەیتێ و لەباتی ئەو ئەرکەش سەد ماچی پەڕوباڵ سووتاوی غەریبی وەرگری !* (٩٦)

دوورو نزيك ئەوەی دەمەوێ بيكەمە پاش قسەی ئەم بڕگەيە ئەوەيە خاتوو(سێرگی ئيزنشتاين) دەڵێ :" *شۆرش كردميە هەنەرمەند* " (٩٧)

وەلێ لێرەدا (شێركۆبێكەس و پابلۆنێرودا ) هونەريان كردەوە بە شۆرش و تين و تەكانێكی تازەيان بە نەوەی شۆرشی دوای خۆيان بەخشی ، لەناو سەنگەرو لەسەر پەڕەی دەفتەرەكانی شيعردا . (شێركۆ بێكەس) دەڵێ : " ماوەيەكی زۆر لە مەنفادا ژيام ، مەنفا لەناو نيشتمان و مەنفا لە جيهان ! مەنفای جيهانم درێژكراوەی مەنفای ناو نيشتمان بوو . لەهەردووكيانيشدا ئەو تيشك و ڕووناكی يەمان لەدەست چوو كە ئاوات و دواڕۆژ پێگەيشتنی لێ دەدرەوشايەوە . نامۆيی جۆرە وون بوونێكە ، جيهانەكەی ناديارە ، ڕێگايەك بۆ يەكجار دەگرێ و نازانی بەرەو كوێت دەبا ". (٩٨)

## ***تارمايی (نامۆيی) لە گۆڕستانی مەرگەوە***

## ***:(The Reflection of the Poetic Laments of the Alienation)***

" مردن هەرگيز گەورەترين خەسارەت نييە لە ژياندا . گەورەترين خەسارەت مردنی شتەكانی ناو ناخمانە كە هێشتا زيندوون " (٩٩) چەمكی مەرگ و مردن لە هيچ چەمكێكی تر ناچێ، تۆ هەميشە (شتێكت object) لەبەر دەست دايە ، بەرانبەر هەر چەمكێك ، كە دەڵێين (مانگ) ئەوا چەمكی (مانگ)ت لەبەردەستە ، بەڵام بۆ چەمكی مردن هيچ

(شتێکمان) لەبەردەست دا نییە وەکو (مانگ )ەکە . تەنانەت کەلەناو بیرۆکەی مردندا جۆش دەدەین ، ناتوانین چێژی (مەرگ)ی خۆمان بزانین ، چونکە لە ڕوانگەی (مەرگ)ی کەسانی ترەوە لێکدانەوەی بۆ دەکەین .

بۆزاناو نەزانان ، بۆ سیوادارو بێسیوادان . مردن یەك شت دەگەیەنێ : (کەسێ دەمرێ کە ژیانی کۆتای دی٢! ) . بەهەزارەها کتێب دەربارەی ئەم دیاردەیە ، لە ڕوانگەی ئایین و فەلسەفەو مەعریفەو علم و ئەدەبەوە ، دەفتەری کتێبخانەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ، پڕ کردۆتەوەو کتێبی تریش بەردەوام لەژێر چاپدایە

، لەو رۆژە و مردن مرۆڤی ناسیوە ، ئەو پرسیارە قورس و مەتەڵئامێزەکان ماونەتەوە ئەمانەن :

- پێکهاتەی مردن چیە ؟
- مردن و پاشە مەرگ بۆ کارمان تێدەکەن ؟
- مردن ژان و ئازاری لەگەڵە ؟
- مردن کەی دێ (Time puzzle)؟
- مردن هەمیشە کۆستکەوتن و جەرگسووتانە ؟

خۆشی بێ و ترشی بێ ، مرۆڤ دەتوانێ هەر لە دوو گۆشە نیگاوە لە مردن ورد بێتەوە :

***<u>یەکەم : بۆچوونی دوولاگەری (Dualist view):</u>***

مرۆڤـ له ڕۆح و جەستە پێکهاتووه ، ڕۆح نەمرە بە لەناوچوون و فەنابوونی جەستە نامرێ ، مردنی جەستە گواستنەوەی ڕۆحە بۆ جیهانێکی ترو ژیانێکی نوێ . (١٠٠)

## دووەم : بۆچوونی جەستەگەری(Physicalist's view) :

مرۆڤـ لە جەستە بەولاوە هیچی تر نییە ، کە جەستە مرد شتێك نییە بمانکاتەوە بە( خۆمان )ی پێش مردن (١٠١)

بە ڕاستی زەحمەتە بەبێ پشت بەستن بە فەلسەفەیەك یان ئایینێك یان بەبێ بوونی (باوەڕ) هێنان ، حەقیقەتی مەتلەقی مردن تێبگەین . بۆ ؟ چونکە وەك (Ludwig Wittgenstien) دەڵێ : "مردن ئەزموون نییە " واتا کەسێ نەمردووەو لەو لاوە هاتبێتەوە باسی چۆنیەتی مردن و ژیانی دوای مردنی خۆییمان بۆ بکات ، واتا کەس خاوەن ئەزموونی مردن نییە . (١٠٢)

کەواتە ، لەسەرە مەرگا ، یا ئەوەتا بەرەو دەرگایەکی کراوە دەچێن ( دەرگای ڕۆح ) ، یان سەر لە دیوارێکی پتەو دەدەین (مردنی جەستە ) . بۆ حاڵەتی یەکەم ، کۆچکردنەکە ، ئازادبوونە ، گەیشتنە بە جیهانی بەختەوەری ، بۆ حاڵەتی دووەمیان ،ماڵوێرانی و خانەخەراب بوونە ، کەوتنە عەزاب و قوڕبەسەرییە .

پووختەی بیرۆکەکە ئەوەیە ، مردن چەندە تەمومژاوی و پرسیار هەڵگرە ، هێندەش هەڵگری توخمەکانی نامۆیی و نامۆبوونە بۆ مرۆڤەکان . لەنێو دەستە جەمعی مرۆڤەکاندا ، کەم کەس هەیە بەقەد شاعیر لە (مەرگ و مردن ) ڕامابێ و هەوڵی ڕاڤەکردن و دۆزینەوەی نهێنییەکانی دابێ .

شێرکۆبێکەس دەڵێ : " گەر شوێن لە شیعرەکانی من بکەیتەوە لە بۆشایەك زیاتر هیچی تر نابینی . " (١٠٣) . منیش دەڵێم ئەگەر ( مەرگ و مردن ) بە هەموو دەنگ و ڕەنگ و ڕەهەندەکانیانەوە ،لە شیعری ئەودا بکەیتەوە لە دیوانێکی ڕەنگپەڕی و دەنگ خنکاو زیاتر هیچی تر نابینی . ئەم گوتەیە ، کت و مت بۆ شیعرەکانی (پابلۆنیرودا )ش پڕ بە پێستییەتی .

لێرەدا پرسیارێك یاخەمان دەگرێ : بۆ ئەو دوو شاعیرە ئەو هەموو شیعرەیان بۆ مەرگ گوتووە ؟ . — لەبەر (خۆشەویستی و نامۆیی ) . خۆشەویستی ئەو ئازیزانەی کۆچیان کردووە لە مرۆڤ و باڵندە و گەلای داران و هەورو گۆرانی و سەما و دیمەن ......هتد هتد — نامۆیی : نامۆیی بوون و فەنا بوون.

هەردوو شاعیر لە بۆچوونەکانیاندا بۆ مەرگ ، گوتەکەی (Thomas Nagel) ڕەتدەکەنەوە کە دەڵێ : *" مردن هەمیشە ڕوخسارێکی ناشیرینی هەیە ، چوون بەردەوام بوونی ژیان ، شتە جوانەکان جوانتر دەکا .* "(١٠٤).

ڕەخنەگری چاوتیژوو ، خوێنەری هۆشیار ، تێدەگا چۆن ئەو دوو شاعیرە چەمکی (مەرگ و ژیان ) نۆژەنکردۆتەوەو گەیاندیتیانە پۆپەی هونەری شیعر . ئەوان ( ئەو شتە ناشیرینەیان ) جوانترکردووە لە خودی (ژیان) ، ڕەنگی نامۆییان لێداماڵیوەو بەرهەمێکیان هێناوەتە وجود هەر حەز دەکەی ئەزبەری بکەیت و لەگەڵ خۆتدا بیلێیتەوە .

بەم چەند سەرە قەڵەمە ، داهێنانی ئەو دوو شاعیرە لە تێکەڵکردنی مەرگ و نامۆیی دەخەینە ڕوو:

- گۆرینەوەی زاراوەی ( مەرگ و مردن ) ، بە داستانی (ژیان و ژیانەوە )، لە گەوهەری قەسیدەکانیاندا هەمیشە بوونی ژیان لە مەرگدا دەسەلمێنن . ئەوان مردن بەبەشێك لە ژیان دەزانن ، لە پێناو بە زیندوو ڕاگرتنی ژیان .

- گۆرینی دیاردەی شین و سەردولکەو لاوانەوە بۆ خەندەی دواڕۆژو خۆشی سەرکەوتن و شیرینی گەیشتن بە ئاوات .

- ئەوەندەی بۆیان کرابێ خوێنی چۆڕاوەی شەهیدەکانیان کردووە بە مەرەکەبی شیعرەکانیان . جگە لە خوێن شتێکی تریان شك نەبردووە ئەو کارەساتە گەورەیی بێ تۆمار بکەن .

- چونکە هەر لە منداڵییەوە ( شێرکۆبێکەس و پابلۆنیرۆدا ) بە مەرگ ئاشنابوون (یەکەم باوك و دووەم دایکی و کچۆڵەیێکی نۆ ساڵی خۆی کۆچیانکرد ) مەرگ لە خانەی ناهۆشیار مێشکی ئەواندا ماوەتەوەو کە گەورەبوون ، ئەو ناهۆشیارە بوو بە بەشێکی بوونی خودی ئەوان .

- مەرگ ، هەمیشە هێزو هاندەرو داینەمۆی بەرەو پێشبردنی ژیانی دواڕۆژبووە بەرانبەر مەرگ بەبەردەوامی چاویان بۆ سەرەوە هەڵبڕیوە و باوەڕیان بە فەنابوونی ژێر خاك نەبووە .

- دووجار تاجەگوڵینی نەمریان بەشەهیدەکانیان بەخشیووە ، جاری یەکەم وەستهێنانی نەمری لە شەهیدبوونیاندا ، جاری دووەم بە (نەمر) کردنیان لەنێو شاکارەکانیاندا هەتاهەتایە. چونکە" شەهید بوون باڵاترین پلەی بەرەنگاربوونەوەی فەناکردنە بە خۆ فەناکردن."(١٠٥)

- کۆ – شێوەنکردن و لاوانەوەی دەستە جەمعیان داهێنا . قوربانییەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و جینۆسایدی کوردان و ڕەش و ڕووتانی شیلی و ئیسپانیا ، لە چەندەها قەسیدەی مەزندا زیندوو ڕاگیراون .

- لاوانەوەی دارو درەخت و باڵندەو بەرد و شاخ و جۆگەو شەماڵ و باران و بەستە و گۆرانی و ئاواز ، ئەفراندنێکی تری خەسڵەتی شیعری لاوانەوەی ئەو دوو شاعیرەیە . ئەوانیان بە پلەو مەقامی شەهیدان گەیاندووە .

- شیعری لاونەوەی ئەو دوو شاعیرە ، توحفەیەکی ئاڵاو واڵای پڕ لە نەخش و چنینی هونەری شیعرن . وەستایانە ڕۆمانسییەت و جوانکاری و ئەفسانەو کەلتوورو تەلەسمی هونەری ئەدەبییەکانی تریان تێدا بەکارهاتووە.

- لەزۆربەی شیعرەکاندا ، مەقامی پێغەمبەرو فریشتەو مەلائیکەتیان داوە بە شەهیدەکان .

- لەپشت پەردەی ئەو شیعرانەدا بۆچوون و فەلسەفەی خۆیان لەمەڕ مەرگ و مردن و شیکردۆتەوە.
- جوگرافیای مەرگیان لە سنووری نیشتمانی خۆیان تێپەڕاندوەو شەهید لە هەر کوێ بووبێ هەر بەهی خۆیانیان زانیون .

ئەوتا ، شێرکۆ بێکەس هێندە لە واقیع و لە خەیاڵدا شیعری بۆ کۆچکردوەکان گوتوە ، لە قەدەرو بەختی خۆی بێزاربووەو لە لاوانەوەی " مەحموودی مەلا عزەت " دا لە قەسیدەی ( *پیاوێك لە درەختی هەتاو*) دەڵێ :

***ئازیزان ....***

***بەڵام ئەمە چ قەدەرێکی چەمووش و کوێرە***

***شێرکۆی هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی هەموو جارێ ببمە قەقتەسی لاواندنەوەی ئازیزێکم !***

***چ قەدەرێکی بە کێنگل و بەژان و سۆییە بۆ قەڵەمە چاو تەڕو بە هەنیسکەکەم***

***بۆ ئەوەی هەموو جارێ بە دیار مەرگی ئازیزانەوە هەڵگیرسێ و هەڵقرچێ و هەڵوەرێ و***

***بەڵام بشمینێ و دیسانەوە لە سووتانی خۆیدا باڵ بگرێتەوەو***

***لە کلووکۆوە ببێتەوە بە باڵندەیەکی ناو ئەفسانەی ئەم ژیانە*** .(١٠٦)

لەم کۆپلە(55) وشەیەدا (19) وشەی چاوبەخەمی پڕ نامۆیی تێدایە (*2* ***قەدەر ، چەمووش ، کوێر ، قەفەس ، لاوانەوە ، بەکینگل ، بە ژان ، بەسۆ ، چاوتەڕ ، هەنیسك ، مەرگ ، هەڵگیرسانی ئاگر ، هەڵقرچان ، هەڵوەرین ، خۆڵەمێش ، سووتان ، کلووکۆ ، ئەفسانە*** ) ، ئەوە سەرەڕای ئەو فەزا نامۆ پۆشەی لە دەوری قەسیدەکە ئالاوە :(***مردنی ئازیزێك و سووتانی شاعیرێ***)

(پابلۆنیرودا ) لە لاوانەوەی هاوڕێیەکی بەناوی (*Joaquin*) ، ڕوو لە دەریا دەکاو دەریاش ڕەمزی نەمری و پاراستنی نهێنی و مەزنی خودایە .

***(دیارنەمانی - Joaquin)***

***لەێستا بەولاوە ....***

***گوێم لێ یەتی .....***

***بە خورپەوە خۆی بەئاوەکان دادەدات***

***بە ئاوە دیارەکان***

به زەریایەکی تایبەت

لەدوایدا دەکەوێتە باسکلێدان و

پریشکەکان دەپڕژێنێ و

دەنگی ....دەنگێکی کپکراوی نەگۆڕم

دێتە گوێ ،

جەستەی ئەو باڵی ئاوەکان ماچی دەکات

لە جێگایەکەوە ، گوێم لێ یە ، لە جێگایەکەیەوە

ئاوەکان شڵپو هۆڕیانە

بەسەرمندا شڵپوهۆڕیانە

ئەو ئاوانە

تیزاب ئاسا دەسووتێنن

پۆشاکی خەونەکانی و شەوانی بێسنووری

ڕۆحی سەرکێش و

ڕەنگی زەردی ئامادەبووی دەم و چاوی

*یەك جارە هەتا هەتا*

*لەتەك ئەودا دەخەون .*

*خۆشی دەخەوێ*

*جا حەزوسۆزی دادەروخێتە*

*ناو دەریای مردووەکان .*

*شێتانە لەناویان نقوم دەبن و*

*بەدڵساردی ، دەریاش لە ئامێزیان دەگرێ.* (107)

(وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە – فازیل شەورۆ)

ئەم کۆچە لە کۆچی نێو ئەفسانەکان دەچێ ، قارەمانەکە خۆی فڕێدەداتە ناو باوەشی زەریا ، رۆحی خودای نهێنییەکانی دەباتەوە . ئەوەی ناهێڵێ شاعیر ، هاورێیەکەی لەبیربچێتەوە ، دەنگی دەریاو وێنەی ماڵئاوایی ، ئیقاعی قەسیدەکەیە !

لەم برگەیە گاریگەری نامۆیی و نامۆبوون بە جووتە رۆحی خرۆشاوی ئەو د وو شاعیرە دەورژێنن: لە لایەکەوە بە نامۆیی ( خودی نامۆیی) ، جاری دووەمیش بە نامۆیی (مەرگ و مردن). ئەوان گوتەکەی (

نیکۆلا بوالو) ڕەتدەکەنەوە کە دڵێ:" مەرجی شیعر ی لاوانەوە ئەوەیە دەبێ تەنیا دڵ لە    شیعری لاوانەوە قسە بکات."(١٠٨)

## ***(داهێنان)ی شیعر  لە زەمانەوە سەرچاوە دەگری***

## ***(The Role of Language in Creative Writing)***

لە چاوپێکەوتنێکدا (شێرکۆبێکەس ) دەڵێ : " من لەو باوەڕەدام بابەت یان بیرۆکە ناتوانێ بە تەنیا قەسیدەی داهێنراو خەلق بکات ، بەڵکو گەوهەرەکە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە . " (١٠٩)

ئیمرۆ ، زمان ، لەسایەی گەشاندنی مەعریفی و تەکنەلۆژی سەردەمدا ، بۆتە زانست . زانستێ دەها لق و پۆی لێبۆتەوەو بەبەردەوامیش لە گەشەساند دایە . ئەگەر هەموو ڕشتەکانی زانستی زمان و زمانەوانی لێرە ڕیزبەند بکەین ، ڕەگەنە لە  سەروی چل ڕشتە بن،  چۆن هەر ئەندام و کۆئەندامێکی جەستەی مرۆڤـ ، دکتۆری پسپۆری خۆی هەیە ، زمانیش بە گوێرەی شێوەو پێکهاتەو مێژوو و گۆڕانکاری هەر رشتەیەکی بۆتە زانستێکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ وەك :

(زانستی دەنگسازی phonetics) ، (زانستی دەنگزانی phonology) ، (زانستی وشەسازی morphology) ، (زانستی ڕستەسازی syntax) ، (زانستی ماناسازی semantics) ، (زانستی کردنخوازی  progmatics) ،

(زانستی تیکستسازی Discourse analysis) جا هەر زانستێکیش لەوانە چەند لقی تری لێدەبێتەوە ، بۆ نموونە ، زانستی زمانناسی (Linguistics) تا ئیمرۆ پانزە جۆری هەیە .

لەسەرەتای پەنجایەکانی سەدەی رابردوو ، لە ئەمریکا ، بۆ یەکەمین جار بابەتێکی زمانەوانی سەربەخۆ بە ناوی (زمانی شیعر Language poetry) یان (هونەری زمانی شیعر Poetic of languag writing) هاتە ناوروانگەی رەخنەی تازەوە ، ئەمیش بۆ ئاسانکاری کردنی تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن لە شیعری کۆمەڵە شاعیرێکی ئەمەریکای بوو وەك ( Frank O'Hara William Carlos Williams , The black mountain Groups) کە خوویان دابووە شێواز - گەریکی نووسینی زۆر قورس و تەمو مژاوی ، شیعرەکانیان ناو ئاخن کردبوو بە (مەجاز Metonmy) ، (جێگۆرکێپکردن Syhecdoche)، وە (بنیاتی Paratactical ، واتا پچارندنی پەیوەندی نێوان دەستەواژە و ماناکانیان - ) لە ساڵەکانی (١٩٨٠) ئەم بابەتەی (زمانی شیعر) بوو بە تێزی دەها بروانامەی باڵاو لە زانکۆکانی ئەمریکا ، لە ئەوروپاش بووە بابەتی خوێندن . دوای (زمانی شیعر) تێکەڵکرا بە (( هونەری شیعری و (Poetics) نووسینی داهێنەرانە ( Creative writing) لە رشتەی ئەدەبیاتدا بوو بە پرۆگرام .(١١٠)

خۆ زمانی شیعر ، لە سەردەمی یۆنانییە کۆنەکانەوە بابەتی مشت و مڕ هەڵگربووە ، وەلێ تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ، ئێستا بە وێنە و هێلکاری و دەنگ و ڕەنگ ئەم بابەتە هەڵدەسەنگێنێ و شیدەکاتەوە .

شیعر كە پرۆسەی داڕشتنی بیرۆكەیەكی مێشكە و خەرمانێك بنما و رەگەز و كەرستەی خۆی هەیە ، لە رێگای زمانەوە تۆماردەكرێ ، مرۆڤـ — بە تایبەتی شاعیر خاوەن گەنجینیەكی لەبن نەهاتووی هزرو بیرو خەیاڵە ، كە زمان عاجزە لە دەربڕینی هەموویان ، وەك ئەوەی كەسەكە خۆی دەخوازێ ، ئەمە سادەترین نیشانەی نامۆی زمانە لە مرۆڤـ دا — جا هەر زمانێك بێ .

غیاپ الدین نەقشبەندی لە كتێبی (نامۆیی)دا دەڵێ : " من لەو زمانە نامۆم ناشتوانم ئەوەی دەمەوێ وەكو خۆی بیڵێم ."(١١١) جا سەر بارو بن باری هەموو ئەو نامۆییانەی پێشتر باسمان كرد ، دەستكۆڵە بوونی شاعیر لە دەربڕینی هەست و هۆش و بیرو خەیاڵی هێندەی دی تووشی نامۆ بوونی دەكات ، بۆیە ( فاردینانددی سویس ) دەڵێ : "زمان دەستكردی مرۆڤە و دەرهاویشتەی رۆحە ، گەیاندن و گواستنەوەی رەمزەێكە و هەڵگری بیرۆكەیە ، لاینی بیری تاكەكەس هیچ كەم بایەختر نییە لە ڕەگ و ریشەی كۆمەلأیەتی ، كە كار دەكاتە سەر زمان )." (١١٢)

سەیركەن چۆن نامۆیی زمان دەبێتە هاندەری داهێنان لە شیعر ، وەك گوتمان شیعر زمانە ، جا تا شاعیر دەستەوەستان تەسلیمی نامۆیی زمان نەبێ ، هەوڵدەدا شێوازێكی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە لە زمان ، تا بتوانی هێندی لە بیرۆكە و خەیاڵەكانی داریژێ، بێگومان ئەمە پرۆسەی شەو رۆژێ نییە (شێركۆ بێكەسو پابلۆنیرودا) و هاو قەڵەمەكانیان دوای ئەزموون و عومرێكی دوور و درێژ گەیشتە (داهێنانی زمانی قوتابخانە) ئەو زمانەی خەڵكان و نووسەرانی تر لاسایی دەكەنەوە — هەر كاتێ شاعیر گەیشتە زمانی دۆزراوەی خۆی ئەوا ئەگەر نەشگاتە داهێنان ، زۆر لێ نزیك دەبێتەوە ، بۆیە

دەڵێم داهێنانی شیعر لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێ مامۆستا ئەحمەد سالار دەڵێ : " بە ڕای من لە دایکبوونی زمانی هونەرمەند ئەو دەمەیە ، لە دڵەڕاوکێ پیرۆز دروست کردنەوەکەی تەواو دەبێ زۆر جار هونەرمەند لە ئاستی کێشەکەی گەورە و گەرینیك دا خۆی دەستکۆڵە دەبینێ ، ئەو گەورەیی کەرستە سەرەکییەکەیە ، ئەو ماوەیەش ماوەی دۆزینەوەی ئەو زمانەیە ، ژانێکی ڕەوایە ، نەك هەڵاتنی چونکە لەوی ئەوەی بۆتە خولیای ، واتا لەو کاتەوە چۆتە ژێر باری و لە ئەستۆی ناوە ، دۆزینەوەی گونجاوترین زمان گرەو بردنەوەی هونەرمەند کەیە )) (١١٣) .

لە هێڵکارییەکی سادەی بەرەو پێشچوونی زمانی شیعری ئەو دوو شاعیرە ، ئەو خاڵانەمان دێتە بەر چاو :

***یەکەم*** : (شێرکۆ بێکەس) لە تەمنی (١٧)ساڵیدا یەکەم شیعر بڵاودەکاتەوە و (پابلۆنیرودا) لە تەمەنی دە ساڵی پەخشان دەنووسی و لە (١٣) ساڵیشیدا شیعر ، وەك هەموو دەستپێکەرێك ستایلی لاسایکردنەوە لە شیعر و بەرهەمەکانیان دا دیارە . (شێرکۆ بێکەس) بۆ خۆشی دەڵێ کە بە شێوازی (گۆران و ئەحمەد هەردی) دەستی بە شیعر نووسین کردووە .

(پابلۆنیرودا)ش بەهەر یەك لە (Cabrilea Misral) وە ( Margery Safir ) وە (Mannel Duran) موتەئسیر بووە بۆیە یەکەم و دووەم بەرهەمی چاپکراوی هەردووکیان ، نوێگەری دیار و داهێنانی بەرچاوی تێدا نییە ، هەرچەندە زمانەکەشیان خۆش و پاراوە ، ئاسییە کە شاعیر لەم تەمەنەدا نەگاتە زمانی مەبەست و ئاستی هۆشیاری و گەشەکردنی ڕۆشنبیری توانای هەزم کردنی نامۆیەکانی ئەو سەردەمەی نەبووبێ ، چونکە لەو تەمەنە رووگەشەکانی دەرەوەی شتەکان پتر لەبەر چاون و هێشتا شاعیر

نەگیشتۆتە ئەو قوتابخانەی لە نهێنی هەموو نامۆییەکان و چەفنگەکانی دەوربەری خۆی تێبگا .ئەو کات شاعیرانی روانگە بە دەست گومانەوە دەتلانەوە چونگە " لە راستی دا شیعر جگە لە خولقێنەری گومان هیچی دیگە نییە، گومانێك کە بەرهەمهێنەری مرۆڤ و گەردوون و شاراوەکان بێ و دۆزی هەمان ئەو گینگلانە بێ کە بە درێژای بوونی رۆحی مرۆڤیان هەراسانکردوە" (١١٤) شێرکۆ بێکەس لە (تریفەی هەڵبەست) دا لە قەسیدەی ( *شیعرەکانم*) دا دەڵێ :

***پەپولەی ، هەستی ناسکی، باڵ نەخشینی شیعرەکانم***

***بەسەر لێوی ، هیوای گەشی، ژیانا ئەنیشێتەوە..***

***دەزووی تیشکی، ورد ی پەنجەی، ئەفسوناوی بیرەکانم***

***تریفەی مانگ، لە ژێر هەو ر ی، گومانا ئەبینێتەوە.*** *(١١٥)*

پابلۆ نیرودا لە قەسیدەی (*تۆ هەموو رۆژی یاری دەکەی* ) کە لە ساڵی (١٩٢٤) نووسراوە دەڵێ :

***تۆ هەموو رۆژ بە تیشکی گەردوون یاریدەکەی***

***میوانێکی خانم و خاتوون .***

***بەگوڵ و بە ئاو دەگەیتە لام***

***تۆ لەو سەرە سپیە مەزنتری***

***کەوەك چەپکە گوڵ هەموو رۆژێ***

***لە نێو دەستمدا دەیگرم.***

*************

***لەوەتەی عەشقی تۆ لێ داوم***

***تۆ لە هیچ کەس ناچی***

***دەڵێمەگرێ با بەسەر تاجینە گوڵە***

***زەردەکاندا بتپرژێنم***

***کێ هەیە بە حرفی دوکەڵ ، ناوت لە نێو***

***ئەستێرەکانی باشوور بنوسێ***

***دەڵێمگەرێ با وەك ساتەکانی***

***پێش بوونت ... یادت کەمەوە. (١١٦)***

***<u>دووەم</u>*** : زمانی ئەو دوو شاعیرە بەرە بەرە گۆڕانی گەورەی بەسەردادێ ، لە ئاکامی وەدست هێنانی ئەزموونی تازە و فراوان بوونی فەرهەنگی زمانەوانی ئەوان ، نابێ رۆڵی ئەو گەردەلوولە ئەدەبی و هونەرییە تازانەش فەرامۆش بکەین کە لەگەڵ شەپۆلی شۆرش و ڕاپەڕین و نامۆییەکانی ئەو سەردەمەدا هاتنە کایەوە ، (شێرکۆ بێکەس) نزیکەی دوای (١٥) ساڵ ، واتا قەسیدەی (من تینویتیم بە گڕ ئەشکێ) یەکەم هەنگاوی گۆڕانی تازەی

زمانی شاعیر بوو وە (پابلۆ نیروداش ) دوای (١٥) ساڵ واتا لە ساڵی (١٩٣٣) ئەو شێوازە تازەگەری دارشتنی شیعری پەیرەو کرد . شیعرەکانی ئەو قۆناغە تەم و مژاوی بوون ، ئاڵۆزی زۆریان تێدا بوو ، سیریالیزم باڵی بەسەردا کێشا بوون ، نادیاری و نا جێگیری بە زمانەکەیانەوە دیار بوو . هەرچەندە لە فەرهەنگی تازەباویدا خۆیان دەوڵەمەند تر کردبووە و هەنگاوی باشیشان بەرەو قۆناغی گواستنەوە هەڵگرتبوو دەکرێ ئەم فەترە زەمەنییە بە قۆناغی (پرد) ناوزەند بکەین ، ئەو پردەی ئەوانی پەڕاندەوە بۆ قۆناغی یان سەردەمی داهێنانی گەورە .( شێرکۆ بێکەس) لە قەسیدەی (من تینویتیم بە گڕ ئەشکێ) دەڵێ :

***تابلۆیەکەم لە سنووری چوارچێوەکەم دەربازدەبم***

***ڕەنگەکانم ناگرمە خۆ***

***شووشەی رووپۆشم ئەشکێنم***

***من سەر لە نوێ***

***بۆ نەوەی نوێ***

***ڕەنگەکانم ئەگرمەوە***

***شەقامێکم لە قەراغی خۆم بێزارم***

***خەنجەرێکم لە کلانی خۆو بیزارم***

***هەلبەستێکم لە زمان و رێزمانی خۆم بیزارم.(١١٧)***

٢٢- مایس -١٩٧٢ (یەکەمین مهرەجانی شیعری کوردی لە کرکوك)

پابلۆنیرۆداش لە قەسیدەی (گۆزەچی) دەبێژێ :

***جەستەت سەراپا***

***رێکی و نازداری تێدایە***

***بۆ من کراوەتە قەدەر***

★★★ ★

***ئەو کاتەی دەستت بەرزدەکەمەوە***

***ئەبینم لە هەموو شوێنێ***

***کوترە بەدوامدا دەگەرێن***

***وەك بڵێ ی ، ئازیزەکەم***

***ئەوان تۆیان لە قوڕ دروست کردوە***

***بۆ خاتری دەستم***

***کە کۆزە چێ دەکا***

********

***ئەژنۆ کانت ، مەمکەکانت***

***کەمەرەکەت***

***ئەوان پارچەی وون بووی منن***

***وەك قەڵشی زەوییەکی تێنوو***

***پارچە پارچەی لێ بشکێنن***

***ئێمە بەیەکەو یەکتری***

***دەخەوێنین***

***وەك یەك ڕووبار***

***وەك یەك تاقە دەنکە خۆڵ*** (١١٨)

(وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە – فازیل شەوڕۆ)

***سێیەم*** : دوای هەرسهێنانی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٧٥) دا شکستهێنان و خامۆشکردنەوەی رۆحی خەباتگێری تاکی کورد و دەستپێکردنی سەردەمێکی تازەی ئاوارەکردنەوە و لە سێدارەدان و کپکردنی دەنگی ئازاد ، کورد وەك نەتەوە توشی نامۆییەکی گەورە بۆوە ، (شێرکۆ بێکەس) بۆ شارۆچکەی (بەغدادیە) لە بیابانی رۆژئاوای عێراق نەفیکرا ، پابلۆنیروداش ساڵی (١٩٤٧) بۆ (Mexico) نەفیکراو دوای خۆشاردنەوەی دوو ساڵی لە ژێر زەمینی ماڵی برادەرێك وە دەرچوونی ئەمری دەستگیرکردنی و هەڵاتنی لەسەر پشتی کەر و ئێستر بۆ وڵاتی ئەرجەنتین ، لە پاڵ گەشەساندنی توانا و بەهرەو ئەزموون

و خۆ دەوڵەمەندکردنی فکری و فەلسەفی ، ئەو دوو شاعیرە پێیان نا قۆناغێکی تازەی ئەدەبی ، گەر وەك سەرەتایەکیش بوو بێ ، دەتوانم بلێم سەرەتای دۆزینەوەی زمانی شیعری خۆیان دەستنیشان کرد ، سیمای (زمانی قوتابخانە) لە شیعری هەردووکیان بە ئاشکرا دەرکەوت و هاتە ناو گۆرەپانی ئەدەب و رەخنەوە ، دەتوانم بڵێم بەهرەی داهێنانی ئەو دوو شاعیرە زمانی شیعری (کوردی و ئیسپانیان) لەو سەردەمە گۆڕی ، ئەم بابەتە بایخۆی لێکۆڵینەوە توێژینەوەی لەسەرکراوە – ئێستا (شێرکۆ بێکەس و پابلۆنیرودا) گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە دەبێ بە زمانی شیعری بۆ جەماوەر بنوسن ، بوویە بەرەبەر تەم و مژ و تاریکی و ئاڵۆزی لە شیعرەکانیان کاڵ بۆوە ، بە زمانێکی پاراو وخۆش و ڕەوان  گەنجینە ی بیرۆکە و فەلسەفە ناخی خۆیان بە ستایلە شیعرییە تازەگەی خۆیان دەربڕی ، تا وای لێهات جەماوەر بۆ خۆی نازناوی (شاعیری جەماوەری) بە پابلۆنیرودا بەخشی و (شیرکۆ بێکەس ) یش بە (شاعیری گەل) ناسرا . قسە کردنی لەسەر زمانی تازەی شیعری (شێرکۆ بێکەس)  چەندین تەوریی تایبەتی هەڵدەگرێ –. چونکە کارەکەمەم لە جغزی نامۆییدا دەسورڕتەوە ناتوانم لێرەدا هەموو زەخیرەکانی ناو ئەم هەنبانەیە هەڵڕێژم و تەوەرەکە بو شیکردنەوەی زمانەوانی ئەو دوو شاعیرە بادەمەوە. ئەوەی کە دەمەوێ پێداگری لەسەر بکەم ئەوەیە کە  گەورە بوونی نامۆییەکانی تەمەنی ئەو دوو شاعیرە موتیڤێکی کاریگەر بوون لە یارمەتیدانی خولقاندنی زمانی داهێنراو ئەوان ، ئەمەیش دەرگای بە جیهان

کردنی ئەدەبی ئەوانی کردەوە ، بێگومان ئەمە لەگەڵ ئامادە بوونی هەموو پێکهاتەو تیرێژە سەرەکییەکانی تری داهێنان .

دوای پێشکەشکردنی کۆمەڵە شاکارێکی مەزن ، ئەو دوو شاعیرە زمان و ئەزموون و بەهرە و تێگەیشتن خۆیان لە شیعر و ئەدەب و چڕتر کردەوە و توانیان بگەن پۆپە و لوتکەی ئەدەبی جیهانی.

(دەربەندی پەپولە ) و شاکارەکانی تری (شێرکۆ بێکەس) وە (گۆرانی گشتی Canto General) ی (پابلۆنیرودا )ئەو گەوایە دەدن ، ئەوان لێرەدا قۆناغی شیعر نووسینەوەی شیعریان بە جێهێشتوو گەیشتنە قۆناغی (هونەری بەسنەعەت کردن) ی شیعر، (شیرکۆ بێکەس) بۆ خۆی دەڵێ : " کامڵبوونی ئەزموونی لە تینوویێتی بەردەوامی شاعیرەوە دێن . واتە ئەو کاتەی ڕازی نابێ بەوەی بچێتە ژێر رکیفی قەناعەتەوە ، بڕوای وابێ شیعری هەرە جوانی ئەو ، دەقێکە کە هێشتا نەینوسیوە".(١١٩) هەروەها دەڵێ : " پابەند بوونی شیعر بە ئایدەلۆژیەك دەستنیشانکراو بە باوەری من دروست کردنی جۆرە قەفەزێکە بۆ شیعر ."(١٢٠)

بۆیە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ :

***من بەردەوام***

***نەتەباو ڕێکم لەگەڵ خۆم***

***نە لەگەڵ هیچ کەسێکی تر***

***ئاخر تەبایی هەتا سەر***

***بینینی گومان لە چاوتا ناهێڵێت و***

***(نە ) لە ناو روحما ئەکوژێ و***

***ئەمداتە دەست رۆژمێرێ***

***نەڕشەبای گومانێك تیا هەڵدەکا و***

***نە گەردەلوولی پرسیارێ (؟) (١٢١)***

لەم کۆپلێیەدا گوتەکەی ( ئەحمەی مەلا) دێتە پێش کە دڵێ:" شاعیر هەوڵی ئەوە ئەدات دژی زمانی دایکی هەڵوێست وەرگرێت و بەرەو رووی بێتەوە." (١٢٢) لە (پابلۆنیرودا ) داشیان پرسی : "زمانی کام شاعیرت زۆر بە لاوە پەسند و جوانە ؟"

گووتی : " زمانی نانەوایەکەی سەری گەرەکەکەمان " کە پرسیان بۆ ؟ گوتی : " ئاخر هەموو خەڵك تێیدەگا."(١٢٣) دیارە (پابلۆنیرودا ) باوەڕی بەم گوتەیە هەبووە کە دەڵێ:" دەکرێ مرۆڤ لە رێگای زمانی ئاخاوتنەوە زمانێکی شیعری بەرجەستە بکات." (١٢٤)

لە دیدی (کانت) وە " رۆشنبیریی بەرزترین لوتەکەیە کە سروشتی مرۆڤـ بتوانێ دەستی پێدا بکات ، لە ئەقلانیەت و رەوشت بەرزیدا ."(١٢٥). بێگومان زمانیش کۆڵگەیەکی بەهێز و بەرچاوی وەدەستهێنانی ئەو رۆشنیرییە. (Martin Espada) شاعیر و پرۆفیسۆر لە (نووسینی داهێنان) دا دەڵێ " گەورەترین شاعیری سەدەی بیستیش لە نێو هەموو زمانەکانی دونیا دا ، پابلۆنیرودایە."(١٢٦) و بە بۆچوونی ئەو نامۆیی و نامۆبوون لە

بنیاتنانی ئەم زمانەدا ڕۆڵی خۆی هەیە. لە ساڵی (١٩٦٤) دا (پابلۆنیرودا) لە قەسیدەی ( لە یادەوەری دورگەی ڕەشدا) ئاشنایەتی خۆی لەگەڵ شیعردا وا دەگێڕێتەوە:

***لە تەمەنێکدا، قەسیدەیەک***

***هەڵکەوت***

***هات بە دوامدا دەگەڕا***

***نازانم... نازانم لە کوێ***

***هەڵکوڵی لە......***

***لە روبارێ***

***نازانم چۆن، نازانم کەی***

***نە دەنگ، نە وشە، نە بێدەنگی وجودیان هەبوو***

***لە نێو لقی دارەکانی شەودا***

***لە سەر ڕێ سەرەتاتکەیی لێدەکردم***

***لەنکاو لە لایێکی تری لق و پۆپەکانەوە سەری دەردەهێنا***

***لە نێو ئاگری بێئاماندا***

***یان ئەو کاتەی بە تەنیا دەگەڕمەوە***

***دەمبینی خۆم لێدەخشێنێ، بەبێ دەم وچا و***

***نەمزانی چی پێبڵێم***

***نەمدەناسی***

***وەک کوێروابووم***

تا شتێ هات و گیانی پێکام

وەك لەرزوتا، وەك جنوكەی وێڵ

هێواش هێواش هات تێیبگەم

هات بتوانم ئەو حەریقە بخوێنمەوە

یەکەم نیوە دێری نادیارم دارشت

نادیارێکی

بێ جەستە، شێتییەکی چەندە خۆش بوو

مەعریفەێکی چەندە رەسەن بوو

بۆ منالێکی کێوی وەك من

لەنکاو بینیم ئاسمان کراوەتەوە

ئەستێرەو درەخت سەما دەکەن

تیرم بینی لە ئاگر ، تیرم بینی لە گوڵ

بینیم شەو گوزەردەکا تا جیهان بهارێ

منیش وەك مەخلوقێکی وێڵ

سەرمەست بەم بۆشاییە

هەستمکرد خۆشەم بەشێکم لەو

لە گەڵ ئەستێراندا لە سەقەردام

جەستەم لەگە( با) دا ئازاد و بەرەڵا. (125b)

بۆ وەڵامی پرسیارێکی (شێرکۆ بێکەس) کە دەپرسێ " نازانم بۆ هەموو شاکارە ئەدبییە مەزنەکانی جیهان لە رەحمی ئازار و ژاندا لە دایک ئەبن".(١٢٧) دەڵێن: کاتێ هەموو توخم و تیرێژو بنەماکانی داهێنان لە مێشك و هزرو دڵ و دەروونی شاعیر یان ئەدیب کۆدەبنەوە و نامۆیش دەبێتە مامان و داینگەی ئەو هزر و بیرە، ئەوا شاکاری زیندوو رۆحی دێتەبەرو بۆ هەمیشە چێژو جوانی و هونەرو مەعریفەت بە مرۆڤایەتی دەبەخشێ! بە دۆزینەوەی زمانی شیعری خۆیان ئەو دوو شاعیرە گەیشتنە مەقامی نەمری ، چوون:" هەموو شتێك لە رێگای زمانەوە دەناسین، بەڵام زمانیش بەبێ زمان ناناسرێتەوە." (١٢٨)

## ***ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە( Conclusions) :***

- ***نامۆیی مۆتیڤە نەك فاکتەر و لە پاڵ تیلێمەنتکانی تری (داهێنان) رێگا خۆشکەرە بۆ خولقاندنی (داهێنان) ئەدەبی گەورە.***
- ***نامۆیی نێگەتیف تێکشکێنەرە و نامۆیی پۆزەتیف خولقێنەر و داهێنەرە .***
- ***تا پلەو قەبارە و شێوازی نامۆیی گەورەتر و قورستر و سەختر بێ ، پرۆسەی داهێنانەکە گەورەتر و مەزنتر دەبێ .***

- ***لە پاڵ کەرستەو تیلێمەنتکانی تری (داهێنان)، شێوازی فیسیەلۆژی و بایەلۆژی مێشك و مێشکۆلی داهێنەر رۆلی خۆی هەیە لە پرۆسەی داهێناندا . بۆیە هەموو کەسێ ناتوانێ ببێ بە داهێنەر.***
- ***ژیانی (شێرکۆ بێکەس و پابلۆنیرودا) لێوانلێو بوون لە نامۆیی و نامۆ بوون ، سێبەری ئەو نامۆییە بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا دیارە .***
- ***زمان سەرچاوەی داهێنانی ئەدەبییە و نامۆیش پاڵنەری دوزینەوەی شێوازی تازە بابەتی زمانە.***

***خوێنەری ئازیز :***

کۆبەرهەمی (شێرکۆ بێکەس) تا ئێستا، پتر لە (٧٣٥) قەسیدەیە و دوا دیوانی (پابلۆ نیرودا) ش کە لە ساڵی (٢٠٠٣) چاپکراوە (٦٠٠) قەسیدەی کورت و درێژی تێدایە ، ناکرێ ئەم هەموو بەرهەمە وەك نموونە تەوزیفیبکەم بۆ بابەتەکەم ، لە دوا رۆژدا دەکرێ درێژە بەو بابەتە بدەم و ئەم تەوەرانە تەواو بکەم:

- نامۆیی خۆشەویستی .
- نامۆیی کۆمەلأیەتی .
- نامۆیی ژێر دەستەیی.
- نامۆیی ئایینی .

- نامۆیی ژن.
- نامۆیی پەروەردە و رۆشنبیری.
- نامۆیی خودی شاعیر.
- سایکۆلۆژیای نامۆیی و داهێنان .

به شیعرێکی (شێرکۆ بێکەس) بۆ ( پاباۆنیرودا) لێکۆڵینەوەکە کۆتایی پێدێنم:

***(دوو دەنگ)***

***نیرۆدا وای بە شیلی وت:***

***لەبەر ئەوەی***

***جێ ژوان ی دڵداریم و سێبەری بن***

***ئەو سەروانەی کە سەرت تێدا ئەنێمەوە***

***لەبەر ئەوەی***

***تۆ رنۆی قژی تاریکی و***

***لە دەستی لاواز و لەرزۆکی دایکمی و***

***لە بەر ئەوەی تۆ چۆلەکەی باکراوی***

***سانتیاگۆیت ونافرێ***

***لەبەر ئەوەی لە ناو نیگای کتێبی ماندوو ی هەژارو برسییەکاند ا***

***تۆ فرمێسك ی قەدەغە و دەرکراوی،***

***نیشتمانم***

***بۆیە کاتێ بانگم ئەکەی***

***ئەبم بە ئەسپی بروسکەو لە تاریکیتا تاو ئەدەم***

***بۆیە کاتێ بانگم ئەکەی***

***ئەبم بە نان***

***ئەبم بە ئاو***

***ئەبم بە نان و بە هەتاو***

***نیشتمانم*** (١٢٩)

*١٩٧٥*

★★★★★★★★★★★★★★★

29-August-2012- Dublin

**کــۆتــایی**

---

**تێبینی: بەشێك لەم بابەتە هەڵبژاردەی فیستیڤاڵی گەلاوێژی ساڵی (٢٠١٢) بوو. لە ژمارە (٣) ی ساڵنامەی کۆڤاری گەلاوێژ (٢٠١٢) بڵاوکراوەتەوە.**

---

# ســـه رچاوەکان [References]

## ١- کـوردی

### ا) کتێـب


- ئارام سالح ، پرۆژەی ١٠٠ دیداری بڵاونەکراوە، بەشی ١، چ١، دەزگای پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.
- ئەحمەد سالار، هونەرو ژیان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی ٢٠٠٥.
- ئەحەدی مەلا ، شیعر تەنیا بنەمایە، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- حەمە رەشید قەرەداغی ، د. فەرهەنگی ئازادی ئینگلیزی — کوردی، چ١ ، دەزگای چاپ و نەشر ی احسان، چاپخانە ی اسوە، ٢٠٠٦.
- تیرێژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس، لێکۆلینەوە، چ١، چاپخانەی داناز، سلیمانی،١٩٩٩
- فوئاد رەشید، د. رووبەرێکی رەخنەیی، چ١، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١.
- هاوژین سلێوە ، د. ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا. چ ١ . چاپخانەی ڕۆژهەڵات — هەولێر . ٢٠١٣ .

- هیمداد حوسێن ، د. بزوتنەوەی روانگەو شاعیرانی حەفتاو هەشتاکانی هەولێر، چ١، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ٢٠١١.
- شێرکۆ بێکەس (دیوان)بەرگی (٦،٥،٤،٣،٢،١) پر ۆژە ی کتێبی دانسقە، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- شکری عزیز الماَصی، د. وەرگێرانی سەردار ئەحمەد گەردی (پ.ی.د.) تیۆری ئەدەب، چ١، چاپخانەی ماردین، هەولێر ، ٢٠١٠.
- کەمال غەمبار. بەرەو جیهانی شیعری چەند شیعرێك. چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ٢٠٠٨.
- مستەفا غەفور .و. ژان پۆڵ سارتر. ئەدەب چییە؟ چاپخانەی خانی، دهۆك. ٢٠٠٩ .
- موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلیمانی ٢٠١٢.
- هاوژین سڵێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعر ی شێر کۆ بێکەس دا، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩ .
- هەژار ، هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی – فارسی، چاپخانەی سروش، تەهران، ١٣٥٩ ف.
- هێمن ، ناڵەی جودایی، چ١، چاپخانەی علاو, بەغدا، .١٩٧٩.

- غیاپ الدین نەقشبەندی ، نامۆیی، چ ٢ ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان . ٢٠٠٤ کوردستان .

**ب) گـۆڤا ر**

- ئەکادیمی، ژ. ١٨ بڵاوکراوەی کۆڤاری ئەکادیمیا (٢٠١١)
- نووسەری کورد، ٢٠٠٨ ( حەمە کریو عارف ، دەربارەی شیعر و شاعیری)

***ج) مـاڵپەڕ و پێگەکانی ئینتەرنێت:***

- Facebook: شێرکۆ بێکەس
- سابیر بەکر بۆکانی، فەرهەنگی (www.pertwk.com). سایکۆلۆژی،چ١، سلێمانی ، ٢٠٠٤
- www.dengakan.info/dengakan/6/2015.html شەهید کەولۆس
- _
- http:// www. Ahewar.org/ dbat/show.art.asp?aid=25562 

جیهاد مەحەمەد حەمەکەریم، سەندی عەقڵانییەتی مەتریالی

- You Tube: ئێستا کچی *نیشتمانمە* / شێرکۆ بێکەس

- http://www.rwandzinwe.com/modules.php?name=News&file=article&sid=591

سەدیق سەعید رواندوزی، لە غوربەتی شوێنە بۆ غوربەتی رۆح

- http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=253931

ئاسۆ بیارەیی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی

- dengekan تەڤها احمد رسول

٢- عربى

أ) كتب

- ابن منقور، لسان العرب، دار الهلال، بيروت، المجلد ٣. ص. ٦٧
- المرعى ،د. فواد ، الجمال و جلال، بيروت، ٢٠٠٢
- ريشتارد شاخت، الاغتراب ، ترجمه كامل يوسف حسين/ الموسسه العربيه للدراسات. ت١، بيروت، ١٩٨٠.

- على اسعد وگفه ، الاغتراب فى الپقافه العربيه المعاصره، مجله المعلومات ٢٠٠٦
- سمير التقى، بين العقلانيه و شتح الانتروبولوجيا، مجله الواح

- مجد ى عزيز ابراهيم، المنهج التربوى، مكتبه الانگلو- مصريه، القاهره ٢٠٠١
- محمد على بيوچ، الاحاديت القدسيه الصحيحه، ت١، دار كتب العلميه ٢٠٠٢
- المختار بعبلاوى، اليقافه العربيه و معگيات الواقع الراهن، مجله الوحده ١٩٩٩.

***ب) رسائل الجمعيه***

- الاغتراب فى شعر الشاعرين محمود درويش و شيركو بيكهس- دراسه تحليليه فنيه، كيلاس عزيز العسكر ى،٢٠٠٥ جامغه بغداد ، رساله ماجستير.

***ج) الحوار و المقابلات:***

- قناه العربيه، برنامج الروافد، تقديم احمد على الزين (١٠ – ٥ – ٢٠٠٨)

- عادل كامل، الشاعير الكردى العراقى شيركو بيكهس
Ak47882@yahoo.com

***د) مواقع الانترنيت***

- http://www.almostshar.com/web/Subject_Desc.php?Subject_Id=3964&Cat_Subject_Id=36&Cat_Id=3

أ.د.على أسعد وگفه

- http://www.neelwafurat.com/itempage.aspx?id=lbb179322-142472&search=books
- حيدر حاج اسماعيل
- مفهوم الاغتراب:


## *3 -English References*

-


- - Barron, Guilford, Wallach and Kagan. Psychological Literature. NY
- - Cameron . J (1992) The Artist's way: A Spiritual Path to Higher Creativity .New York. Putnam
- - Chimp and Lia 2007. (Vandervent 2003.)
- Eric and Mary Josephson. (Eds ) Man Alone, Alienation. In Modern Society. New York. 1962
- - Gallagher, David P., Modern Latin American Literature. Oxford University Press. England 1973
- - Holt. J. (1989) .Learing All the Time. Cambridge NA Peruses.

- - James C. Kaufman. Theories of Creativity. Cambridge University Press. ISBN. 978-0-5231-73025
- - Journal of Emetics . The Origin, Evolution, and Creativity.
- Luper, Steven ' Death "the Stanford Encyclopaedia of Philosophy 2009.
- - Michael Farmer. Alienation, Existentialism and Theological Role 16. March 2010
- - Michael Mumford. MD 2003 . Taking shock in Creativity. Research Creativity Journal. No
- - Pablo Neruda: An Anthology of odes, edited by Yvette E. Miller, Translated by Malia Giacometti. Latin America Literary Review Press ( Pittsburgh.PA) 1974
- - Robin Ken. All our Future Creativity, Culture and Education 1998. National Advisory Committee
- Robinson. Ken. All our Future .Creativity . Culture , education 1998 , National Advisory Committecon creative Advisory Committee on creative and cultural education .

- - Sigmund Freud. Moise et le trasuit par Anne. Paris. Gallimard p. 75
- Tharp T. (2003) Simon and Schuster. The Creative Habit: Learn it use it for life. New York.
- -. Pablo Neruda Selected poems. Vintage books. London 1970. Edited by Nathaniel Tarn.

- Mark Elsner. The Essential Neruda, Selected poems.. Blood axe Books Ltd.2010
  - Wladyslaw Tatarkiewicz. A History of Six Ideas. An Essay in Aesthetics. P 244
- An Interview with Pablo Neruda. Posted by R.C/ Published: March 20.2010
- -Boden. Margarel. Cearion Mind. 2004. ISBN 0-297- 82069-9
- Neurobiology of Creativity-) Creative Innovatio(- Alice Flaherty .
- -The Poetry of Pablo Neruda .Edited and with an Introduction by IIan Stavars Farrar, Strauss ( NY 2003)

***b) Websites & Internet***

http://www.brainyquote.com/quotes/key words/countries.html

http://www.nobelprize.org/nobel_prizes/literature/laureates/1971/neruda-bio.html

http://www.dengekan.info/dengekan/6/14268.html
soran azad

of language, writing, theory and http://www.poetics practice

http://www.adab.com/world/modules.php?name=Sh3er&doWhat=lsq&shid=585&start=0

http://www.google.co.uk/search?sourceid=navclient&ie=UTF-8&rlz=1T4ADRA_enIQ460IQ478&q=wordthworth

www.who.int/mediacenter/fuctsheets/fs332/en/index-html.

---

http://en.wikipedia.org/wiki/Language_poets

http://www.diwanalarab.com/spip.php?article26218

http://www.iwffo.org/index.php?option=com_content&view=article&id=49490:2011-12-23-22-42-28&catid=4:2009-05-11-20-54-04&Itemid=5

http://www. An interview with Pablo Neruda. Posted by / R.C.

http://ar.wikipedia.org/wiki

http://motarjemarab/blogfa.com/category/475

http://cvc.cervantes.es/literatura/cauce/pdf/cauce24/cauce24_07.pdf

http://poetices.oflanguage92writing and practice .

http://www.alaklaam.net/forum/showthread.php?t=22405

http://www.poetryfoundation.org/bio/pablo-neruda

http://www.bioghttp://www.ahewar.org/debat/nr.asp

http://raphy.com/peohttp://bryteyedgemini.hubpages.com/hub/Critical-Analysis-On-Poetry-by-Pablo-Neruda

---

## پـەراوێـز (Footnotes) :

(1) حاجی قادری کۆیی (دیوان) ل. ٥٥

(٢) فوئاد رەشید (د.) . ل. ٣٣

(٣) فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە ل.٦٥٧

(٤) هێمن (دیوان) ل. ١٩

(٥) سابیر بەکر بۆکانی ل. ٧

(٦) ) فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە ل ٥١٢

(٧) س . ژ (1)

(٨) رىتشارد شاخت ل. ٧٥

(٩) س. پ. ٦٧

(١٠) ابن منقور. ل. ٢١٧

(١١) محمد علی بیوچ. ل.١٢٠

(١٢) Sigmund Freud / P: 75

(١٣) حەمە رەشید قەرەداخی. د. ل. ١٧

(١٤) علی اسعد وگفه .ص ٩٨

(١٥) غیاپ الدین نەقشبەندی (ئینتەرنێت) ل. ٢٣

(١٦) جیهاد مەحەمەد حەمەکەریم

http:// www. ahewar.org/ dbat /show.art.asp?aid=255626

(١٧) س. پ

(١٨) حیدر حاج اسماعیل

(١٩) س . پ ٢٣

(٢٠) جیهاد مەحەمەد حەمەکەریم

http:// www. ahewar.org/ dbat
/show.art.asp?aid=255626

(٢١) حيدر حاج اسماعيل . ص ٥٤

(٢٢) سەرچاوە ی ژ. (٢٠)

(٢٣) غیاپ الدین نەقشبەندی (ئینتەرنێت) نامۆیی؟

(٢٤) ِس. ژ. (٢٠)

(٢٥) س . پ

(٢٦) حيدر حاج اسماعيل . ص ٥٤

(٢٧) سەدیق سەعید رواندوزی-link dengekan

(٢٨) Michael Farmer / p:33

(٢٩) س . پ / P: 33

(٣٠) سمير التقی. ص ٥٤

(٣١) Michael Farmer / p:33

(٣٢) Michael Farmer / p:33

(٣٣) حيدر حاج اسماعيل . ص ٨٨

(٣٤) Eric and Mary Josephson / P: 123

(٣٥) Michael Farmer / p:34

(٣٦) س. ژ. (٢٠)

(٣٧) ئاسۆ بکارەیی
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=255626

(٣٨) مستەفا غەفور .و. ل. ٣٤

(٣٨) هەنبانە بۆرینە . ل . 289

(٣٩) فەرهەنگی ئازادی . ل . 236 .

(٤٠) Wladyslaw Tatarkiewicz / p: 244

(٤١) Michael Mumford PP:107-108

(٤٢) س. پ PP:107-108

(٤٣) James C. Kaufman / P: 26

(٤٤) س. پ P: 66

(١ – ٤٤) غیاپ الدین نەقشبەندی ل: ڤڤڤڤڤڤڤڤڤ؟؟؟؟؟؟؟؟

(٢ – ٤٤) د. هاوژین سلێوە . ل. ٢١٨ - ٢١٩

(٤٥) غیاپ الدین نەقشبەندی ل: ١٠

(٤٦) Boden. Margarel

(٤٧) حيدر حاج اسماعيل –Link

(٤٨) Simon and Schuster / P: 7

(٤٩) س. پ P: 9

(٥٠) فەرهەنگی ئازادی . ل: ٤٥٢ .

(٥١) س. ژ (٤٦)

(٥٢) Cameron . J / P: 123

(٥٣) حيدر حاج اسماعيل – Link

(٥٤) س. پ .

(٥٥) تەها ئەحمەد رەسول ؟

(٥٦) Barron, Guilford / P: 76

(٥٧) James C. Kaufman / P:8

(٥٨) Robinson. Ken / P:3

(٥٩) Alice Flaherty / P: 17

(٦٠) Chimp and Lia 2007 / P: 23

(٦١) س. پ.

(٦٢) كيلاس عزيز العسكر ی.ص ٢٢٦

(٦٣) غیاپ الدین نەقشبەندی ز نامۆیی ل:

(٦٤) س. پ.

(٦٥) (٢٧) سەدیق سەعید رواندوزی link-- dengekan

(٦٦) ئا رام سالح. ل. ١٤

(٦٧) Link – wordsworth

(٦٨) Link– .key words/countries/

(٦٩) شێرکۆ بێکەس (دیوان)

(٧٠) Vintage Neruda. Pablo Neruda /P : 27

(٧١) Link– .neruda-bio

(٧٢) شێرکۆ بێکەس (دیوان) ب ٢. ل: ٦١٦

(٧٣) سەردا ر ئەحمەد گورد ی. ل. ٤٤

(٧٤) شێرکۆ بێکەس . ئێستا کچی نیشتمانمە . Facebook

(٧٥) ) شێرکۆ بێکەس (دیوان) ب٥ ل.٢١٦

(٧٦) Link–fuctsheets

(٧٧) Vintage Neruda. Pablo Neruda /P :397

(٧٨) حمەكریم عارف . نووسەری كورد (١٧–٧–٢٠٠٨) ، دەربارەی شیعرو شاعیر

(٧٩) ) شێركۆ بێكەس (دیوان) .ب٣ . ل (٥٠٥)

---

(٨٠) شێركۆ بێكەس (دیوان) ب ٢, گفتۆگۆ گ..كاروان

(٨١) Link– .key words/countries

(٨٢) Vintage Neruda. Pablo Neruda /P : 87

(٨٣) ئێستا كچێ *نیشتمانمە* / شێركۆ بێكەس You Tube:

(٨٤) Vintage Neruda. Pablo Neruda /P:48

(٨٥) Link– nobelprize.org

(٨٦) Link– حیدر حاج اسماعیل

(٨٧) Link– An Anthology of odes

(٨٨) Link– poetryfoundation.org

(٨٩) Link– content&view

(٩٠) Link– www.almostshar.com

(٩٢) شێركۆ بێكەس (دیوان) *ئاوێنە بچكۆڵەكان ل (٧٢)*

(٩٣) س. پ. ل . (705)

Link–An Interview with Pablo Neruda (٩٤)

Mark Elsner P: 122 .(٩٥)

(٩٦) شێركۆ بێكەس (ديوان) ب ٤. ل . (215)

(٩٧) ) ئەحمەد سالار. ل . 86

Link– literatura/cauce.(٩٨)

(٩٩) عادل كامل–Link

Link– entries / death(١٠٠)

(١٠١) س ..پ.

(١٠٢) س . پ

(١٠٣) س . پ

(١٠٤) شێركۆ بێكەس (ديوان) ب ٦ ل.. (574)

(١٠٥) تيرێژەكان و شيعری شێركۆ بێكەس .ختيار عەلی. ل. ٥٨

(١٠٦) شێركۆ بێكەس (ديوان) ب ٢, گفتۆگۆ گ..كاروان

(Vintage Neruda / p. 3 (١٠٧)

(108) مستەفا غەفور ل. ١٩٠

(١٠٩) موحسين ئەحمەد عومەر (د.) ل. ١٩٠

(١١٠) عادل كامل .الشعر حلم واسئله ابديه–Link

(١١١)poetices.of language غياپ الدين نەقشبندى - نامۆيى –
Link

(١١٢) المرعى ،د. فواد ص٨٦

(١١٣) تريفەى هەڵبەست ل. ٧٥

(١١٤) هيمداد حوسێن (د.)ل. ٨٧

ئەحمەد سالار ل ٥٤

(١١٥) شێركۆ بێكەس (ديوان) ب ١ ل٢٣٥

(١١٦) ) ١٢:Link–*Veinte Poems Amor P*

١١٧) شێركۆ بێكەس (ديوان) ب ١ ل٢٣٥

(١١٨) Link- The Poetry of Pablo Neruda–P: 56

(١١٩) شێركۆ بێكەس (ديوان) ب ٥, گفتۆگۆ گ. ستايل

(١٢٠) ) قناه العربيه، برنامج الروافد ٢٠٠٨/١٠/١٠.

(١٢١) شێركۆ بێكەس (ديوان) ب ٥ ل. ١١١

(١٢٢) ) ئەحمەدى مەلاى.ل. ٤٩

(١٢٣) Link– content&view

(١٢٤)   فوئاد رەشيد (د.) ل. ٢٨

(١٢٥) المختار بعبلاوى ص ٤٤

Mark Elsner. P: *(125b).*

Link-  An Interview with Pablo Neruda( (١٢٦)

Link.–(١٢٧ عادل كامل

(١٢٨) هاوژين سليّوه. ل.٤٤

(١٢٩) شێركۆ بێكەس  (ديوان) ب ٢

***ملخص البحث***

***"الاغتراب" الحافز الخفي للإبداع***

***(شيركوبيكةس و بابلو نيرودا نموذجا)***

تحاول هذه الدراسة من خلال الالتزام بمنهج الاسلوبي والنقد اللغوى و النقد الثقافي رصد الظواهر التي تجعل للاغتراب اثره في تحفيز عملية الابداع الشعرى.

تضم الدراسة اضافة الي الهدف و المنهج فصلين:

**يضم الفصل الاول محورين: الاول الاغتراب معناه لغة و اصطلاحا و علاقتة بالانسان و بيئتة.**

**ويتناول المحور الثاني الابداع من حيث المفهوم و الخصائص و العناصر و مستوياتة و دور الغربة و الاغتراب في تحفز الفعل الابداع و كيفة سريان العملية الابداعية و ميكانزيمياتها في الذهن البشري.**

**الفصل الثاني يطرح الجانب التطبيقي لاثر الاغتراب في عملية الابداع من خلال اعمال الشاعر بيكةس و بابلو نيرودا و يشمل اربعة ابواب:**

- **تهشم المحطات الشعرة في التجربة الشاعر.**
- **الشمولية الجغرافية لوطن الشاعر في فضاء الاغتراب.**
- **ظاهرة الموت و تاثيرها فی الخلق الادبي عند الاغتراب.**
- **تاثير الاغتراب في ايجاد و النمو لغة الابداع.**

**وفي الختام يتوصل البحث الي مجموعة من النتائج و يورد قائمة بالمصادر و المراجع العلمية و الادبية.**

## *Abstract*

This study tries - by adherence to the method of Stylistic Analysis, Critical Linguistics and Cultural Criticism - observation at the most important poetic phenomena that make the alienation motive so special and unique power in the process of the poetic creativity.

This work is classified into two chapters, in addition to the goals, and the methods.

The First Chapter is also sub-divided into two fields:

The alienation, as a term, concept and its relationship with human- beings and the environment.

While the creativity field presents its definition, aspects, elements, standards and the mechanism of its process in the brain.

The Second Chapter deals with the practical study of the alienation and the creativity process by the observation at the texts of Sherko Bekas And Pablo Neruda’s poems.

This chapter analysis four sections; the destruction of the period phases of the two poets; the geographical area of the two poets’ countries through alienation; the reflection of the poetic laments on the alienation and explaining the role of the language in creative writing.

The study also concludes five results and a reference list.

# بەندی دووەم

## ڕەخنەی شیکاری بۆ کۆشیعری
## (نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت)ی
## ئارام ساڵح

(نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) دوا بەرهەمی شیعری (ئارام ساڵح)ە، کە لە دووتوێی (٩٤) لاپەڕەدایە، بە قەبارەی (١٩سم X ١٤سم) لە چاپخانەی (سیما) لە سلێمانی، ساڵی (٢٠٠٥) چاپ کراوە.

ئەم کتێبە لە بەرگەوە بۆ بەرگ بریتییە لە:

١. پێشکەش کردن

٢. دەقە شیعرەکان، کە لە سێ بەشدا پۆلین کراون:

یەکەم: (نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) : (٣٨) کۆپلە شیعرە.

دووەم: (چەند وێنەیەکی ونبووی نێو ئەلبومی پایز):(٩) کۆپلە شیعرە.

سێیەم: (١١) دەقە شیعریی سەربەخۆ .

٣- سەرەقەڵەمێك دەربارەی ژیانی شاعیر.

بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە ئەدەبییە، ڕێبازی شیکاری ڕەخنەیی (Critical Analysis Approach) هاوچەرخم هەڵبژاردووە. بە هەر دوو میتۆدە باوەکەیەوە: میتۆدی وەسفی شیکاری و میتۆدی خودی شیکاری،

که یەکەمیان بەرجەستەکردنی زانستییانەی تیۆرییەکەیەو دووەمیشیان پراکتیزەکردەنی سەرتۆپی ستراکتور و پێکهاتەو تەوەرەکانی ئەم بەرهەمەیە.

بەمەبەستی شیتەڵ و شیکارکردنێکی خەست و خۆڵی، خڕ هەموو تەوەرەکانی ئەم بابەتە، وا قولانج قولانج و بست بست، بە نووکی پێمەڕەی قەڵەمم، خاك و عاردو بەراوی رەزو باغی ئەم شیعرانە هەڵدەدەمەوەو قەرانگان لە هەنارو هەرمێ و سێوو خۆخانی گێردەکەم و رایاندەکێشمە ناو لەپی خاراوی رەخنەی بێ لایەن و بە تیلەی چاوانیش وێنەی چرۆ و خونچەو گڵۆکەی پووخکردووی دارو درەختی سەوزیان دەخوێنمەوە. گەر زەردە گەڵاو جل و جیلەی دامرکاویشم کەوتە بەرپێ، ئەوا خۆیان لێ لانادەم و گوێ بۆ رازو نەهامەتییەکانیان شل دەکەم. بابەتەکە بریتییە لە پێنج تەوەر:

١. تەوەری یەکەم: ئیستاتیکای ناونیشانی دەقەکان( Aesthetics of the Titles)

٢. تەوەری دووەم: بنیاتی دەقەکان(The Structure):

٣. تەوەری سێیەم: بنیاتی وێنەی هونەری لە دەقەکاندا( Poetic Images):

٤. تەوەری چوارەم: سەرچاوەی وێنە لە کۆبەرهەمەکەدا( Image Sources & References)

٥. تەوەری پێنجەم : بنیاتی کێش و ئاواز لە دەقەکاندا ( metre & Ton Structure)

## ***ئیستاتیکای ناونیشانی دەقەکان***
## ***(Aesthetics of the Titles) :***

ناونیشانی قەسیدە (The Title) لە زۆربەی زۆری شیعری کلاسیکی کوردی، بریتی بوو لە نیوەی یەکەمی یەکەم بەیتی قەسیدەکە (الشگر)، یان هێندێ جاریش، سەروای (القافیە) دەکرا بە نازناوی قەسیدەکە. بەدەگمەن، بەرچاومان دەکەوێ رەخنەگرانی شیعری کلاسیکی کوردی بایەخیان بەم تەوەرە دابێ، ئەمەیش وەك گوتم لەبەر کەمی ناونیشانی تایبەت و یان لەبەر بەهەند هەڵنەگرتنی ئەم خاڵە.

ئێستا، رەخنەی ئەدەبی و هونەری هاوچەرخ، خودی ناونیشانی کردۆتە تەوەرێکی لێکۆڵینەوەکانی زمانناسی دەق و سیمۆلۆژیا (Linguistics & Semilogy)، ئەویش بە تیشك خستنە سەر ئەم پنتانە:

١. بنیادی ناونیشان (Structure)
٢. ئەدگارەکانی ئیستاتیکای ناونیشان ( Features)
٣. کۆدەکانی ناونیشان (Codes)
٤. پەیوەندی ناونیشان بەدەقەوە (Relationship)

کاتێ (محمود عبدالوهاب) دەڵێت: " ناونیشان تەنیا دەستەواژەیەکی زمانەوانی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلێکی راڤەکاری بنچینەییە بۆ کردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق."[(١)] ئەمە ئەو دەلالەتەمان دەخاتە بەردەست، کە

ناونیشان هەم ڕەگەزێکی سەربەخۆیی ڕەخنەیەو هەم زەمینەیێکی (کۆن-نوێ) سەربەخۆیە بۆ زمانناسی دەقەکان.

کاتێ بنیادگەریی زمانناسی (Structural Linguistics) ناونیشانی دەقێك، لە سەرەدو بێژینگ دەدا، ئەوا گشت کەرستەو ئامرازەکانی زانستییانە شی دەکاتەوە، لە فۆنیمەوە بیگرە تا دەنگ و بڕگەو دەستەواژە و ڕستە، تا دەگاتە ئەو پەیوەندیانەی بەیەکەوەیان بزمارڕێژ دەکات.

کۆبەرهەمەکەی (ئارام ساڵح) (١٣) ناونیشان لەخۆ دەگرێ، درێژترینیان دەستەواژەیەکی (شەش) وشەیەو، کورترینیشیان وشەیەکی (سێ) پیتییە.

بۆ ساناکردنی باسەکە، ناونیشانەکان بۆ سێ هۆبە پۆلین دەکەم:

١. ناونیشانی باڵا (Supertitle)
٢. ناونیشانی سێبەر (Shadow Title)
٣. ناونیشانی سەربەخۆ - ئازاد (Free Title )

## ***یەکەم: ناونیشانی باڵا: (The Super Title)***

ناونیشانە باڵاکەی ئەم کۆبەرهەمە ئەمەیە :(نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت)، کە (٣٨) کۆپلە شیعری بەدوای خۆیدا هێناوە. وەك دەبینین ئەم ناونیشانە دەستەواژەیەکە لە چوار وشە پێك هاتووە. هەر لێرەوە دوو پرسیار یەخەمان دەگرن: پەیامی ئەم ناونیشانە چییە؟ شاعیر تا چ ڕادەیەك لەم هەڵبژاردنەیدا وەستا و کارامەیە؟

هەڵبەت، شاعیر (پەیامدەر – دەقنووس) کە ناونیشانێك هەڵدەبژێرێ-پەیامێك یان چەند پەیامێك دەکاتە چخزی مەبەستی سەرەکی، کە بە هەموو

حونەری خۆیەوە دەیەوێ بیگەنێتە پەیامگر (خوێنەر، بیسەر، رەخنەگر).

ئەو ناونیشانەیە زیندووەو کاریگەرە کە ئەم خاڵانەی تێدا بەدی بکرێت:

١. توانایی گەیاندنی پەیامەکە (پەیامەکان)،

٢. وردەکاریی جوانکاری تایتلەکە،

٣. جوولەو وروژاندنی پەیامگر،

٤. لەبەرچاو گرتنی تەمەن و ئاستی رۆشنبیری و ئەزموون و توانای پەیامگر، واتا بەرهەمەکە بۆ کێ نووسراوە؟

ئەو پەیامەی لێرەدا (ئارام ساڵح) وەك چراوگێك هەڵیگرتووەو پڕ بەدەم هوتاف بۆ دەکێشێ، زاراوەی (حەقیقەت)ە کە بە درێژایی مێژوو بۆتە قولەی قاف و سەدان ڕاڤەی رەنگاوڕەنگی فەلسەفی و مەعریفی و ئاینی و ئایدیۆلۆژی بۆ کراوە، وەك زۆر زاراوەی تری هاوشێوەی خۆی، بە هەتیوی ماوەتەوەو کەس تاکو ئێستا زەفەری بە هەموو نهێنیەکانی نەبردووە. بۆیە زۆر کون و کەلێنی ماوەتەوە بۆ مەمانان بیپشکنینەوە و نەختێ تەپوتۆزی گومانی لەسەر بتەکێنین.

ئەوەی وای کردووە پنتی ناونیشانەکە زۆرتر بیریسکێتەوە ئەم دوو واتایەن: (نهێنییەکان)وە (ژێر لێوی). پەیامگر حەقیەتی بپرسێ؛ نهێنییەکان، کامانەن؟ بۆ لە نێوان (نهێنییەکان) و (حەقیقەت) دا (ژێرلێو) بۆتە جەمسەربەست. دەبێ ئەم دەستەواژەیە، بە هەر چوار وشەکەیەوە، باکگراوندی سیمینارێکی شاعیرانەی نەبێ؟

بەڵێ هەیەتی. کاتێ پەیامگر- چ خوێنەر بێ، چ رەخنەگر – چاوی بە دەستەواژەی (نهێنییەکانی ژێر لێوی ــــــ.) دەکەوێ، بە خێرایی تیشك، راستەوخۆ هەست و هۆشی دەچێتە لای (مۆنالیزا) – شاکارە ناودارە هونەرییەکەی (لیوناردۆ دافینشی) – کە پێنج سەد ساڵێکە بۆتە

ئەفسانەیەکی پڕ نهێنی سەرنجڕاکێشەر. ساڵ نییە لێکۆڵینەوەی نوێ، لەسەر خەندەکەی (مۆنالیزا) نەکرێ، تا بەم دواییە کار گەیشتە ئەوەی، کە رەنگ بێ (مۆنالیزا) دایکی حەقیقی (لیوناردۆ) بێ، دەبێ گۆڕەکەی هەڵبدرێتەوە، تا زانستییانە (جین)ەکانی پشکنینیان بۆ بکرێ و ئەم خەڵك و خوایە لە ژانەسەری ئەم پۆرترێتە هونەرییە رزگار بکەن. (ئارام ساڵح) بەزمانی خۆی هاوار دەکا و ئەم ڕاستییە ناشارێتەوە کە نهێنیی ژێر لێوی (مۆنالیزا) وەك نەعلەتی فیرعەونەکان داڵدەی ئەویشیان داوە. کە دەڵێت:

***سارتەر***

***بەسەر***

***لێوی کچی نائومێدی***

***خەندەکەی مۆنالیزایە!***(٣)

دوور نییە هەر لەم کۆپلە شیعرە، ەەوێنی ناونیشانە بالایەکەی هەڵێنجابێ. دەرکی بەوە کردبێ کە ئەم ناونیشانە، تیشکێکی لیزەری تێدایە بۆ بەرچاوی خوێنەر، هەر بۆیەش هەمان ناونیشانی کردۆتە تایتل کۆبەرهەمە شیعرەکەی، کە پێنج جار بە فۆنتی قەبارە جیاواز و شێوازی هەمەڕەنگ لەسەر بەرگ و دووتۆیی کتێبەکەدا نەخشەسازی بۆکراوەو بەزەقی دێتە بەرچاو.

لە گۆشەنیگاییێکی ترەوە، (ئارام ساڵح) سەرکەوتووانە، بەم ناونیشانە، ریکلامی بۆ مەبەستی پەیامەکەی کردووە. زاراوەی (حەقیقەت) بەسەر شانی تیۆرەکانی فەلسەفەو مەعریفەت بۆتە کۆڵێکی قورس و نائارامگیر. رووداني هەر (کار)ێك بە مانا فەلسەفییەکەی رووداني شتێکە کە (حەقیقەت)ە. لەم

پنتەوە، فەلسەفەی مەعریفی تیشکەکانی بۆ هەموو لایەك پـەخش دەکات و پرسیاری گەورە گەورە دەورووژێنێ. چین ئەو شتانەی کە (حەقیقەت)ن چین ئـــەو شـــتانەی کـــە ســـاختەو ناڕاســـتن؟ بۆیـــە تیـــورەکـــانی (بـەتاڵکردنـەوە Deflationary Theories) دەڵـێن: (حـەقیقـەت) ئامرازێکی زمانە بۆ وەدەرخستنی شتە ساختەکان. تەنانـەت ئـەمـە لـە بـواری زانستیشدا دروستە. لە تەوەرێکی تری ئەم بابەتەم، کە باسی هەست و هۆشی (Mood) شـاعیر دەکـەم، چـەمکێ لـە نهێنییـەکـانی ئـەم ناونیشـانە ئاشـکرا دەکەم، بۆیە نامەوێ لێرەدا درێژەی بدەمێ.

### ***بنیاتی ناونیشانە باڵاکە:***
### ***(The Sturcture of the Super Title):***

بێگومان، "یەکە زمانییەکان لە پێکهاتەی ڕستەو دەستـەواژەدا، بـەدوای یەکتری دادێن و شوێنەکانیان دیاری دەکرێت و جۆری ئـەرکـە ڕێزمانییـەکـان لەسەر ئاستی یەکە زمانییەکان ئاماژەیان پێدەدرێت"[٣]

بە سەرنجدان لە بنیـاتی ناونیشانە باڵاکـە (نهێنییـەکـانی ژێـر لێـوی حـەقیقـەت)، دەگەینە ئەم ئەنجامە کـە دەسـتـەواژەکـە تۆکمـەو مانابـەخـش و پەیڕەوکەری یاساکانی ڕێزمانی کوردییە و داڕشتنەکەی دروستە:

بڕوانە ئەم هێڵکارییە:

(نهێنییـەکـانی ژێـر لێـوی حـەقیقـەت)






NP = Noun Phrase فرێزی ناو

N.= Noun ناو

DA = Definite Article کۆی ناسراو

L.L. = linking letter ئامرازی پەیوەندی

Adv. N = Adverbial Noun هاوەڵناو

ON = Obstruct Noun ناوی واتایی

CL = Consonant Linker ناوبەندی نەبزوێن

PAD = Plural Definite Article ئامرازی کۆی ناسراو

***هاوسەنگی بابەتی نێوان ناونیشان و دەق:***

***Objective Equation Between the Title and the text:)***

ناونیشـان وەك پـەراوێـزو فـەرەهنگۆکـەو وێنـەو هێڵکـاری لـە دەقـی هونەریـدا، رۆڵـی شـەبـەنـگ و زەڕڕەبـین دەبـینێ لـە کاڵکردنـەوەی ڕەنگـە تۆخەکانی تەوەرەکانی ناو دەق و تۆخ کردنی ڕەنگە کاڵ و نیمچە شەفافەکان. پەیامگر دەتوانی ئەو پنتـە تریسکەدارانـە بدۆزێتـەوە کـە شـەوقیـان داوەتـە ڕۆحی دەق و نهێنییەکان ئاشکرا دەکەن، یان دەتـوانم بڵێم کـە ناونیشـان زۆر جار دەبێتە ئەو کۆڵەگەیەی چەندین وێنەو بیرۆکەو خەیاڵی لەسـەردا ڕایـەڵ دەکـرێ. ناونیشـانی بـالا لـەم کۆبـەرهـەمـەدا، نـە دووڕووە، نـەدەمامکـدارە. خوێنەرو ڕەخنەگر دەتوانن بە ئاسانی لە یەکە یەکـەی پـەنجـەرەکانیـدا سـەر بێننە ژوورەوەو، ناو دڵی دەقەکان بپشکنن، لـە هـەمـان کاتـدا لـەنـاو کوورەی دەقـەکانـدا، دەتـوانن تـەماشـای پـەنجـەرەکـانی بکـاو لـە دووڕا پڕشـەنگـی ناونیشانەکە ببینێ و بیناسێتەوە. ئەگەر(نهێنی و حـەقیقـەت)، دوو چـەمکـە گوماویـەکـەی نـاو زهـنی شـاعیربێ، ئـەوە کـە دەچـێتە نـاو کێڵگـەی دەقـە شـیعرەکانی، باشتر دەرك بـە لـۆژیکی ئـەو دەکـەی، کـە ئـەو کردوویـەتـی بـە جـەمسـەرو روحـی دەقـە شـیعرەکـانی. لێـرەدا هاوسـەنگییـەکـی بابـەتـی پارسەنگدار لە دوو تای زاراوەکەدا (تای ناونیشان) و (تـای دەق) بـوونی خـۆی دەسەلمێنێ، هاوتەریبیەکی هونەری لە نێوان دەق و ناونیشـاندا دروسـت دەکـا کـە نـە پـەیـامگر سـەرقـاڵ و مانـدوو و گۆشـەگیر دەکـا بـۆ دۆزینـەوەی بـەهـا گرێـدراوەکـانی تـەوەرەکـان، نـە ناونیشـان، وەك ڕەزا قورسـێکی خـوێن تـاڵ، پـەیـامگر لـەخـۆی دەڕەوێنێتـەوە، ئـەوە ترسـی ئـەوەی ڕەواندۆتـەوە کـە زڕە رەخنـــەگـــرێ، زڕە ڕۆشـــنبیرێ، زڕە رۆنـــاکبیرێ رۆژێ بتـــوانێ (گـــەوهـــەری حەقیقەت)ی ئەو بشێوێنێ و لەبەها فەلسەفی و بەها مۆراڵەکانی کـەمکاتـەوە. ئەوەتا دەڵێت:

***من گەوهەری دڵی خۆمم***
***لەناو قاسەی حەقیقەتا***
***هەڵگرتووە***
***نەبا زرە دکتۆرەکان***
***رۆژێ دەستەو یەخەم بن و***
***پێم بڵێن ژەنگی گرتووە!!*** (٤)

کەمال غەمبار لەم بارەوە دەنووسی: "ئەو نهێنییانەی لە ژێر لێوی حەقیقەتدا شاردراونەتەوە، لەملاو لەولا لێوەکانی لێکترازاون و نهێنییەکانی حەقیقەت دەرکەوتوون."(٥)

## ئیستاتیکای ئاوازی ناونیشان:
## (Tune Aesthetics of the Title )

دەتوانین بڵێین کە کۆدی (Code) ئـەم ناونیشـانی بالأیـە دوو وشـەی واتـایین (نهێنییـەکـان)وە (حـەقیقـەت) کـە بـە فکـرو هەسـت و تێگـەیشـتن بەرجەستە دەکرێن. نهێنییـەکـان دوو وشـەکـەش بـە فرێزێکـی هـەسـتپێکراو بەیەکەوە بەستراونەتەوە (ژێر لێوی). ئەم مشتە وشانە، لە نێوگوێی پەیامگر ئـاوازێ دروسـت دەکـەن کـە هـەڵقـولاوی سروشـتی جوولـەی نێـوان پیتـەکانـە، ئەمەیش بە تێکەڵکردنی هەموو دیاردە دەنگییەکان وەك لەرە، هێز، نـەغمـە، تۆن و هارمۆنی کە جوولەیەکی سۆزدار لە ناخماندا دروست دەکەن. ئاوازیش، وەك رەگەزەکانی تری زمان خاوەن پەیامی خۆیەتی.

گـەر بـە گوێچـکەی مۆزیکـژەنێکـەوە گـوێی خۆمـان بـۆ دەسـتـەواژەی (نهێنییـەکانی ژێـر لێـوی حـەقیقـەت) هەڵبخەین دەبینین کە ئەم دەستەواژە پانزە پیتە، لـە کۆمـەڵێ دەنـگ و فـۆنیم و ئـاواز پێکهاتووە کـە زۆر هـێمن و نـەرم و سـاف و خـۆش و دڵگیرن. دەنگیـان لـەچرپە، دەنگی رۆیشـتنی ئـاوی مەنگ، فڕەی باڵی پەپوولە، لەرینـەوەی گـەڵاو درەخـت دێنـە بـەرگـوێ. قـەت یەك دەنگی گریان تێدا نییە، کە ئاوازی هاڕەو خرپەو گرمەو قـڕەی تێـدابێ. هـیچ پـیتی وەك (خ، چ، ح. ڕ...هتـد) تێـدا نییـە. لـە کاتێکـا هاوئـاوازی پـڕ هارمۆنی ئەم چەپکە بزوێن و نەبزوێنانە، ئـاوازی نـاوەوەی ناونیشـانەکـەیـان دروسـت کـردووە (٣ن، ٢ھ، ٣ێ، ٣ی، ١ا، ١ژ، ١و، ١ك). بـەڵام ئـاوازی وشـەی (حەقیقەت) دەنگدانەوەو، خورپەو ڕاچڵەکانی تێدایە، ئەمەیش مانـای دیـوی نـاوەوەی وشـەکـە نیشـان دەدا. کـە قورسـە، قووڵـە، پـڕ گومانـە، لێڵـە، سـەداو

دەنگدانەوەی هەیە. تێکسمڕان و تێکئالآنی ئەم مشتە دەنگە ئەم ئاوازەیان ساز کردووە: (١ح. ٢ق، ١ت، ٢هـ، ١ی). ئەمەیش هێلکاری ئاوازەکەیە:




## ***دووەم: ناو نیشانی سێبەر ( The shadow Title)***

(چەند وێنەیەکی ونبووی نێو ئەلبومی پایز) وەك ڕستەیەکی زمانەوانی (بکەر – کار – بەرکار) کراوەتە ناونیشانی دووەمی ئەم کۆبەرهەمە کە، (نۆ) دەقە شیعری بازنە داخراو لەخۆ دەگرێ. سیفەتی (سێبەرم) داوەتە ئەو ناونیشانە چونکە وەك وێنەی نێگەتیڤی ناونیشانە بالآکە خۆی دەنوێنێ. واتە بۆتە سێبەری ئەو. ئەم ناونیشانە، کۆبەرهەمەکەی لە ناوەڕاستەوە کردووە بە دوو بەش. ئەدگارو ناوەرۆکە فەلسەفییەکەی ناونیشانی بالآی دزیوە. شاعیر هەوڵی داوە بیکاتە تەواوکەری ناونیشانی بالآ، وەك بڵێیت، هەستی بەوە کردووە کە هێشتا هێندێ تەم و مژ و گومان ماوە و نەیتوانیوە تینووێتی بشکێنێ، دەیەوێ لێرەدا جامەکە پڕاوپڕ بکات. شاعیر سەفەرەکەی لە قۆناغی یان وێستگەی ناونیشانی بالآ دەست پێ دەکاو لە ناونیشانی سێبەردا کۆتایی پێ دێنێ.

لەرووی ئیستاتیکەوە، ناونیشانەکە: ماندوو، هەناسەسوار، پشوکورت، پایزپۆش خۆی دەنوێنێو، بە جۆش وخرۆشی ناونیشانە بالآکە، پەیامگر

ناجوولێنی و دەستکێشی ناکات بۆ لای خۆی. (شەش وشەی) (٣٢) پیتی چاوی خوێنەر ماندوو دەکاو، دوای گەڕانێکی چوار یان پێنج چرکەیی بە ناو سێزدە بڕگەی پڕ لە بزوێن و نەبزوێن دەگاتە سەرەشار. کە وشەی (پایز)ە.

شاعیر دەیتوانی ناونیشانەکە کورتبڕو پوختەتر داڕێژێ. ئەوەی کە رۆحی ناونیشانەکەی نەختی خامۆش کردووە ئەوەیە کە (وێنەو ئەلبوم) وەك دوو وشەی قەرەپەستکراو خزێنراوەتە پاڵ وشەی (پایز) و وشەی (نێو)یش، وەك جێگری نانەخۆرە، بێهوودە لەو نێوە قیت کراوەتەوە بە بێ ئەوەی هیچ مانایەك لێرەدا ببەخشێ.

پەیامی شاعیر، لە کۆدی ئەم ناونیشانە بریتییە لە (وێنە) و (پایز)، شیکارکردن و ڕاڤەکردنی ئەو دەقانەی کەوتونەتە ژێر سەیوانی ئەم ناونیشانە، دەمانگەینێتە ئەو ئەنجامە کە، (وێنەکان)، وێنەی خودی شاعیرن – وەك مرۆڤ، (پایز)یش پایزی شاعیرە/ شاعیری پایزە - وەك پەیامدەرێکی بیرمەندی خاوەن کێشە. شاعیر هاوار دەکا و دەڵێت:

*لەنێو چیمەنی ڕۆحم دا*
*هەموو گوڵەکان دەوەرن ...*
*تەنیا گوڵە پایز نەبێ*(٦)

### سێیەم: ناونیشانی سەربەخۆ- ئازاد (Free Title):

یانزدە ناونیشانی ئاسایی سەربەخۆ، بوون بە ناونیشانی یانزدە دەقە شیعری قەبارە جیاواز و هەمەڕەنگ ناوەرۆك. ئەم کۆمەڵە ناونیشانە ئەم ئەدگارانەیان تێدا بەدی دەکرێ:

١. نهێنییەکان ناونیشانێك وەك یەکەیەکی سەربەخۆ بۆتە سەرپەلی دەقەکەو پەیوەندی میکانزمی یان زمانەوانی بەدەقەکانی ترەوە نییە، یان زۆر کەمە.

٢. تێکهەڵکێشانێکی بنیاتگەرانەی مانابەخش لەنێوان ناونیشان و دەقدا دەبینرێ.

٣. نهێنییەکان ناونیشانەی کۆدی خۆی لەگەڵدایە، کە یارمەتیدەری پەیامگرە لە کردنەوەی قوفڵی دەرگاکانی دەقە. ئەمەیش ئاسانکاری کردنێکە بۆ زوو تێگەیشتن لە وێنەو زمان و ئاوازو جۆش وخرۆشی ئەزموونی شاعیر.

٤. نەبوونی یان لابردنی نهێنییەکان یەك لەم ناونیشانانە، ناسنامەی دەقەکە تاڕادەیەك تەمومژاوی دەکات و چاوێ، قاچێ، دەستێ، یان لێوێکی پۆرتەرێتەکە دەپەڕێنێ و دیمەنەکە دەشێوێنێ.

٥. هێندی لە ناونیشانەکان وەچەی زاندانی دەقەکانن. واتا ناونیشان بە شێوەیەك لە شێوەکانی دەربڕینی شیعریدا دووبارە بۆتەوە. وەك لە دەقی (وەرین، بەفر، ئەڵێن، هانا، تکا) بەرچاو دەکەوێ.

شاعیر لە چەند دەقێکیاندا هەوڵی داهێنان و خوڵقاندنی داوە، ئەویش بە بەستنەوەی ناونیشان، بە جەستەی دەقەکە. یەك بۆتە تەواوکەری ئەویتر.. سەیرکە، کە ئەم دەقە بەبێ ناونیشان دەخوێنیتەوە، هەست دەکەی نوقسانییەکی لە جەستەدا هەیە:

*"خۆم":*

*ڕووداوم*

*کات: مردنە*

*شوێن:*

## دارەمەیتی گەردوونە! [٧]

ئەم کۆپلە شیعرە حەوت کات وشەیە، نەخشەسازی سیمینارێکی نادیارە بۆ خولقاندنی ژانرێکی ئەدەبی یان هونەری کە لەسەر سێکوچکە ییەکەیی (بابەت- شوێن – کات) دارڕژاوە. بەڵام ژانرەکە لێرەدا نادیارە، بۆیە کاتێ (ناونیشان + دەق) بەیەکەوە دەخرێنە ڕوو ئەوە تابلۆکە، یان پارچە مۆزیکەکە، یان سوورە سەماکە، یەکسەر لە چاو و مێشکی پەیامگر دەچەقن. فەرموو ئەوە تەواوی کۆپلەکەیە:

***(شانۆگەری)***

***"خۆم" ڕووداوم***

***کات: مردنە***

***شوێن: دارەمەیتی گەردوونە! [٨]***

ئێستا دەرهێنەرێکی شانۆگەری دەتوانێ بە جوولەو دەنگ و ڕەنگ، ئەم دەقە، وەك بابەتێکی هونەری فەلسەفەئامێز، نمایش بکات.

پوختەی تەوەری یەکەم: (ئیستاتیکای ناونیشانی دەقەکان) ئەمەیە کە (ئارام ساڵح) وەك شاعیرێکی خاوەن ئەزموون، دەرکی بەوە کردووە، کە ناونیشان دەرەنجامی دارشتنی دەقێکی سەرکەوتووە. تەواوکەری پەیامی دەقەو خەسڵەتە زیندووەکانی جوولەو جوانناسی و وورووژاندن لەخۆ دەگرێ ئەگەر وەستایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

شیکردنەوەی کۆدی ناونیشانەکان - بەهەر سێ جۆریەوە - وەك چەمکێکی ڕاگەیاندن و دەربڕین بۆ ڕێکلامکردنی پەیامی شاعیر

سوودبەخشە. کۆدەکان بەدەوری دوو وشە دەسووڕێنەوە (نهێنییەکان ) و (حەقیقەت)، شاعیر تا ڕادەیەك هەست دەکا کە (حەقیقەت) ئەو ماسییە لووس و باریکەیە هێندە بەئاسانی ناگیرێت. بۆیە عەودالْی چەند دەلالەت و ماناو زاراوەی ناو دەقەکان دەبێ و دەیەوێ لە ڕێگای ئەو دەقانەوە کرۆنۆلۆژیای ژیان و ئەزموونی خۆی وەك شاعیر، وەك مرۆڤ بدۆزێتەوە.، مامۆستا کەمال غەمبار دەڵێ: "شاعیر تێگەیشتووە کە چیدی بێدەنگی کێشەکان چارەسەر ناکات و زمانی شیعریش چەکێکی کاریگەرە لەرووی حەقیقەتە شێوێندراوەکاندا."[٩]

## بنیاتی دەقـەکان (The Structure):

ئاسانترین پێناسەی بنیاتی دەق " بـە واتـای وێنـەی کۆمـەڵێ ڕەگـەزی ڕێکخراو دێت، ڕۆڵی نهێنییەکان رەگەزێك بە پەیوەندی بە رەگەزەکانی ترەوە دیـاری دەکرێـت."[10] شـیکردنەوەی بنیـاتی، دەقـی شـیعر دەکاتـە کـەرەسـتەی خاوی لێکۆڵینەوەو راڤەکردن لە رووی جوانی و رەخنەکاریدا. ئەوەندەی ئـەم میتۆدە هاوچەرخە، ئاڵودەی خودی دەقە ئەوەندە خولیای کەسایەتـی خـاوەن دەق نییە. مەبەست لە کۆمەڵێ رەگـەز، لێـرەدا، وشـەو بـەشـە لـەتکـراوەکـانی وشەیە، کە رستە دادەڕێژن و ئاخاوتنیان لێ دێتـەدی. نهێنییـەکـان رەگـەزێـك لـەو رەگـەزانـەی ئاخـاوتن لـە ژێـر چـەتـری رۆڵ و سیسـتـەمێکی زمانـەوانیـدا کـاردەکـەن کـە پێیـان دەگـوترێ (وەزیفـە Function). ئـەوان هـیچ مانـاو جێگایەکیان نییە بە بێ بوونی زمان، کەواتە زمان کە رەستە سەرەکییـەکـەی ئاخاوتنەو لەسەر جەستەی ئەوەو شیکاری بنیـاتی دەق سـەفـەرەکـەی دەسـت پێ دەکا.

بێ گومان، شیعری نوێی کوردی، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ، لەسـەر دەستی (شێخ نـوری شـێخ سـاڵح و گـۆران)دا گۆڕانکـاری زۆری بـەسـەردا هـات. زمانی شیعرو وێنەی شیعری و بابەتی هەڵبژێردراو ناوەرۆکی شیعر بەرگێکی تازەیان پۆشی، کاروانی ئەم گۆڕانکارییە بەردەوام بوو، لە حەفتاکـانی سـەدەی رابـردوو. (بانگـەوازەکـەی روانگـە) جـۆش و خرۆشـێکی تـری دا بـە شـیعری کوردی بـەتایبـەتـی و ئـەدەبـی کوردی بـەگشتی، پـرەنسیپی تـازەو چـەمکـی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەی نوێ، کەم تا زۆر ڕۆڵی خویان لەم بوارەدا بـینی. فێـزی

هەشتاكانی سەدەی رابردوو قۆناغێكی ئاوساوی پڕ لە جوولەو هەڵكشان و داكشان بوو، وەك ئافرەتێكی دووگیانە چاوەڕوانی ژانی سەراوترۆقان بوو. شیعریش وەك ژانرە باڵاكەی ئەدەب گۆرانی پتری بەخۆیەوە بینی.

لە قرچەی ئەم قۆناغەدا. لە ساڵی ١٩٨٢ (ئارام ساڵح) یەكەم شیعری خۆی بلاّوكردەوە و خۆی هەڵدایە سەرپشتی ئەسپەشێی شیعری نوێی كوردی و، یەكەم بەرهەمی شیعری بە ناوی (موژدەی مەرگی گەڕەلاوژە) لە ساڵی ١٩٩١دا بلاّوكردەوە. دەمەوێ بڵێم، ئەو سەردەمەی ئەو شیعری تێدا كردە ئامرازی دەربرینی بیرو هەست و هۆشی خۆی، زمانی كوردی كەوتبووە سەر ڕێچكەیەكی، تاڕادەیەك، تۆكمەو بەتواناو، پێگەیشتوو و هەڵشێلدراو لەگەڵ زاراوە و فەرهەنگە نوێیەكانی سەردەم. ئەو هەر زوو، دەرك بە بایەخی بێ سنووری زمان دەكات، بۆیە هەوڵی خۆ پڕچەك كردن و تەیاركردنی خۆی دەدا و دەكەوێتە خۆ دەوڵەمەندكردن لە مەعریفە جیاجیاكانی زمان و ئەدەب.

ژینگەی سەرەتای تەمەنی شاعیر، هاندەرو ڕێخۆشكەرو دەستگرو چاوكەرەوەی ئەو بووە. هەمیشە قەڵەم بەدەست و رۆشنبیرانی شاری (كۆیە) هەستیان بە ئارامییەكی رۆحی ودڵنەواییەكی دەروونی كردووە، ئەمەیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە مێژووی دەوڵەمەندی ئەدەبی ئەم شارەو پانتایی بزووتنەوەی سیاسی و جموجۆڵی نەپساوەی رۆناكبیرانی، هەمیشە وەك چراوگێك رێگای ئەدەب و خەباتی بۆ رۆناك كردنەوە. لە راستییدا شاعیرو ئەدیبان، خۆیان بە میراتگرو وارسی حاجی قادرو مەلای گەورەو........ خاڵە سێوەو تایەر تۆفیق داناوە. هەر لە هەشتاكانی سەدەی رابردوو لەو شارەدا، پۆلێك شاعیری نوێخواز هاتنە سەر سەكۆی ئەدەبی كوردی . لەوانە: قوبادی جەلی زادە، مودریك ژاڵی، قوباد بەهرەوەر، شەفیق

بەیاد، ژیان بابەگوڕگوڕ، سەباحەت تاهیر..... . کە هەر یەکەیان بەگوێرەی دەستڕەنگینی خۆی جێ پەنجەی لە ئەدەبی کوردیدا دیارە.

لەبەرئەوەی شیکاری بنیاتی دەق تیشك دەخاتە سەر جەوهەری دەق و پەیوەندییە سۆسیۆلۆژییەکان وەلاوە دەنێ و زۆر روو ناداتە ئایدۆلۆژیای شاعیرو بارە دەروونییەکەی، وا منیش دەقە شیعرییەکانی (ئارام سالّح) شەن و کەو دەکەم و زمانە شیعرییەکەی تاوتوێ دەکەم:

کۆشیعری (نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت) بریتییە لە (٤٦٣) دێرە شیعر. ژمارەی وشەکانی لە دەوروبەری (١٢٦٧) وشەیە. کەواتە رێژەی وشە لە دێرێکا دەکاتە (٢.٧). ئەو مامەڵەی گەوهەر و یاقوتی لەگەڵ وشەدا کردووە. هەموو هزرو هۆش و ئەزموونی خۆی چڕکردۆتەوە بۆ دارشتنی دێرێکی شیعری خەست و خۆڵ. لە بێژینگ دانی وشە، لە پێناو دەرباز بوون لە وشەی نارەسەندا، خەسڵەتێکی ئەوە. زانین بەلای ئەوەوە کلیل و قوفڵە لەیەك کاتدا. هەمیشە لە هەوڵی داهێنانی نوێ دایە لە پیشەسازیی شیعردا. " بەپێی تێروانینی رێزمانی گشتی(Universal Grammar) گەوهەرەکانی سروشتی زمان لەسەر زانین وەستاوە، واتە مەعریفە (cognitive) وەکو دیاردەیەکی سایکۆلۆژی دەبینرێت، گرنگترین شت ئەوەیە کە فۆرمی زمان، لە بارەی ئەقڵی مرۆڤەوە دەیخاتە روو و ئاشکرای دەکا."[(١١)]

لە توێژینەوە لە توانستی زانیاری شاعیر لەمەڕ بەکارهێنانی زمانی زگماکی لە دەقە شیعرەکاندا، دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

١. شاعیر توانیویەتی زمانێکی پاراوی شیعری بەکاربهێنێ. ئەمەیش خسووسیەتی خودی شاعیری پێوە دیارەو، کەم تا زۆر، کاریگەریی ژینگەو دەوروبەریشی بەسەرەوە دیارە.

٢.	فەرهەنگی ڕەسەنایەتی وشە لە وشەسازیدا (Syntax)، ڕێچکەی داڕشتنی شیعری ئەوە. دوورەپەرێزە، لە داتاشین و زامدارکردن و ئەتك کردن و شێواندنی وشە. بواری نەداوە وشە قودسییەتی خۆی لەدەست بدا.

٣.	لە پاڵ پاراستنی فۆرمی فەرهەنگی وشە (Lexicography)، خاسییەتە شیعرییەکانی تێکەڵ بە وشە کردووەو لەسەر شێوەی فۆرمی شیعری دایڕشتۆتەوە لە پێناو بیرۆکە و ناواخنی شیعرەکە تەوزیفی کردووە.

٤.	وشەی وەك وێنەیێکی سەربەخۆ بەکارهێناوەو، هەوڵیداوە کە زۆرترین خەسڵەتە شیعرییەکانی تێدا کۆبکاتەوە لە: ڕەسانایەتی، لە ئاواز و مۆسیقا و ریتم، لە ماناو چەمك و لەتوانای ورووژاندن و دەربڕین و بەرجەستەکردنی وێنە و لە سەنگ و قورسایی بڕگەی وشەو لە پیگەی وشە لەناو دێردا.

وەك دەزانین، کە زمانی شیعری هەر دەقنووسێك بۆن و بەرامەی تایبەتی خۆی هەیە. هەمیشە ئەم پرسیارە دەکرێ: چ شتێك زمانەکان بەگشتی (وەك دیاردەیەکی تایبەت بە جۆری مرۆڤایەتی) جیا دەکاتەوە؟

" ئەوە شێوەی بەکارهێنانی زمانە، لە رووی کرداری پەیوەندی کردن و گەیاندن و دەربڕین، کە توانستی دەقنووسێك لە یەکێکی تر جیا دەکاتەوە. بوونی بەهرەیەکی تایبەتی زمان فاکتەرێکە بۆ داڕشتنی چوارچێوەیەکی هونەری و ئەدەبی بۆ تەوزیفکردنی ئەو زمانە."(١٢)

(ئارام سالّح) لە کۆپلەی (٢٥)ی (نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت)دا دەڵێت:

***دانی سەدان***

***خەونم کەوت***

## ئێ لە مردن
## چ درۆزنەﷲ!![12]

چوار کورتە دێری شیعری، دوو وشەیی، کە رستەی خاوی دەربڕینی بیرۆکەی ژیان و کەوتن و مردنە. زمانی شیعرەکە سادەو ڕەوان و پاراوە. هەموو وشەکانی وشەی فەرهەنگین. لە بری وشەی (ددان) ئەو (دان)ی بەکارهێناوە. (هەنبانە بۆرینە) دەڵێت؛ "(ددان، دران، دان) ئەو دوو ڕشتە ئێسقانەی ناو زارە، کە بۆ لەتکردن و جووین و هاڕینی خواردن بەکاردێت."[13]

کۆپڵەکە دوو رستەیە، یەکەم (خەبەرییە) – بکەر، کار، بەرکار- دووەمیش سەرسوڕمانە، بە ئامرازی سەرسورمان (ئێ) دەستپێدەکاو بە نیشانەی سەرسوڕمانیش کۆتایی دێ.

لە پشت مانا فەرەەنگییەکەیەوە. رستەکان مانای مەجازیان لەخۆگرتووە؛ کە بەهای فرمانی (Function) وشەکانی لە رستەیەکی ئاخاوتنی سادە، دەگوێزێتەوە بۆ فۆرمێکی ئاوازداری خەیاڵئامێزی کێشدار. قەڵاچنکراو بە هۆش و مەعریفەو هەستەوە، کە دوورە لە قسەی بازاڕی. (مردن) کۆد و کلیلی کردنەوەی لوغزی کۆپلەکەیەو ئامرازی گەیاندنی پەیامی مەبەستە. ئەفسانەو کەلتووری کوردەواری. لێرەدا، وجودێکیان هەیە.

لە کوردەواریدا:

ددان کەوتن ⟵ (ئاکامەی) ⟵ مردنە

خەون ⟵ (ئامرازی) ⟵ ئامانجەکانە

مردن ⟵ (هەنگاوی) ⟵ کۆتاییە

کەواتە ددان کەوتن ⟵ (ئاکامەکەی) ⟵ کۆتاییە.

(زینــدوو)ی شــاعیره ، کــه (مــردن) شــەرمــەزار دەکــا، هاوکێشــەکە ئــاوەژوو دەکاتەوە:

ددان کەوتن ⟵ خەون نەهاتنەدی ⟵ مردن

بەڵام شاعیر دەڵێ:

کەوتن ⟵ نامرادی ⟵ نــــەمــــردن (بەردەوام بوون)

گەرچی تەنکە تەمێکی ڕەشبینی لەم کۆپلەیەدا بەدی دەکرێ، کە شاعیر ئـــارەزووی دەرچــــوونی لــــەم زەمــــەن و مــــەکانــــەدا هەیــــە، بــــەڵام ڕووبەڕووبوونەوەیەکی روحیش لەگەڵ مەرگا لێرەدا وجودی هـەیـە. مـردن کەسێکی لاوازی بێ توانـای درۆزنـە و قسـەی خـۆی دەخواتـەوەو بـەرەنگاریی (بوونی) شاعیری پێ ناگرێ.

داڕشـتنی ئـەم کۆپلـەیـە، وەسـتاکارێکی پـڕ ووردەکـاری تێدایـە. ڕاڤـەی فۆلکلۆری کوردی بەم شێوەیە: کەوتنی ددانی پێشەوە لە خەوندا، پێشبینییە بۆ لەدەستدانی دایك، یان باوك، یان خوشك و برا یان منداڵ. کـەوتـنی ددانـی ژوورەوە کۆچ کردنی خزم و دۆست و ناسیاوە. لـە نهێنییـەکـان دوو بـارەکـەدا هاوکێشەی ددان کەوتن یەکسانە بە مردن. لێرەدا وەستاییەکـەی شـاعیر لـەوە دایە کە (ددان و خەونەکە) تەعبیری مەجازین بـۆ نیـازو ئومێـدو هیواکـان و ساتمەکردن و کەوتن و نەهاماتی . "ئێ مردن چ درۆزنە!" مەرگ خەجاڵـەتـە کـە نـەیتوانیـوە ئـەو لـەعـاردی بـدا، بۆیـە ئـەو بـەدەم گاڵتـەکـردن و تێـز پـێ کردنەوە ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوەو بـە درۆزنیشی لـەقـەڵـەم دەدا. شـاعیر گەمەیەکی بە ئامرازی سەرسوڕمان(!) کردووە: لە بری (ئای، ئەی، ئۆی، وای) ئامرازی (ئێ)ی بەکارهێناوە، کە بۆنی شیوەزاری کۆیەی پێوە دیارە، ئەمەیش بەمەبەستی هێز خستنە سەرو جەخـت کردنـەوەی سـەرسوڕمانەکە. کـە بـە

زاری کۆییانە دەڵێن (ئێ لەو پیاوە گێڵە!) گێلایەتییەکەی زۆر زێترە لەوەی کە بڵێین: (ئای لەو پیاوە چ گێڵە!). لە بری وشەی (چەند)یش وشەی (چ)ی داناوە، کە ئاوازدارو کورتبڕە.

ئەم کۆپلەیەم وەك نموونەیەك هێناوە، بۆ هەڵسەنگاندنی زمانی شیعریی (ئارام ساڵح)، کوردیش دەڵێ: مشتێ نموونەی خەرواریکە.. بە کورتی ئەو، خاوەن زمانێکی پاك و سادەو رەوان و خۆشئاوازو مانابەخشە. دەسەڵاتی بەسەر دەستەمۆکردنی وشەکان هەیە. تەسەنوع و تێخزاندن و داپاچینی وشەی لێ بەدی ناکرێ. هاوژین سلێوە دەڵێت: "شاعیر لە رێگای توانای شرۆڤەو دارشتن و هزری شیعری خۆیەوە، زمانی تایبەتی خۆی بەرهەم دەهێنێت."(١٤)

## تەوەری سێیەم

## بنیاتی وێنەی هونەری لە دەقەکاندا : (Poetic Images)

ئومێد ئاشنا بەم شیوەیە پێناسەی وێنەی شیعری دەکا: "وێنەی شیعری لە سادەترین مانایدا وێنەکێشانە بە وشە."[١٥] بۆ رەخنەگریش وێنەی شیعری رەگەزێکی بە بڕشت و هەمەڕەنگی دەقی شیعرە، کە لە سۆنگەی ئەوەوە شیعری جوان و پڕ هونەر و نەمر لە هی رەزاقورس و پووچ و زیواندار جیا دەکرێتەوە.

"بەکارهێنانی وێنە وەك پێوەرێکی رەخنەیی کارێکی وا ئاسان نییە، بەڵکو پێویستە رەچاوی گەلێك لایەن بکرێت، ئینجا لە رێگەی ئەم پێوەرەوە دەقە شیعریەکان هەڵسەنگێنرێن." ئەو کۆمەڵە رەگەزەی کە لە رێگای یەکگرتن و ئاوێتەبوونی یەکترەوە وێنەی هونەری دروست دەکەن بریتین لە: زمان (language)، بیر (Idea)، ئەندێشە(Imagination) بە هەموو شێوەکانیەوە: ئەندێشەی سەرەکی و لاوەکی و واقیعی. سۆز (Emotion) نەست (لاشعورUnconsciousness) .

ئەم رەگەزانە وەك دەستە قەڵەمێکی رەنگن، هەر هونەرمەندێك بە گوێرەی توانا و بەهرەو ئەزموونی تایبەتی خۆی وێنەی پێ دەکێشێت. سا با بزانین تیروکەوانی (ئارام ساڵح) لەم بوارەدا چەند بڕ دەکا.

لە کۆپلە شیعری (فریودان)دا دەڵێ:

***لاوکە سوورەکانی نسکۆ***

***ئەو هەموو زەرگی حەسرەتە***

***لە جەستەمان نقوم دەبێ و***

## دڵۆپە خوێنێکیش نابینن.(١٦)

بەکارهێنانی شێوازی هەستی گۆرکێ (Correspondence) لە بینای وێنەی هونەریدا، دەمێکە لە ئەدەبی رۆژئاوادا باوە، ئیمرۆش ئەدەبی کوردی ئەم شێوازەی قۆزتۆتەوە. گۆڕینەوەی هەستێ بە هەستێکی تر (بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، دەست لێدان) بنەمای زۆر وێنەی دلگیرن ئەگەر وەستایانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.. ئەوەی (ئارام ساڵح) لەم کۆپلەیەدا کردوویەتی، جێگۆرگێ کردنە لە نێوان هەستی (بیستن)و هەستی (بینین). (لاوك) وەك جۆرە گۆرانی و ئاوازێکی کوردی، بە هەستی (بیستن) چێژ و تام دەبەخشێ بە بیسەر. هەرچەندە لێرەدا، ئەوا (لاوکە سوورەکانی نسکۆ)ن کە لاوانەوەو پێدا هەڵگووتن و جوانکاری دەچڕن.، بەڵام لە کۆتایی کۆپلەکەدا چیتر ئەم دەنگ و سەدایەمان نایەنە بەر گوێ، بەڵکو وێنەی (جەستەو دڵۆپە خوێن) دێتە بەرچاومان، کە تەنیا لە رێگای هەستی (بینینەوە) دەرکی پێ دەکەین. ئەو دڵۆپە خوێنانە هی جەستەی لاوکە سوورەکانی نسکۆن. ئەمە نموونەی شیوازی بنیاتی وێنەی تاکە، کە چەند وێنەیەکی تاکی تری لەسەر بنیات کراوە.

شاعیر لە قەسیدەی (بەستن)دا دەڵێت:

***دەستی تەمەن***

***شل و کوت بوو***

***چەندی دەرگای هانا بکوتێ...***

***خۆ سۆزم ئاوی پێی داهات.***

***چەندی لەسەر پردی ئاراما بوەستێ.*** (١٧)

**بـەخشینی خاسیـەتـی هەسـتی بـەرجـەسـتەکـراو بـە شـتـە واتاییـەکان، بەخشینی سیفەتی گیانداران لە جوولەو هەسـتکردن و گـەشـەکردنـدا بـە بـێ گیانەکان شێوازێکی تری وێنە دارشتنە. شاعیر، لەم دەقەدا، تـەمـەنـی گۆڕیـوە بە مرۆڤ، دەست و چاوو ەەستەکانی هەیـە. ئـەم مرۆڤـە(تـەمـەن) شـەکـەت و کەنەفت و هـەناسـەسوار بـوو، هێنـدەی لـە (دەرگـای هانـا) بـدات. هـەمیسان (سۆز)یشی لـە شـێوەی ئـادەمیـزاددا بـەرجـەسـتە کـردووە، چونکە ئـەوە هـەر مرۆڤە لە چاوەڕوانییدا (ئاوی پێی دادێ).**

**لێـرەدا وێنـەی (تـەمـەنێکی) مانـدوو (سـۆزێکی) چاوەڕوانکـەر، چـەق بەرامبەر (دەرگای هانا) لـە نـاوەڕاستی (پـردی ئاراما) ڕاوەسـتاوە. ئـەم وێنـە شیعرییە ئارایشت کراوە بە رەنگی خەیاڵ و سۆز و ئاواز و جوولە.**

**لە دەقێکی ترا شاعیر دەڵێ:**

***لە وەرپسیم***
***مەئەنگزێ***
***لێ گەرێ با***
***لە گەرووی هیچ***
***چۆڕی ژیان بخۆمەوە.*** (١٨)

**شاعیر هونەرمەندانە وێنەیەکی شیعری کێشاوە بـە دەسـتکاری کردنـی شـتـە واتاییـەکـان، ئـەویـش بـە گواسـتنەوەیـان بـۆ خانـەی هـەسـت پیکـردن**

لەرێگەی بەخشینی تەن و قەبارەکان. بەتەن کردن (Embodiment) بەخشینی وەسفت مادەیە بە شتە نامادديیەکان (مەعنەوییەکان).

لەم وێنەدا ئەم زاراوە واتاییانە کراون بەم شەتە هەست پێ کراوانە:

وەڕسی ←——— مرۆڤ

هیچ ←——— گەروو

ژیان ←——— چۆڕی ئاو

شاعیر (ژیان)ی وەك فلیمێکی عەبەسی دێتە بەرچاو، تەواو لێی بێزاربووە. بەلاّم دەیەوێ لەناو ئەم بۆتە بەتاڵەی ژیانەوە، کە وەك (هیچ) وایە لە لای ئەو، چۆڕێ ئاوی ژیانی چەنگ کەوێ و گەروی خۆی پێ تەڕکات. ئەویش لە رێگای لێکدانەوەو شیکردنەوەو (خوێندنەوە)ی پەڕەکانی دڵۆپە دڵۆپی ئەو (چۆڕە....ژیان)ەیە، کە لە هیچەوە بەدەستی هێناوە. واتا، گەرچی شاعیر دڵنیایە لە بێ هوودەیی ژیان و بوون، هەر حەز دەکا خوێندنەوەیێکی خۆی بۆ ئەم ژیانە هەبێ.

(وەڕسی) بە مانای (وەڕست، وەڕز، جاڕز) بەکارهاتووە، (مەئەنگژێ) زێتر شێوەزاری کۆییانەی پێوە دیارە، واتا (هێرش و شالاّو و پەلامارم مەدە).

شاعیر لە دەقێکی تردا دەڵێ:

*گەر با لە خۆی رانەبینێت*

*چۆن دەوێرێت*

*بە بەرچاوی پایزەوە*

*کۆشی درەختەکان هەڵداتەوە.*(١٩)

لەوەتەی مرۆڤ هەیە، بە چاوێ سەیری دەورووپشتی خۆی کردووە و مامەڵەی لەگەڵ شتەکاندا کردووە هەر وەك بێ روح و بێ عەقڵەکانیش مرۆڤ بن و هەڵسوکەوتی مرۆڤیان هەبێ. ئێستایش لە هێندێ ولآتان کرنوش بۆ بوت و سەنەم دەبەن و بەجۆرێ رەفتاریان لەگەڵدا دەکەن وەك ئەوەی کە ئەوانیش خاوەن عەقڵ و هۆش بن. تەنانەت شتە دوورەکانی وەکو مانگ و ئەستێرەو خۆریش سیفەتی مرۆڤیان دراوەتێ. ئەم واقیعە لە ئەدەب و هونەریشا کۆنەو وجودی هەیە. بەکەسکردن (Personification) بەخشینی ژیان و روح بەبێ روحەکان زۆر وێنەی تەعبیری جوان و ناسك دەردەبڕن، گەر شاعیر کارامەیی لەم سنعەتەدا هەبێ. لەم کۆپلەدا شاعیر سێ رەگەزی بێ روحی کردووە بە مرۆڤ:




(با) گەنجێکی هەرزەکاری چاونەترسە، (پایز) دایکی کۆشێ کچی ناسك و نازدارە، (درەخت)یش کچۆڵەیەکی بە حەیا و حیشمەتەو پۆشاکدارە.

ئەوە (با)یە هەرزەکارە بوێرە و بێ ئەدەبە، لە بەرچاوی دایك (پایز) دەست بۆ کراسی کچۆڵە درەختەکان دەباو هەڵیان دەداتەوە. ئەم وێنەیە گرتەیەکی ئیرۆتیکی پڕ موچڕك دەبەخشێ.

شاعیر لە چەندەها کۆپلەی تریشا هەمان تەکنیکی بینای وێنەی هونەری بەکارهێناوە.

*درەختە رووتوقووتەکان*
*پاش وەی لە باوەشی پایز*
*گەرمەی هەوەس*
*بەسەردەبەن*
*دەچنە بەر دوشی باران و*
*غوسل لە خۆیان دەردەکەن!!*[٢٠]

لـەم کۆبـەرهـەمـەدا، (ئـارام سـاڵح) شـێوازی لێکچـوواندنی زۆرکـەم بەکارهێناوە. رەنگە ئەمەیش لە غروری شاعیر بێ، کە ئـەم تـەرحـە شـێوازە کلاسیکەو زێـتر حـەزی لـە شـێوازە تـازەکانـە. نهێنییـەکـان چـەنـدە شـاعیری بەتوانا دەتوانێ لە رەزا قورسترین دیمـەنـدا، ناسکترین وێنـە داتاشـێ. ئـەوەتـا دەڵێ:

*حەزەکانم*
*لە گوڵە (کەپرۆکە) دەچن*
*بەیانیان لە دایك دەبن*
*نیوەڕۆیان باڵا دەکەن و هەڵدەچن*
*هەرکە دەمەو ئێوارەش هات*
*گەڵای تەمەنیان دەوەرێ و*
*لەناو دەچن.*[٢١]

لێکچوواندن (Simile Style)" بـە سـادەتـرین جـۆرەکـانی وێـنـەی ڕەوانبێژی دادەندرێت، ئەمـەیـش زۆری بـەکارهێـنـانی دەگـەیـەنێت لـە کـۆن و

نوێدا، ئەم وێنە شیعرییە پشت بە دوو لایەنەوە دەبەستێت، بەلاّم ناتوانن بیانگەیننە پلەی بە یەك بوون، بەڵكو پەیوەندییەكە لە سەر بنەمای جیاوازی تەنیا هەر بە یەكێكیان بینات دەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بێ بەش نییە لە یەكگرتن و كارلەیەككردن."[٢٢] لەم كۆپلەدا ئەو (حەزەكانی) بە گوڵە (كەپرۆكە) چوواندووە لە دوو رووەوە: لە لایەك جوان و سەرنجڕاكێشەرن وەك گوڵ. لە لایەكی تریشەوە، تەمەن كورتن و لە رۆژێكدا هەر سێ قۆناغی (بوون) دەبینن: چرۆكردن، گەشەكردن، هەڵوەرین ئەگەر ئەم لێكچوواندنە بە واقیعی حاڵی شاعیر بچوێنین زۆر جوان یەكدەگرنەوە:

**حەزەكان : لێچوو**

**دەچن : ئەوزارە**

**گوڵە كەپرۆكە: لەوچوو**

ئەمەیش لێكچوواندنێكی داخراوە، بازنەكە تەنیا حەزو گوڵە كەپرۆكەی لەخۆ گرتووە، ماوە زەمەنەكەشی هەر رۆژێكە.

بڕوانە ئەم دەقە شیعرەی (ئارام):

***(با) حەسوودە***

***بۆ وەی نیگای پەپوولەیی ئەستێرەو مانگ***

***لەسەر لقی لەش و لاری رووتەوەبووی***

***درەختەكان هەڵنەنیشێ***

***بە هانكە هانك***

***دەست بۆ پەشمەی هەور دەباو***

***سەراپایان دادەپۆشێ.***[٢٣]

خواسـتن (Metaphor) وەك شـێوەیـەکـی تـری لێکچـوواندن، کەرستەیەکی بـە پێـزی ئیلهامی شاعیرە بـۆ دەربـڕینی وێنـەی شیعری چڕو سۆزدارو بەبڕشت. " خواستن، بەکارهێنانی وشەیەکە بـۆ مانایـەکی تـر، زۆر جـار لـە خواسـتندا، تـەنیا یـەکێك لـە بنـەما سـەرەکییـەکان دەردەکـەوێ، لێخواستراو زۆرتر دەردەکەوێ لە خواستراوە."[٢٤]

لەم کۆپلەی سەرەوە:

**لێخواستراو : نیگای پەپوولە**

**بۆخواستراو : جوانی و قەشەنگی**

**نیشانەی خواستن : (هەڵنشین لەسەر درەختەکان)**

لە سەرەتادا، لەسەر بنەمای بەکەسکردن، شاعیر سیفەتی حـەسادەت و غیرە دەداتە (با)، کاتێ مانگ و ئەستێرە جوان و پڕشنگدارەکان عاشقی لـەش و لاری رووتی درەختـەکانی پـایز دەبـن و دەیانـەوێ لـەئامێزیـان بگـرن، (بـا) حەسوودییان پـێ دەبـاو دێ هـەور دەکـا بـە پـەشمـەی دەوری تـەختـەبـەنـدو چوارپا، جوان دایان دەپۆشـێ، نـاهێڵێ کـەس، غـەیـری خـۆی، بیـانبینێ. وێنـە شـیعرییەکـە پانتایـەکـی فراوانـی هـە یـە ئاسمـان و سـەر زەوی، بـە مـانگ و ئەستێرەو درەخت و پەپوولەو پایز دەکاتە یەك تابلۆ و بـە هەسـتی (بیـنین) دەیبینین و بە هەستی (بیستن) گوێمان لە هانکە هانکی مانگە و، بـە لـەرەی ئاوازیش هەست بە جوولەی وێنەکە دەکەین.

(ئارام سالْح) خۆی لە قەرەی شێوازی وەسفی راستەوخۆ داوە (Direct Description)، شاعیر بە شێوازێ گوزارەو هەست و هۆشی سۆز و خەیاڵی شاعیرانەی خۆی دەردەبڕێ، کە لە حیکایەتخوان دەچێ، بە وشەی پاراو و مانابەخش ورد ورد وەسفی ئەم وێنەمان بۆ دەکات کە لە خەیاڵی خۆی کێشاویەتی، پەیامگریش، وەك تەماشاچییەك سەیری دەکا، وەك بڵێی فلیمێکی دۆکمێنتەری بۆ نمایش بکەن.

شاعیر لە هۆنراوەی (چەند لاوکێکی ناتەواو بۆ شارێك) سێ وێنەی شیعری لە سەر یەك قەڵاچن دەکاو لە تابلۆیەکی چوارچێوەدار رووداوی شارێکمان دەخاتە بەرچاو. ئەویش کارەساتەکەی (هەڵەبجە)یە. لە وەسفێکی راستەوخۆی : ئێوارەو شاعیر و ئاسمان و گەورەژنێك - لە خەمی هەڵەبجە تێدەگەی. کە دەڵێ:

*ئێوارە بوو*

*لەبەر بەرۆچکی بڕوادا*

*نیگای سرم هەڵخستبوو*

*لەپڕ بینیم*

*ئاسمانەکەی روحی گۆران*

*بە هورژم*

*فرمێسکی خوێنی داباران! گوتم هەبێ و نەبێ دیارە*

*گەورە ژنی ئەم سروشتە*

*کۆرپەیەکی خۆشەویستی لە دەست داوە!*

*ئەگەر نا...کوا*

*کەینێ گۆران وا گریاوە.*[٢٥]

هاوژین سلێوه دەڵێت: " کاتێ شاعیر بە بیرێکی قووڵ و بە هزرێکی خست و وشەو دەستەواژەی چڕوپڕ و کورت وێنەیەکی قەشەنگ پێشکەش دەکا و لە کۆپلە شیعرێك تێپەڕ ناکات ئەوا ئەم شێوازە دەقە دەکەوێتە ژێر ناونیشانی (بینای واژوی Singe)، کە هێندێ جار، مۆبایلە شیعر و برووسکە شیعرو پۆستەرە شیعرو پشکۆ شیعری پێ دەڵێن."[٢٦]

لەم کۆبەرهەمەی (ئارام سالّح)دا (٤٩) دەقە شیعری بینای واژوی تۆکمەدار بەرچاو دەکەوێ. شاعیر هەوڵی داوە هونەرمەندانە دایانڕێژێ و بیرمەندانە چڕیانکاتەوەو شاعیرانە لەناو کەرستەکانی شیعردا بیانپێچێتەوە. خەست کردنەوەی واتاو کەم کردنەوەی وشە بەبێ لەدەستدانی مەبەست کارێکی ئاسان نییە. ئەو دەڵێ:

*لە نێوانی*

*مێرگی نەوس و*

*گورگی ترسا*

*ئەم بەرخۆڵانەی ئارەزووم*

*چەند گوناهن!!*[٢٧]

مامۆستا کەمال غەمبار لەسەر ئەم کۆپلە دەنووسێ: "لێرەدا شاعیر خۆی بە نامۆ دێتە بەرچاو، کە حەزو ئارەزوو و نەوسی رووبەڕووی دیوارێکی ئەستوور دەبێتەوە کە لەگەڵ واقیعی بەرچاو ناگونجێن، دوو جەمسەری هاودژ ناگەن بەیەك."[٢٨]

کورتترین برووسکه شیعری (ئارام) کۆپلەی (١٣)یە لە (نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت)، کە بریتییە لە چوار وشە:

***دوورووییمان***
***لەوەدایە***
***راسپۆتینانە***
***نادوێین.***(٢٩)

داننەنانی مرۆڤ بەگوناهەکانی و درکاندنی راستییەکان وخۆ دزینەوە لە درۆ، زادەی بیرۆکەی ئەم کورتیلە شیعرەن.

بنیاتی کۆپلەیی (Stanza Verses) بە یەکێك لە پێکهاتەکانی وێنەی شیعری (گشتی) لە دەقی شیعریدا دادەنرێت.ئەم شێوازە دەمێکە لە ناو شیعری کوردیدا بوونی هەیە. چەند کۆپلەیەکی سەربەخۆ لەسەر یەکتر کەڵەکە دەکەن و دەقێکی تەواو دروست دەکەن. ئەم دەقە لە کۆشك و تەلارێ دەچێ، هەر نهۆمەی شێوازو دیکۆرو نەخشەی تایبەتمەندی خۆی پێوە دیارە، کەچی لەدەرەوەدا ئەم کۆشکە یەکەیەکی سەربەخۆ و خاوەن نەخشەو دیزاینی خۆیەتی، بەبێ ئەوەی دیوی ناوەوەی تەلارسازییەکە بشێوێنێ.

وەك لە بینای واژوی ئاماژەمان پێدا، زۆربەی دەقە شیعرییەکانی ئەم کۆبەرهەمە کورتیلە شیعرەن سا لەژێر هەر ناونیشانێك بن.. بنیاتی کۆپلەیی، لێرەدا، زێتر لەو دەقە شیعرییانە بەدی دەکری کە مام ناوەندین یان درێژن. بۆ نموونە، لە دەقی (پەلکەزێڕینە)دا شاعیر سێ وێنەی شیعری دەکێشێ بە هەرسێکیان قەسیدەیەکی ئێسك سووکی زیندوو دروست دەکەن وێنەکان فرێزی (ئەو شەوانەی) دەکەنە سەر کۆپڵە. دوای وێنەی گرمەگرمی

هەورێکمان دێتە بەرچاو، کە زامەکانی شاعیرن. لێرەشدا وێنەی بەتەن کردن بەکارهاتووە. ئەویش بە بەخشینی سیفەتەکانی هەور بە زام.

لە وێنەی دووەمدا (ئاسمان) خواستنە لەبری (هەور) و (تیشك) خواستنە لە بری (خۆر). بەرامبەر چەپکە تیشکێکی خۆر، تاوە بارانێکی بەخورِ دادابارێ، ئەویش فرمێسکی چاوی دایکە بەرامبەر خوێنی هەڵچووی دڵی شاعیر.

لە کۆپڵەی سێیەمیشدا، وێنە لە ناو وێنەدا، وەك ئاوێنەی بچکۆڵە لەدەرەوە دەدرەوشێتەوە. (چاوەکانم) لەسەر بنەمای بەتەن کردن دەبنە (گەردوون) (گەردوون)یش وێنەی ناوێکی واتایی دەچێتە پاڵ (بێداری)، لە ئاکامی ئەو چەپکە خۆرەی بەرامبەری رێژنەبارانەکە تیشك دەداتەوە. (پەلکەزێرِینە) هەموو دونیای (روح)ی شاعیر دادەگرێ، کە لێرەش (دونیا و روح) لەسەر بنەمای وەسف کردن تێکهەڵکێشراون. ئەمەیش دەقی شیعرەکەیە:

***ئەو شەوانەی کە هەوری زام دەگرمێنێ...***

***ئەو شەوانەی / کە ئاسمانی چاوی دایکێ***

***لەبەردەم تیشکی خوێنم دا***

*تاوە بارانی فرمێسك دەبارێنێ...*

*ئەو شەوانە*

*چاوەكانم / دەبنە گەردوونی بێداری و*

*سەرتاسەری دنیای رۆحم*

*پەلكەزێرینە دەنوێنێ!*[30]

لەم كۆبەرهەمەدا، دوا دەقە شیعری (بەستن) لەسەر بنەمای بیناتی وێنەی بازنەیی داخراو(Circular Structure)، هەڵچنراوە. هاوژین سلێوە وا پێناسەی ئەم زاراوەیە دەكا: "دووبارەكردنەوەی سەرەتایە بە كۆتایی، یان لە رێی دووپاتكردنەوە، شاعیر دەیەوێت شیعرێك بنووسێت بازنەیی بێت، وەك شەپۆڵ پەرە بسێنێت."[31]

لەم كۆپلەیەدا شاعیر بە دەستەواژەی (نانا نەخێر نەنووستووە) سەرەتاو كۆتایی بازنە داخراوەكە دروست دەكا. شاعیر سەركۆنەی مرۆڤایەتی دەكات، كە لەبەر بەرژەوەندی تەسكی تاكەكەسی دەرگای خۆشەویستی و سۆزو یارمەتی داخستووە. (ویژدان)ی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای بەتەن كردن، كردۆتە گۆمێ، كە ساردو سەرمای بێ ویژدانی ئاوەكەی بەستووە و كردوویەتی بە شەختەو بەستەڵەك. (وشكە سەرمای بەرژەوەندی) دوو وشەی واتایین، لەسەر بنەمای وەسفكردن چنراونەتەوە.

بنیاتی شێوەكاری (Artistic): لەمەڕ بنیاتی شێوەكاری شێركۆ بێكەس دەڵێ:" من پێم وایە، شیعر پەیوەندی زۆری بە هونەری تەشكیلی هەیە. چونكە شیعر بۆ گوێچكەیە وەك مۆسیقا، هونەری تەشكیلی بۆ چاوە، ئەو كاتەی شیعر قسەدەكا هونەری تەشكیلی تێكەڵ دەكا، ئەو كاتەی كە

چاوی زمان تیژ دەڕوانی لە ڕێگای وێنەوە هۆکاری بیستنیش بەهێزتر دەکا لای خوێنەر."[32]

(ئارام ساڵح) چەندین دیمەنی سروشت و ژیان و بوون و گەردوونمان بۆ دەکێشێ. لە کۆپلەی (١٨)ی (چەند وێنەیەکی ونبووی نێو ئەلبومی پایز) دا، شێوەکارانە وێنەی وەرزی پایز دەکێشێ . دڵی کردۆتە گوڵزارو هەناسەی کردۆتە بەهار. سینگ و بەرۆکی ئەم باغ وگوڵزارە و مل و گەردەنی ئەم بەهارەی بە خشڵ و زێڕو ئاڵتوونی زەرد رازاندۆتەوە. لێرەو پلپلەو پەلك و پوولەکەکانی ئەم زێڕ و ئاڵتوونە، گەڵا زەردە وەریوەکانی پایزن.

پایزی کردۆتە گەنجینەی زێڕ و زیوو، گەڵا زەردەکانیشی کردۆتە ئاڵتوونی ناو ئەم گەنجینەیە. لەسەر بنەمای وەسفکردن وێنە شیعرییەکەی کێشاوە. چاوی خوێنەری ئەم دیمەنەیە لە ڕێگای هەستی بینینەوە دەرك پێ دەکا. وشەی (دڵ) و (بەهار)یش تێکهەڵکێشانێك دروست دەکا لە نێوان خۆشەویست و روحی شاعیر لەگەڵ (بەهاری) دەستگیرانی شاعیر. ئەمە کۆپلەی (٨)ی پایزە:

***کێ دەڵێ تۆ***

***گەنجینەی پایزت نەدزیوە؟!***

***ئەی ئەوە هەموو***

***ئاڵتوونی گەڵا زەردە چییە....***

***بەسینەی گوڵزاری دڵ و***

### ***بە ملی بەهاری هەناسەت هەڵواسیوە؟!***[٣٣]

بێ گومان، هونەری کاریکاتێر، کە بوونێکی مێژووی کۆنی هەیە لە ژانرە جیا جیاکانی ئەدەب و هونەر، خاوەن توانایەکی ئەفسوناوی بە هێزە لە راکێشانی سەرنجی پایامگر. هەرچەندە کاریکاتێر شێوە هونەرێکی گاڵتەئامێزی شێوەکاریە بە مەبەستی توانج و رەخنە بە وێنەو نووسین یان بەبێ نووسین مەبەستی خۆی دەپێکێ. (ئارام ساڵح)یش، وەك چەندین شاعیری تر ئەم هونەرەی قۆزتۆتەوە بۆ گەورەکردنی بیرۆکەیەکی سەیرو سەمەری فەنتازی ئامێزی گاڵتەجار. لە کۆپلەی (فریودان)دا دەڵێ:

***سەیرن...سەیرن***
***/سوڕ دەزانین***
***سەپسێنکەکانی ئارەزوو***
***ئاو دیو سنووری زەمەنن***
***کەچی دەچینە سەر***
***بەرزترین لووتکەی درۆ***
***کەچە دووربینی بیردۆزان/ لە چاو دەکەین***[٣٤]

شاعیر / کاریکاتێرست دەڵێ: مرۆڤ هەموو ئارەزووەکانی بۆ دەستەبەر ناکرێت، کاریکاتێرەکە بەم شێوەیە: هەمووومان لەسەر بڵندترین شاخی درۆ و دەڵەسە وەستاوین و کۆنە دووربینی بیردۆزناسەکانمان بەدەستەوە گرتووەو چاومان دەگێڕین بۆ بەدیکردنی ئەو حەزو ئارەزووانەی بۆمان ناگیرێت.

شاعیر لەسەر بنەمای خواستن و وەسفکردن بیرۆکەکەی دەربڕیوە. (سەپسێن) ئەو کارمامزو کەڵەکێوی و نێچیرانەن کە سەگ و تانجی دەپسێنن و خۆیان بەدەستەوە نادەن.

بینای درامی (Drama Structure) : دراما، باوکە گەورەی هەموو هونەرەکان، لە وێنە شیعری (ئارام)دا وجودی هەیە. ئەو دەزانێ بیرۆکەیەك لە ناخیدا تەقیوەتەوەو هەموو رەگەزەکانی دراما، لە شوێن و کات و بابەت و ململانێ و حیوارو گفتوگۆ، لەناو دەقە شیعرێکا کۆدەکاتەوەو پەردەی نمایشی لەسەر لادەدا:

**شوێن : باغچەی لاوێ، لە شاری کچێك**

**کات: ساڵێکی بێ بەهار**

**ئەکتەری ١: دەنگێك لە غەیبەوە.**

**ئەکتەری ٢: شاعیرێکی قژ بەفر**

**ئەکتەری ٣: کچۆڵەی شارێکی بێ ناز.**

نمایشەکە: دەنگدانەوەی پرسیارێك / گریان و شین وهاواری کچۆڵەی شارێکی بێناز / قرتاندنی خونچەی لاویەتی / چەسپاندنی خونچە لە قژی کچۆڵە.

بنەماکان: هەستی بینین و هەستی بیستن / خواستن و بەتەنکردن و وەسفکردن. (بەهاریش) کچۆڵە دەستگیرانەکەی شاعیرە کە لاویەتیی خۆی پێشکەش کردووە. فەرموو لەگەڵ دەقەکەدا:

***(بەفر)***

***کە تۆ هێشتا***

***زستانی پیریت نەدیووە...***

***ئەی بۆ ئەم بەفرە ئەستوورە***

***چەمی قژتی داپۆشیوە؟؟!***

***ئەوە چونکە***

***لە ساڵێکی بێ بەهارا....***

***کچۆڵەی شارە بێ نازەکەم***

***بۆ گوڵ گریا...***

***منیش خونچەی***

***لاوێنی خۆم***

***بۆ قرتاندو***

***لە قژیم دا!***(٣٥)

لە بەکارهێنانی بیناتی چیرۆکی (Narrative Structure)، شاعیر هەموو رەگەزەکانی چیرۆك لە دەقێکدا کۆدەکاتەوە دەڵێ:

***ئێوارە بوو***

***لەسەر گۆڕەکەی نالیدا***

***نووری هەڵسا...***

***دیم شیعرێکی کەڵەگەت و نێوچەوانە***

***بەقەد باڵای***

***کچی خوێن باڵاگەردانە***

***گوتم: هەبێ و نەبێ دیارە***

***کەعبەی عەشق رووخێنراوە***

***ئەگەر نا..کوا کەینێ نالی***

***رووی هۆنراوەی لە حەبیبە وەرگێڕاوە؟!!***(٣٦)

کورتەی ئەم تەوەرە: شاعیر خاوەن ئەزموونێکی چڕوپڕە لە داهێنانی بنیاتی دەقەکانیدا. هەر چەندە ڕەگەزێکی تازە، یان ئیزافەیەکی بنیاتی شیعریی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام بێ ئاگاش نییە، لە سەین و بەینی دونیای شیعر. بەسەرکەوتووی دەبینم لە وێنەکانی، چونکە تا ڕادەیەکی باش خاڵین لە شێواندن و دزیکاری و خۆهەڵواسین و خۆ دووپاتکردنەوە.

تێکهەڵکێشانێکی زۆر لۆژیکی هەیە لە نێوان وشەو بێرەکە، ئاوازو برگە، خەیاڵ و واقیع.

ئەو چەندین وێنەی شیعری (جووڵاو و وەستاو واتایی و هەستیاری) هەیە، کە نامەوێ زێتر قسەی لەسەر بکەم.

## تـەوەری چوارەم

## سەرچاوەی وێنە لە كۆبەرهەمەكەدا

## (Image Sources & References)

لەم سەردەمەدا - سەردەمی زانیارییەكان- تەكنەلۆژیای تازە، بە هـەموو بابەتەكانییەوە، زانیاری و رۆشنبیری و زانست و مەعریفەتی گـەیاندۆتـە نـاو هـەموو ماڵێـك. بـە خێرایـی تـۆڕی ئینتـەرنێـت و شـەپۆلی دەنـگ و رەنـگ، زانیارییەكان لە هەر چوار جەمسەری دونیاوە دەگەنە بەردەستی تۆ.

ئەدیب و شـاعیری ئیمـڕۆ چـاك دەزانـێ، كـە بـەهـرەی خۆڕسـكی مـرۆڤ بـەس نییـە بـۆ وەدیهێنـانی داهێنـانی مـەزن. بۆیـە خـۆ دەوڵـەمەنـدكردن بـە مەعریفەت و تێگەیشـتن لـە گۆڕانكارییـەكانی دونیـای هونـەرو ئـەدەب بۆتـە خولیایەكی نەپساوەی ئەوان. شـاعیرانی كـورد، ئیمـڕۆ بـەئاسـانی، ئاشـنایەتـی شێوازێكی بنیاتی تازەی ئەدەبی (ژاپۆن)ی دەبن — بۆ نموونە- كە هەر چەنـد مانگێكە لەوێڕا سەری هەڵداوە.

(ئارام ساڵح)یش وەك یەكێك لەم شاعیرانە، هەمیشە خـەریكی خـۆ پـڕ چەككردن و مەشق و ڕاهێنانە لەم مەیدانەدا. سەرچاوەكانی زمانی كـوردی و زمانی عەرەبی زادو تێشوی مێشكی ئەو بوون. سەرچاوە زانیارییـەكانی ئـەو لـە سـێ رەهەنـدەوە جۆگـەڵـەی بـەسـتووە: وەك خوێنـدەوارو مامۆسـتایەك خەرمانێكی باشی بۆ خۆی هەڵداوەتەوە. وەك كـوڕە جوتیـارو بـاغچـەوانێـك،، ئـەزمـوونی منـداڵی خـۆی پاراسـتوەو لـە هونـەرەكـەشـیدا تـەوزیفی كـردووە. ڕەهەندی سێیەمیش، ژینگە فەرهەنگی و رۆشنبیری و سیاسی شاری كۆیەیە" ئەم شـارە لـە دێـرەزەمانـەوە بنكـەی زانسـت و ئـەدەبـی بـووە ڕۆڵـی كـارای لـە بوژاندنەوەی كلتووری كـوردی هـەبـووە"[٣٧]. نـابێ كاریگـەری بـەڕێـوەبـردن و

ئامادەكردن و بێژەری بەرنامەیەكی ئـەدەبـی، بـۆ مـاوەی دە سـاڵی ڕەبـەق، لـە كەناڵی تەلەفزیۆنی كۆیە، لەسەر كەسایەتی ئەو، فەرامۆش بكەین.

سەرچاوەی هونەری هەر شاعیرو ئەدیبێك دوو لایەن دەگرێتەوە:

١. سەرچاوەی خودی.

٢. سەرچاوەی بابەتی

٣. هاوژین سلێوە دەڵێ:" مـەبـەست لـە سـەرچـاوەی خـودی، تێـڕوانینی تایبەتی شاعیرە بۆ ئەزموونەكانی، گرنگی شاعیر بەوە بەدیاردەكەوێت، كە تـا چ ڕادەیەك ئەزموونە دەرەكییەكان بۆ ئەزموونی ناوەكی وەردەگێرێت."[٣٨]

داهێنانی وێنەیەكی هونەری لە لایەن ئەم شاعیرەوە، وەك ئەزموونێكی خۆرسك، لەم كۆپلە شیعرە دەخوێنینەوە، كە دەڵێ:

*هۆ سەگەكەم*

*خۆم لێ مەدە*

*با دەستنوێژی*

*وەفات نەشكێ*[٣٩]

كاڵ بوونەوەی بەها مرۆییـەكـان و، تووانـەوەی مۆڕاڵـە بنچینییەكـانی بوونی مرۆڤ، وەك پچڕانی پەیوەندییە رۆحییەكان و نەمانی وەفاو ئەمەك و خۆشەویستیی پاك بوونەتـە هـەوێنی ئـەم وێنـە شـیعرییە. شـاعیر حـەزناكا، پەیوەندییە مەزنەكەكەی نێـوان سـەگ و وەفـاداری، بـە دەسـتی پیسی مـرۆڤ گڵاو بێ . بەخشینی قودسییەتی دەستنوێژ بە سەگ، بەها قورسـەكـەی مـرۆڤ شەرمەزاردەكا. ئەمە قسە بەناوبانگەگەی ئینگلیزمان دێنێتەوە یاد كە دەڵێ: تا زۆرتر لە مرۆڤ نزیك دەبمەوە، سەگـەكـەم، لـە لا خۆشـەویست تـر دەبـێ."

ئەم وێنەیە خۆرسکە لەسەر بنەمای بە مرۆڤکردنی سەگ بنیات نراوە. کەمال غەمبار لە ئیشارەتێکی بۆ ئەم شیعرە دەنوسی:" ئەم تێڕوانینەی شاعیر، بەرەو حاڵەتێکی سەیرو سەمەرەمان دەبات، نایاسایی دەکاتە ئاسایی و، نامەعقوولیش دەکاتە ماقوول، ئەم هەڵگەڕانەوە لای مرۆڤی ئەمڕۆ، مرۆڤی وەفادار، نەك مرۆڤی سپڵەو بێ وەفا شتێکی قبوول و پەسندە. داهێنانی شیعریش لەوەوە دێ، کە پاساو هەبێ بۆ قبوولکردنی حاڵەتێکی ناماقوول و پەسندکردنی بە ماقوول."(٤٠)

تێکشکانی توخمەکانی ئەم وێنەیە بەم شێوەیە:

**مرۆڤ —— دەستنوێژ ——— تەهارەت و پاکی**

**سەگ —— خوێڕی و پیس —— گڵاو و حەرام**

**مرۆڤ X گڵاو X دەنەس و پیس**

**سەگ X دەستنوێژهەڵگر X پیرۆز**

**وەفاداری X سفر (بەتاڵبوونەوە)**

وێنەی هونەری خودی ترم لەبەردەستە. بەڵام دەچمە سەر پنتی دووەم کە سەرچاوەی بابەتییە:

زمان، سەرچاوەی دەقی شیعرە، بەڵام دەوڵەمەندکردنی زمانی شیعر بە بیرۆکەو وێنەو ئەزموونی هەموو سەرچاوەکان، توانای شاعیر بەهێزترو باڵاتر دەکەن. لەم رووەوە (ئارام ساڵح) زانیاری باشی هەڵکڕاندووە لە شیعری شاعیران و فولکلۆرو، ئەفسانەو، قسەی نەستەق و پەندو حکایەت و سەرچاوەی مرۆڤایەتی و ئاینی و مێژوو و کەلەپوور.... ژانرەکانی تری ئەدەب، سا بە شێوەیەکی راستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ. هەر بۆ نموونە ئەم وشەو دەستەواژانە بۆن و بەرامەی فۆلکلۆرو کەلەپووریان پێوە دیارە:

**/ به هەوەنتە درۆی سپی / سەرپەش / سندان / زمانی بە بڕین چی / لەسەر تەژگە درۆی دان / گوێچکە سوورتك بوون / قەل.. دەك خوایە رووی ڕەش بێ / سحر بە تاڵ دەبێ**

پەندی کوردی دەڵێ: بە تیغی دەم لباد، سەری دەبڕێ."شاعیر ئەم پەندەی تەوزیفکردووە بۆ دەربڕینی ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەیەك لەگەڵ گۆڕانکاریدا. دەڵێت:

***سەرمەستی ئەفسانەین..دەنا***

***ملی ئەم دێوی غوربەتە***

***بەم تیغە دەم لبادییە***

***چۆن دەبڕدرێت.***(٤١)

ژیانی جوتیاری و ژینگەی کۆیە زۆر وشەی جوانی داوەتە شاعیر، وەك:

**گوڵە کەپرۆکە / بەربەڕۆچك چەك بەرد / تەشق / دەستەچیلە/. پریاسکە / گۆنگەر / سەربەکوچك / سەپسینکە / پیرە شەوگەرد / توورەگە / دارسان / شە یڕە / مەئەنگژێ / شەڕگە / متوو/ زڕە دکتۆر .**

ئەو دەڵێ:

***هەی زمانی درۆ***

***بەبڕین چی***

***ئەی ئەوە نییە***

***ئێستەش بە کۆسەی جەنگ دەڵێن***

***بەڕیشی مەردانەت قەسەم.[٤٢]***

کاریگەری شاعیرانی تر، لە هێندێ دەقدا، بەسەر (ئارام ساڵح)ەوە دیارە. هەر بۆ نموونە: شیعرە بەناوبانگەکەی پیرەمێرد، لە وەسفکردنی سەر و قژی خۆی بە بەفر لێرەدا دیارە:

پیرەمێرد:

***سەر شەڕە تۆپڵێمە بۆ یاری. [٤٣]***

***ئام بەفرە و کەچی هێشتا.***

ئارام دەڵێ:

***کە تۆ هێشتا***

***زستانی پیریت نەدیووە***

***ئەی بۆ ئەم بەفرە ئەستوورە***

***چەمی قژتی داپۆشیوە.[٤٤]***

(ئارام) دەڵێ:

***(شانۆگەری)***

***خۆم ڕووداوم***

***کات: مردنە***

***شوێن دارەمەیتی گەردوونە.*** [٤٥]

عەلی تاهیر بەرزنجی دەڵێ: " شاعیر لە سەر تۆبۆگرافیای دەق کاری کردووە و سێ بونیادی کەی شانۆگەری لە فەزای دەقدا لە شێوەی ناسنامەدا تەوزیف کردووە. پێشتریش لە شیعری عەرەبیدا، بەتایبەتی لای (محمد الماغوگ) کار لە سەر ئەم شێوازە کراوە." [٤٦]

وەك پێشتر ئاماژەم پێ داوە، یەکێ لە سەرچاوە زانیارەییەکانی (ئارام) بەرهەمەکانی زمانی عەرەبین.

ئاین و فەلسەفەکانی ئاین بە ئاشکرا لەم کۆبەرهەمەدا جێ پەنجەیان دیارە،. ئەمەیش شارەزایی شاعیر نیشاندەدا لەم بوارەدا. زاراوەو واتاکانی خواپەرستی و ئاین لە زۆر شوێندا بۆ خزمەت دەق تەوزیفکراون. وەك:

**زیکر/ خەڵوەت/ غەیب بوون / شەیتان / فەتوا / بێهۆش / مینبەر / دۆزەخ / ئاگر / بەهەشت / روح / مەرگی ئەزەلی / گوناح / کەعبە / لەمەچێتر / رەجم کردم / ئادەم / سێو / سحر / انا الحق / بسم الله... .**

***لە زیکری***

***(لا الە الا الله)ی عەشقی دا***

***(انا الحق)م***

***ئەوە کەس نییە بمکوژێ.*** [٤٧]

ڕەووف بێگەرد لە کتێبی (بێ دەنگی و شتی تر) دەڵێ: "نووسین لەدوا جاردا هەوڵێکە بۆ ئاشنابوونەوە لەگەڵ خوادا."[48] ئاشتبوونەوەکەی (ئارام) لێرەدا بە کوشتن ئەنجام ئەدرێ، چونکە ئەو عەشقی خودایە. ئەم عەشقە (زوهدە) ئارام گرتنە لە بارەگای خوداو دوورکەوتنەوەیە لە هەموو گەنجینەیێکی دونیا، دڵترازانە لە هەموو تەماعێك. خۆ گەر لە ڕوانگەی سۆفیگەرییەوەش سەرنجی لێ بدەین دەبینین کە سۆفیگەری دوو لایەنی لە ناسینی خوادا هەیە. ناسینی حەق، واتا ناسینی یەکایەتی ئەو خودایەی، کە بە هۆی سیفەتەکانییەوە خۆی دەرخستووە. دووەمیش ناسینی حەقیقەت، ئەمەیش ڕێگای تێ ناچێ، چونکە مرۆڤ بەرگەی ئەو ڕاستییە ناگرێت: (ولا یحیگون بشیو من علمه.)[49].

(ئارام) دیسان دەڵێ:

*وام لە زیکری*

*بەردەوامی بێهوودەیی*

*بۆیە هەردەم*

*لە خەڵوەتی*

*نێو جەنگەڵی وشەستانا / غەیب دەبم.*[50]

لێرەدا فەرەیدوون بەرزنجی دەنووسێ: " دیارە هەموو دەزانین ئەو ڕوانگەیە کە (زیکر)و جەنگەڵ و غەیببوونی پێکەوە لە کۆپلەیەکدا بە مانای (عیبادات) و\(خەڵوەت) و (هەڵکێشانی روح) کۆکردۆتەوە، هەر هەمان ڕوانینی ئایینە کە لە زۆربەی دەقە ئایینی و ئەفسانەکانیشدا

بەرجەستەكراوە، بۆ تێڕوانینێكی میللی."[51]. ئەمەیش هەر ئامـاژەیـەكـە بـۆ دەست باڵای شاعیر لە مەیدانی ئەفسانەو ئاین و خواپەرستیدا.

زانیارییە گشتگیرییەكانی جیهان، بێ گومان گەیشتۆتە نـاو دڵ و گیـانی (ئـارام)یش، بۆیـە ڕەنگدانـەویـان زۆرە لـە بـەرهـەمـەكایـدا و وەسـتاكارییەكـی باشیشی كردووە تا لە ناو جەستەی دەقدا بیانتوویێنێتەوە و خۆشـییێكە بـدەن بە پـەیـامگر. ئـەو مامـەڵـەی جاونی كـردەوە لـەگـەڵ: (ئایـدیۆلۆژیا / چاخی خێرایی / یاسایی حەتمـی / ئیسـتاتیكا / فـەلسـەفـە / سیاسـەت / - ڤـالیۆم — ئـەسـپرین). كـە ئیشـارەوتـی بـەم ناوانـە داوە، چـەمكـێ بێرۆكـەو ناوئـاخنی دەربریوە: **ڕاسپوتین / هەمەنگوای / مۆنالیزا / گۆدۆ / سارتەر / هیتلەر / فرۆید ....**

هێرشەكەی كرایە سەر (گۆدۆ) بە چەقۆ بە مەبەستی كوشـتنی. شـاعیر وای تەوزیفكردووە لە دەقێكدا:

وەك بینیمان. (ئارام ساڵح)، خەرمانێكی باشێ هـەڵـداوەتـەوە بـە سـوود وەرگرتن لە دەوروبەری خۆی. نامەوێ، زێتر لەسەری بڕۆم.

***گەر زاكیرەی***
***تیژی چەقۆیەك نەبوایە***
***مێژووی زامی***
***لە چاوەڕوانی گۆدۆمان/ لە كیس دەچوو***[52]

## تەوەری پێنجەم

## بنیاتی کێش و ئاواز لە دەقەکاندا

## (metre & Tone Structure)

### یەکەم: کێش

دیارترین گۆڕانکاری کە لەم سەردەمەدا بەسەر شیعری کوردیدا هاتووە، بە کارهێنانی کێش و بڕگەیە، کە سەرچاوەکەی هونراوەی فۆلکلۆری کوردییە و لەسەر دەستی (شێخ نوری شێخ سالّح و گۆران)دا هاتە کایەوە. مەبەست لە کێشی بڕگە، (پەنجە ژمارەی بڕگەیە) کە لەسەر بنەمای یەکسان بوونی ژمارەی بڕگەکان لە نیوەدێرەکاندا دادەڕشترێت. (بڕگەیش Syllable) یەکەیەکی دەنگە لە ڤاولێك لەگەلّ یان بەبێ کۆنستانت پێك دێ)[٥٣]

ئەوەی کە جێگای سەرنجە، (ئارام سالّح) تەنیا کێشی چوار بڕگەیی لە کۆبەرهەمەکەیدا، بە گشتی، بەکارهێناوە. کە ئەویش لایەنێکی لاوازی ئەو لەم بوارەدا نیشان دەدا. باوڕناکەم شاعیر بۆ مەبەستێ ئەم کارەی کردبێ، کە وەستایی خۆی تێدا نیشان بدا، من زێتر وای بۆ دەچم کە لە بێ ئاگایی ئەو بێ، کە بەبێ ئەوەی بیری لێ کردبێتەوە، پارسەنگەگە، وا شکاوەتەوە.

لە کاتێکا، کە تەماشای نەخشەی هێلّکاری کێشی بڕگەی شیعری کوردی دەکەین دەبینین لە سێ بڕگەییەوە هەیە تا شانزدەو حەڤدە بڕگەیی.

(سەباح رەنجدەر) لە دەقێکی شانزدە بڕگەییدا دەلّێ:

***قەت لە بەرزاییەوە***

***تەماشای خوارەوەم نەکردووە***

***لە خوارەوە وەك رەنجی دلّ***

*له بەرزاییم ڕوانیوە.*[٥٤]

(ئارام سالّح) کێشی چوار بڕگەیی بە چەند ڕەهەندێکەوە لە گەڵ چەمکی بیروکەی دەقەکان دەستکاری کردووە. گەرچی ئەو لە زۆربەی زۆری دەقەکان کێشی لەسەر بنەمای ریتم بەکارهێناوە، بەلاّم لە هێندێ شوێنیشدا سنووری شکاندووە. (ریتم یەکەیەکی دەنگە لە زانستی مۆسیقادا. لە شیعریشدا بینای ئاوازە، بە دووبارەبوونەوەی لەناو نیودێردا، ئاوازێك بە ڕستە یان دەستەواژەکە دەبەخشێت. ریتمیش وەك (جان کوهێن) دەڵێ: "بە دوو هۆکار دروست دەبێ: یەکسانی ژمارەی هێزەکان و هاوسەنگی دابەش بوونی هێزەکان ."[٥٥]

ئەو (**کێشی هاوسەنگی**)، زۆر بەکارهێناوە. وەك:

**بۆ ئەوەی روحم ٤**
**نەخۆش نەبێ ٤**
**جارجار سەرم ٤**
**سەرخۆش دەکەم.**[٥٦] **٤**

لە چەند دەقێکیشا (**کێشی تێکشاو**)ی بەکارهێناوە. لەسەر بنەمای (٢ / ٤ / ٦ / ٨) بڕگەیی. مەرجیش نییە (٨) بڕگەگە بریتی بێ لە (٤+٤) بەڵکو دەکرێ لە پێناوی ناوەرۆکدا دەقی (٣+٥) بەکار بێت:

***سارتەر*** **٢**
***بەسەر*** **٢**

***لێوی کچی نائومێدی*** ***٤+٤***

***خەندەکەی مۆنالیزایە*** (٥٧) ***٥+٣***

(**کێشی تێکەڵ**) - وەك لە ناوەکەی دیارە، چەند ریتمێکی جیا تێکەڵ بەیەکتر - لە چەند دەقێکدا دێنە بەرگوێ. ئەمەیش بۆ وەدەستهێنانی ئاوازێکی رەهاتر بەکارهاتووە:

**هەرکە مێژوو** **٤**

**زمانی گۆی کرد** **٤**

**مرۆڤ** **١**

**یەکەمین درۆی کرد.**(٥٨) **٥**

شاعیر هێندێ کاری لەسەر (**کاڵ بوونەوەی کێش**)یش کردووە، وەك هەوڵێك بۆ تێکشکاندنی هەموو رەچەڵەکەکانی کێش و بڕگە. بەلاَم ئەم کارەی نەکردۆتە شێوە زمانێکی شیعر نووسینی خۆی، وەك هێندی لە شاعیرەکان .

ئەو دەڵێ:

**لەڕەقی** **٣**

**ڕەنگی عەشقم مەپرسە** **٧**

**ئەمیبیای دڵم** **٥**

**لە بەردەڵان گەورە بووە** **٨**

شاعیر دەیتوانی ئەم دەقە شیعرە بکاتە (١٠+١٢) بڕگە و ئاوازێکی خۆشتری پێ ببەخشێ. بەلاَم دیارە بە ئەنقەست وای نەکردووە.

## دووەم: ئاوازی دەقەکان (The Tune of the Texts)

کە مرۆڤ، بە مەبەستی پشوودان و سەیران و پیاسەکردنەوە، دەچێتە ناو ڕەزو باغ و دارستانێك، ئەوە هەر دیمەنە دلگیرو قەشەنگەکانی بەژن و بالای درەختەکان و کولمی سوور وئالی گولەباغەکان و نیگاری رەنگینی بالی پەپوولەکان و بریسکەی بن سکی ماسسییەکان نین، کە غەم و پەژارەو پەستی لەبیر دەبەنەوەو هێمنییەك بە دڵ و دەروونی دەبەخشن، بەڵکو لە پاڵ ئەم هەموو جوانییە، جریوە جریوی باڵندەکان و وشە وشی گەلای داران و خورەخوری ئاوی جۆگە و رووبارەکان و چەندەها دەنگی تری بوونەوەرەکان و سروشت دەڕژێنە ناو گوێچکەی و دەمار دەمار بەناو لەشیدا گوزەر دەکەن.

باغی شیعریش، هەمان سروشتی هەیە. ئەوە هەر وێنە هونەرییەکەی دەقە شیعرەکە نییە، کە سەرسامت دەکا، بەڵکو دەنگ و ئاوازو مۆسیقای ناو دەقەکەش رۆڵی بەرچاویان لەم کاردانەوەیەدا هەیە. سا بۆئەوەی خوێنەر چێژێکی خۆشتر لە شیعر وەربگرێ، پێوستی بە گوێچکەیەکی موسیقی هەیە، رەنگ بێ معەریفەیەکی سەرەتایی لە زانستی دەنگسازیدا رێخۆشکەری ئەم مەبەستە بێ. "دەنگسازی (Phonetics) زانستێکی زمانەوانییە، دراسەتی چۆنیەتی بەرجەستەکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن دەکا."[٥٩] ئاخاوتنیش تەنیا بریتی نییە لە پیکەوەهاتنی چەند ڤاوڵ و کونستانتێکی جیاواز. چونکە ئەو دەنگانە لەنێو کەرتی فراوانتردا رێك دەخرێن. بۆ نموونە (هێز Stress) کە خەسڵەتی خودی وشەیە ئاوازو مانای تایبەتی دەبەخشێ لەناو دەقدا. پلەی ئاوازی دەنگ (pitch) وە بەرزو نزمی ئاوازەکان لەگەڵ یەکتردا (Intonation) ئاوازێك دەبەخشێ. " ئاواز(Intonation) ئاماژەیە بۆ

جیاوازیی پلەی دەنگ و هێز، ئەم جیاوازییەش ریتم تاو دەدا بە ئاوازیەی(Tune) کە دەنگ بەرهەم دێنێ لە ئاخاوتنی ئاساییدا." (٦٠)

هەمیشەشاعیران، وەك هونەرمەندانی مۆزیکژەن، هەموو کەرەستەکانی دەنگ لە فۆنیم و پیت و برگەو هێزو نەغمەو قافیە، بە مەبەستی خزمەتکردنی بیرۆکەی دەق بەکاردەهێنن. شاعیر لە ڕێگەی هونەری دەنگەوە دەتوانێ زمانی خۆی دروست بکات و پەنگی سینگی خۆی پێ دەربڕێ.

بۆ شیکارکردنی ئاوازی دەق لە هۆنراوەکانی (ئارام سالّح)دا، وا باشترە هەر دوو دیوەکەی بنیاتی دەنگسازی هەڵبسەنگێنیین : **ئاوازی دەرەوەو ئاوازی ناوەوەی دەق.**

مەبەست لە ئاوازی دەرەوە وەك دکتۆر (شاهۆ سەعید سالّح) ئاماژەی بۆ کردووە:" تەبایی دەنگە، لە نێوان پیت و برگەو یەکە ئاوازییەکان، کە بە پێی پێوەرەکانی کۆن و نوێ بۆ کێش و قافیە دابین دەکرێت."[٦١]

(ئارام سالّح) لە هۆنراوەی (بەستن) دەڵێ:

**نا...نا.. نەخێر نەنوستووە ٨**
**وەئاگایە و ٤**
**وشکە سەرمای بەرژەوەندی ٨**
**گۆمی ویژدانی بەستووە ٨**
**نا...نا....نەخێر نەنوستووە.[٦٢] ٨**

ئەم دەقە. لە رووی ئاوازەوە، کێشی (٤+٨) برگەیەو لەسەر تەلێکی ئاوازدار هەڵخراوە. سەرەتاو کۆتایی بازنەیەکی ئاوازی داخراوی دەورە دراوە

به (نا..نا نەخێر نەنوستووە). قافییەی (نوستووە / بەستووە / نوستووە) دەنگدانەوەییێکی خۆشی هەیە.

"یەکێك لە بنەماکانی تێگەیشتنی هەر دەنگێك جوولەی دەنگ و ئاوازەکەیەتی، تا خوێنەر هەست بە قوولآیی ئەزموونی شیعر بکات وکاریگەری پۆزەتیفی لەسەر دروست بێت، چونکە ئاواز رەگەزێکی دەقە."[٦٣] لەم پنتەوە، گەر سەیری ئەم دەقەی خوارەوە بکەین، تێ دەگەین کە شاعیر چۆن مامەڵەی لەگەڵ بنیاتی ئاوازی سەربەست و بنیاتی ئاوازی کراوە کردووە، بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە روحی دەق.

کۆپلەی (١٥) نهێنییەکان دەڵێ:

زێڵووی نامۆیی ٤
لەناو گەرووی ٤
بوونم دایە ٤
هەر بۆیەشە ٤
هەردەم متوی ٤
بەرهەتاوی نائومێدیم !![٦٤] ٨

لە دەرئەنجامی شیکارکردنی ئاوازی ئەم دەقە (١٢) وشەیە، دەردەکەوێ، کە شاعیر چەند وەستایانە مامەڵەی لەگەڵ ئاواز و جوولەی ئاوازدا کردووە. سەیرکەن چۆن ئەم دەنگانە لە دیوی ناوەوەی دەقدا ریزکراوەن:

{٢ێ / ٩ی / ٤ وی / ٢ ۆی / ٣ نا / ٣ هەر / ٢ یە / گە، یە، شە، هە، دە، بە، لە / ناو، تاو، نائ، / گەور، هەر، بەر، هەت، دەم / مۆ، تۆ، بۆ، ئۆ / لۆ، رو،

**بو، تو / دەم، دیم / زێڵووی، گەرووی، متووی / نا، تا / لەناو، هەتاو/ نامۆ. نائو / زێ، مێ / مۆی، بۆی/ نم، یم، وم، ئەم }**

ئەم کۆئاوازە، کە بریتییە لە کۆمەڵێك پەیوەندی بەیەکداچوو، کە بە هەستی بیستن، دەرکیان پێ دەکرێ، پارچە مۆسیقایەکی شیعری دەژەنن و دەبنە بەشێك لە شوێن و زەمەن و رووداوی دەقەکە، ئەم ئاوازانە تا رادەیەکی باش دەلالەتی واتایی فەرهەنگی شاراوەی وشەکان بەرجەستە دەکەن.

**سێیەم: تۆبۆگرافیای کۆبەرهەمەکە**

**(Tobography 0f the Collection):**

لەبەر گرنگی هەستی بینین، شاعیران هێندێ جار دەقەکانیان، لە سەر رووی نەخشەسازی و هێڵکاریەکدا دەخەنە روو، کە چەمکی دەلالەت و هێماو رەمز لە ناو شێوە نووسینەکانیاندا دەشارنەوە." ئەم لادانە بەتایبەتی لە شیعری نوێدا هەن. شاعیر پەیوەست نابێ بە تۆبۆگرافیایەکی دیاری کراو، بەڵکو ئازادانە وشەکانی دابەشی سەر پەڕە دەکات و سەرەنجام شێوازێکی تایبەت بۆ خۆی وەردەگرێت."[٦٥].

تۆبۆگرافیایەکەی – یان ستایلی دابەشکردنی وشەکان - لە (نهێنییەکان ی ژێر لێوی حەقیقەت) دا، هیچ نۆێکاریەکی، یان داهێنانێکی تازەی پێوە دیار نییە کە بتوانرێت وەك ئیزافەیەکی هونەری بخرێتە سەر ئەم نەخشەسازییە. شاعیر نەیتوانیوە، لە نێو بازنەی لاسایی کردنەوەی هاورییەکانی سەردەمی خۆی دەرچێ. تەنانەت لە چەند شونێکدا، کەم شارەزایی لەم بوارەدا، نیمچە شێواندنێکی بە روو دەقەکەدا دروست کردووە. نهێنییەکان بۆ نموونە دەکرێ تۆبۆگرافییای ئەم دەقەی خوارەوە بە شێوەهێکی گاریگەرتر بنوسرێت:

ئەو دەنووسێ:

دوورووییمان ٤

لەوەدایە ٤

ڕاسپوتینانە ٥

نادوێین![٦٥] ٣

ئەم شێوازەی خوارەوە، جوانتر و رێکترە بۆ ئەم دەقە شیعرە:

| | |
|---|---|
| دوورپوییمان | ٤ |
| لەوەدایە | ٤ |
| ڕاسپوتینانە نادوێن![٦٦] | ٨ |

(ئەحمەدی مەلا) لەبارەی ستایل و شێواز و فەرهەنگی تایبەتی شاعیر دەڵێت: "ئەمەیش پەیوەندی بە تۆڕی چمکەوە هەیە. بەلاّم سنووری ئەو تایبەتمەندییە لە کوێ دەست پێ دەکاو لە کوێ کۆتایی دێت، شیعریش وەك مۆسیقایە، ناتوانێ فێڵ بکات. یان ئەوەتا گوێچکەمان قبووڵی دەکا یان رەتی دەکاتەوە."[٦٧].

دەبینین (سەباح رەنجدەر) لە تەکنیکی تازەی دەقدا هەوڵی پراکتیزەکردنی ستراتیژیەتی تۆبۆگرافیای خۆی داوە بە بەکارهێنانی ستایلی تازە. (١٤٧) جار وشەی (بۆ)ی بەمەبەستی نەخشەسازییێکی کاریگەر دووبارە کردۆتەوە وێنەیەکی تەشکیلی یان هێڵکاری کێشاوە:

*ئەستێرە*

*بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ*

*بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ*

**بۆ بۆ بۆ**

**بۆ**

**بۆ بۆ بۆ**

**بۆ بۆ بۆ بۆ**

**بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ**

**بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ**

***ئەستێرە ئەگەر بە رۆژ بە ئاسمانەوە بوایە***

***خۆر گەرمی دەکردەوە. نادوێنا[٦٨]***

### *ژینگەی دەروونی شاعیر - هەست و هۆش –*
### *( The Mood & The Tune)*

ئەو پرسیارەی کە زۆر بەسەر زارانەوەیە ئەوەیە: سیحری شیعر لە چیی دایە؟ (یاکۆسن) دەڵێ: "شیعرییەت بەو پرسیارەوە خەریك دەبێ. کە چ شتێك پەیامی قسەیی دەگۆڕێت بۆ بەرهەمی شیعری"[٦٩] هەر کەسێ وەرامێکی پێیە. بەلاّم خۆ شاعیر خولّقێنەری شیعرەو، شیعریش وەك رەگەزەکانی تری ئەدەب پەیڤە. هەرچەندە میتۆدی رەخنەی شیکاری بنیاتی شیعر هیچ خۆی بە باری کۆمەلاّیەتی و دەروونی شاعیرەوە خەریك ناکات، بەلاّم هێندێ جار شکاندنی قۆزاخەی سیحری شیعر پێویستی بە راڤەکردن و شۆڕبوونەوە بۆ ناخی شاعیر هەیە. لە پشت بیرو خەیالّ و سۆز و ئیلهامی شاعیرەوە، (نەست- لاشعور) گەنجینەو باغ و خەرمانی ئەزموونەکانی شاعیرن و رۆڵی لە دروست کردنی زمانی شاعیر هەیە.

ئـەوە تێڕامـانی بـەسـەرهـات و ڕۆژانـی تـەمـەنـی شـاعیرە، کـە دەقـە زینـدووەکـان دەخـوڵقێنێ. هـاوژین سـلێوە دەڵـێ: "شـیعر بـەشـێکی زمـانی زیندەخەوە، پارییـەکـە لـە نێـوان خـەون و بێـداری، دۆنـاو دۆنێکـە لـە نێـوان ئاگایی و نائاگایی"[٧٠].

داهێنانی گەورە پێویستی بە ئەزموونی مـەزن و کاریگـەر هەیـە. بـەڵام ڕاستگۆیی و سدق لە دەقی ئـەدەبیـدا، بـە ئاوێنـەی ژیـان دادەنـدرێت. ئـەوەتـا مامۆسـتا (کـەمـال غـەمبـار) لـەبـارەی ژینگـەی دەروونـی (ئـارام)دا دەنوسـێ: "شـاعیر بـەحـوکمی ئـەو ژیانـە پـڕ مـەینـەت و ئـازارەی تێـیدا ژیـاوە جـۆرە تەمێکـی ڕەشـبینی بـەسـەر شـیعرەکانییـەوە بـەدی دەکـرێ و مـرۆڤیش خـۆی ڕەنگدانـەوەی واقیعـی ژیانــە."[٧١] مـن لـەم دەروازەوە دەچـمە نـاو کـرۆکـی باسەکەوە: یەکەم پەڕی کۆبەرهەمەکەی (ئارام) بریتییە لە (پێشکەش)، ئـەو ئەم بەرهەمەی پێشکەش بـە ئـازیزترین روح کـردووە. نـاوی ئـەو زاتـە (لـەم پێشکەشە)دا چوار جار لـە چـوار کورتـە دێـردا دووبـارە بۆتـەوە. بـە ((گیـانی پاکی (بەهـار) دەسـت پـێ دەکـاو بـە (بـە تـەنیـایی و کـەسـەرێکی گـەورەی تـا هەتایی سپاردم)) کۆتایی دێ.

(بـەهـار) نـە مرۆڤێکـی پـەراوێزکـراوە، نـە وەرزێکـی عـومر کـورتی نـەورۆزپۆشـە لـە دڵ و دەروونـی شـاعیردا. (بـەهـار) یـەکسانە بـە بـوون و پارسەنگی گـەردوون، یـەکسانە بـە جوانی روح و ماهیـەتـی خـودا لـە روحـی (ئارامدا). دوورکەوتنەوەی (بەهار) هەموو پارسـەنگـەکانی لارکـردەوە و تاڵـە موویێکی باریك باریکی لە نێوان بوون و نەبوودا هێشتۆتەوە. ئاخر شاعیر لە پۆپەی لاویەتی دابوو کە ئەو(بەهار)ەی دەبوایە چەنـد سـاتێکی تـر، سـیحری عیشق و موحیبەتی حـەقیقـی خـۆی، بـێ شـەرم، بکاتـە چـەپکـەگوڵی شـەوی پـەردە. هـەر ئـەم (بـەهـار)ە لـە چـرکە سـاتێکدا - کـە هـەرگیز چـاوەڕوان

نەكراوبوو- باڵەكانی لێكداو بەرز فڕی و زۆر بەرز فڕی تا لە توانای بینینی چاو نەما، بۆیە رۆح بەدواوەیەتی.

دایكی (ئارام) دەگێڕێتەوە: شەو تا سەحەر (ئارام) لە دیوی قەلەندەرخانەی (ژوورەكەی) كۆڵ كۆڵ دەگریاو من و باوكە پیرەكەشی لەم دیوی دەرگاكە لەبەر سۆزی ئەو قوڕمان دەپێوا، نە سەرما، نە گەرمامان نەدەزانی." كەواتە، لە هەر شوێنێ وشەی (غەم و فرمێسكتان) دی ئەوە (غەم)ی بەراستین و(فرمێسك)ی واقیعێكی تاڵن، نەك غەم و فرمێسكی دەمامك كراو. لێرەدا دێمەوە سەر باسی ناونیشانی كۆبەرهەمەكە. وەك لە تەوەری یەكەمدا ئاماژەم پێكرد - ناونیشانێكی دووڕوو، درۆزن، بەتاڵ نییە. بەڵكو ئاوێنەیەكی بچكۆڵەی ژیانە سەختەكەی شاعیرە. ئەو دەزانێ (حەقیقەت) بۆ بەرجەستە ناكرێ، مەحاڵە، بۆیە، بە ناچارێ بەدوای خوداو حەق و ئاگرو خۆرو ئەستێرە دەكەوێتە سەوداسەری، سەوداسەریەك نە سەرەتای هەیەو نە كۆتایی. بڕوانە چۆن خودو بابەتی لە دەقە شیعرێكدا كۆكردۆتەوە، كە مەغزای قووڵی دڵی شاعیر دەردەبڕێ:

*لە نێو چیمەنی روحمدا*
*هەموو گوڵەكان دەوەرن*
*تەنیا گوڵە پایز نەبێ؟!*[71].

## ئەنجام

(ئارام سالْح) لە كۆبەرهەمەيدا، هەنگاوێكى بەرچاوى لە بوارى شيعردا هاويشتووە. لە بەراوردكردنى لەگەڵ بەرهەمەكەى پێشوويدا، شانبەشانى نوێخوازى شەقامى شيعرى كوردى هەنگاو دەنێ و تواناى داهێنانى تێدايە گەر باشتر مامەڵە لەگەڵ هەموو رەگەزەكانى ئەم هونەرەدا بكات.

شيعرەكانى سادەو هەڵگرێ پەيامن. دەتوانم بڵێم كە سيفەتى جيهانگەرى – تايبەت بە هەموو جيهان (Cosmopolite) لە كۆبەرهەمەكەيدا هەيە. واتا خوێنەرێكى فەرەنسى يان يۆنانى يان بەرازيلى، وەك خۆمان چێژ لە شيعرەكان وەردەگرن و خۆيان لە ناوياندا دەدۆزنەوە. ئەمەيش جۆرى لە مەزنى و نەمرى (The Sublime) بە كۆبەرهەمەكە دەبەخشێ.

## سەرچاوەکان


(١) محمود عبدالوهاب. پريا النص مدخل لدراسه العنوان القصصى، الموسوعه الصغيره. دار الشؤون الپقافيه .بغداد، ١٩٩٥

(٢) ئارام سالْح. نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت. چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥. ل٣٠

(٣) د. عبدالقادر حمد امين محمد، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوریدا.. مەڵبەندی کوردۆلۆجی. چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم. سلێمانی. ساڵێ ٢٠٠٨،، ل ١٦

(٤) سەرچاوەی (٢) ل. ٨٩

(٥) کەمال غەمبار، گۆڤاری کاروان. ژ ٢٠٣، ساڵی ٢٠٠٦

(٦) سەرچاوەی(٢) ل. ٥٥

(٧) سەرچاوەی(٢) ل. ٧٣

(٨) سەرچاوەی (٥)

(٩) عبدالسلام بن عبدالعال. وەرگێڕانی نەوزاد احمد اسود. دەربارەی میتۆدی هاوچەرخ. دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی موکریانی، ساڵی ٢٠٠١. ل ٢٧٥

(١٠) . پرۆفیسۆر ه. د. ویدۆوسن و. لە ئینگلییزییەوە د. هۆشەنگ فاروق، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، چاپخانەی خانی، ساڵی ٢٠٠٨، ل ٢٠

(١١) سەرچاوەی (١٠). ل ٣٧

(١٢) سەرچاوەی(٢) . ل. ٣٤

(١٣) هەژار. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە . چاپخانەی پویا. چاپی یەکەم. ساڵی ١٣٦٩ف. ل ٢٨٥

(١٤) هاوژین سڵێوە عیسا، بنیاتی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا .
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی . ٢٠٠٩، ل ٤٦
(١٥) ئومێد ئاشنا. ئەشکی باوان و بەرهەمی بڵاوکراوە لە یادی کامەران
موکری. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوی ئاراس. هەولێر ٢٠٠١
(١٦) سەرچاوەی (٢) ل. ٥٨
(١٧) سەرچاوەی (٢) ل. ٨٦
(١٨) سەرچاوەی (٢) ل. ٣٩
(١٩) سەرچاوەی (٢) ل. ٥٤
(٢٠) سەرچاوەی (٢). ل.٥١
(٢١) سەرچاوەی (٢) ل.٧٥
(٢٢) سەرچاوەی (١٣)
(٢٣) سەرچاوەی (٢) ل. ٥٧
(٢٤) سەرچاوەی (١٣)
(٢٥) سەرچاوەی (٢) ل. ٨٠
(٢٦) سەرچاوەی (١٣) (ل ١٠٧)
(٢٧) سەرچاوەی (٢) ل. ١٠
(٢٨) سەرچاوەی (٥)
(٢٩) سەرچاوەی (٢) ل. ٢٢
(٣٠) سەرچاوەی (٢) ل. ٩٠
(٣١) سەرچاوەی (١٣). ل ١٢١
(٣٢) سەرچاوەی (١٣)
(٣٣) سەرچاوەی (٢) ل. ٥٦
(٣٤) سەرچاوەی (٢) . ل.٦٥

(٣٥) سەرچاوەی (٢) . ل. ٧٨

(٣٦) سەرچاوەی (٢). ل. ٨٠

(٣٧) جەمال فەتحولآ تـەیب. کۆیـە ١٩١٨ - ١٩٥٨ مێـژووی سیاسـی. چاپخانەی شەهاب. هەولێر. چاپی دووەم ٢٠٠٨ . ل ١٣٢

(٣٨) سەرچاوەی (١٣)

(٣٩) سەرچاوەی (٢) . ل.١٨

(٤٠) سەرچاوەی (٥)

(٤١) سەرچاوەی(٢) . ل.٤٥

(٤٢) سەرچاوەی (٢) . ل. ٦٤

(٤٣) ئومێـد ئاشـنا. پـیرەمێـرد پێداچـوونـەوەیـەکـی ژیـان و بـەرهـەمـەکـانی. دەزگای چاپو بلآوکردنەوەی ئاراس. چاپی دووەم. ٢٠٠٩.

(٤٤) سەرچاوەی (٢) .ل. ٦٧

(٤٥) سەرچاوە (٢). ل. ٧٣

(٤٦) عـەلـی تـاهیر بـەرزنجی. خوێندنـەوەیـەك بـۆ نهێنییـەکانی ژێـر لێـوی حەقیقەت. رۆژنامەی کوردستانی نوێ .ژ: ٤٠٧٩. ٢١/ ٩/ ٢٠٠٦ ل ٧

(٤٧) سەرچاوە (٢) .ل.٣٥

(٤٨) نووسـەران و هـەڵبـژاردنی مـەرگ. ئـارام سـدیق. کتێبخانـەی کـوردی. ماڵپەڕی کوردستان نێت.

(٤٩) قورئانی پیرۆز، سورەتی البقرە (١٨٩)

(٥٠) سەرچاوەی (٢).ل. ١٢

(٥١) فەریدوون پێنجوێنی، کوردستانی نوێ. ژ ٥٢٧ لە ١٥ / ٣ / ٢٠٠٧ ل: ٧

(٥٢) سەرچاوەی (٢). ل. ٤١

(٥٣) سەرچاوەی (١٠)، ل ١٥٢

(٥٤) سەباح ڕەنجدەر. ساڵی سفر، چاپخانەی کەمال. سلێمانی ٢٠١٠. ل ١٥٩

(٥٥) ئەکادیمی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی. چاپخانەی هاشم، ژ: ١٤، ٢٠١٠، ل ٣٥

(٥٦) سەرچاوەی (٢). ل.٢٣

(٥٧) سەرچاوەی (٢). ل. ٣٠

(٥٨) سەرچاوەی (٢). ل.٤٤

(٥٩) سەرچاوەی (١٠) ل ٦٤

(٦٠) سەرچاوەی (١٠)، ل ١٤٣

(٦١) د. شاهۆ سەعید ساڵح. دلالات البناو الایقاعی فی الشعر. رساله ماجستیر. کلیه اللغات- جامعه السلیمانیه. ١٩٩٩ ص ١٦

(٦٢) سەرچاوەی (٢).ل. ٨٧

(٦٣) سەرچاوەی (٣)

(٦٤) سەرچاوەی (٤٥)، ل ٢٣

(٦٥) سەرچاوەی (٢).ل.٢٢

(٦٦) ئەحمەد مەلا، شیعر تەنیا نهێنییەکان بنەمایە، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٩

(٦٧) سەرچاوەی (٥٦)

(٦٨) د. فوئاد رەشید. دەقی ئەدەبی، ئەدگار، چێژ، بەها، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس. چاپی یەکەم هەولێر. ٢٠٠٧ ، ل ٦

(٦٩) سەرچاوەی (١٣)، ل ٧٣

(٧٠) سەرچاوەی (٥)

(٧١) سەر چاوەی(٢) ل(٥٥)

# ملخص البحث

يتناول البحث المجموعة الشعرية (اسرار تحت شفة الحقيقة) للشاعر (آرام صالح) وفق منهج النقد التحليلي الحديث. وقد قسم البحث على خمسة محاور تتقدمها مقدمة الموضوع بالاشارة الي العناصر المكونة للبحث واسباب اختياره ثم نتائجه.

المحور الاول يتناول جماليات عناوين النصوص من حيث التعبير والحركة والاثارة والدلالات الحسية وعلاقاتها بمضامين النصوص. بالاضافة الي اختزال معنى العبارتين (الاسرار والحقيقة) في روح النصوص.

اما المحور الثاني فيتضمن دراسة عن بنية النصوص من حيث اللغة وعناصر النصوص وصياغتة الشعرية والقدرة اللغوية للشاعر وملامح سمات التجديد فيها .

والمحور الثالث تطرق الي الصورة الفنية من حيث تحليل البناء الشعري للنصوص ومكوناتها الفنية والقيمتها الادبية.

اما المحور الرابع فيضم المصادر الذاتية والمصادر الموضوعية عند الشاعر، من مصادر الادب القومي الى مصادر الانسانية مرورا بمصادر التراث الشعبي والاساطير.

والمحور الاخير يشمل الوزن الشعري والايقاع الداخلي والخارجي للنصوص، ثم الوقوف على التصميم الفني للنصوص، وختم البحث بالتحليل النفسي للنصوص.

***استخلص البحث هذا جوانب الضعف الفني والابداع الادبي للشاعر في كل المحاور الخمسة المذكور كلها .***

# *Abstract*

The research is a new analytical approach of the poetry collection (Secrets Under The Lips Of Fact) by the contemporary poet (Aram Salih). In addition to the introduction it consists of five chapers.

The first chapter analyzes the aesthetics of the titles, examining the movement, attraction and linguistic symbols of them. It clarifies the concepts of (Secrets and Fact) with their existence in the texts.

The second chapter deals with the structure of the poems. Studying its language, the poetic elements, their constructions and the poet's consciousness of his native language, and features of any new poetic inventions.

The third chapter analyzes the structure of the artistic imagery in the poems Treating the components and artistic values.

The fourth chapter includes the subjective and objective sources of his poetry, such as, national literature, folklore sources and the humanistic sources.

The last chapter treats the poetic metres, tone and mood of the poet. It concludes with the psychological analysis of the poems.

The advantages and disadvantages of the poetic elements are mentioned in each chapter.

كۆتایی

كۆیـه (٢٠١٠)

---

ئـەم لێكۆڵیبـەوە لـە ژمـارە (١٨)ی گۆڤـاری ( ئـەكادیمی) سـاڵی (٢٠١١) بڵاوكراوەتەوە.

## پـرۆفایلی نـووسـە ر



- (فازیل شەورۆ) لە شاری (کۆیە) لە ساڵی (١٩٥١) لە دایکبووە .
- (١٩٧٥) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب - بغدا- وەرگرتووە.
- (١٩٧٢) یەکەم شیعری لە رۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە .
- (١٩٨٢ - ١٩٩١) هەشت پێشەنگای هونەری و فۆلکلۆری لە شارەکانی کوردستانی باشور کردۆتەوە.
- (٢٠٠٢) خەڵاتی شانۆگەری (شەهید)ی لە شاری (سرتی) وڵاتی (لیبیا) پێبەخشرا .
- (٢٠٠٤) خەڵاتی شاری (دبلن) ی خزمەتگوزاری لە وڵاتی (ئایرلەندا) پێبەخشرا.
- (٢٠١٠) خەڵاتی (سید برا یمی) پێبەخشرا.
- (٢٠١١) خەڵاتی پەروەردەی کۆیەی وەرگرت .

- (٢٠١٢) خەلاتی( فیستیڤاڵی شیعری نەتەوەی کورد ) ی لە هەولێر پێبەخشرا .
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە .
- (٢٠١١) (کۆترێك لە ئاگر) کۆمەڵە شیعر.
- (٢٠١٢) (ا دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی)ی دا - رەخنە.
- چالاکە لە بلاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە و نووسین و سیمینار پێشکەشکردن دەربارەی ئەدەب و پەروەردە و کۆمەڵناسی .